فایلی

ململانێی ئێران - ئەمەریکا

KATEHON
BREAKING NEWS

گەمە مەترسیدارەکە

ترامپ شەڕی دراوەکان لەگەڵ تاران دەکات

فریدریك ویلیام ئینگدال
لە عەرەبییەوە: کارناس جوبرائیل

ئەو بەرپرسە موحافیزکارە تازانەی لە دەوری دۆنالّد ترامپ، سەرۆکی ئەمەریکان، بە تایبەتی جۆن بۆلّتون، سەرۆکی ئاساییشی نەتەوەیی ئەمەریکا و مایك پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوە، ئەوەیان ڕاگەیاندوە، کە لە دیدی ئیدارەی واشنتۆن پێویستە دەسەلاتی ئێستای ئێران بگۆڕێت، یان لانی کەم هەوڵ بدات کێرڤی سزا ئابووریەکان و دۆخی ناسەقامگیر و ئالّۆزی ئەو وڵاتە کەم بکرێتەوە. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەڕەشەی تازەنەکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دەکات، هەر چەند ئەمە هەنگاوێکی کۆشکی سپیە کە دەوڵەتە بەشدارەکانی تر لە واژۆکردنی پێیان باش نییە، چونکە هەنگاوێکە لەو بڕوایەدان ئێران بەرەو قەیرانێکی ئابووریی بەهێز ببات، لە کاتێکدا پێ ناچێت بتوانێت تا سەر بەرگەی بگرێت.

بەهـای دراوی نیشـتمانیی ئێـران (ڕیاڵـی ئێرانـی) بـە شـێوەیەکی زۆر دابەزیـوە، ئەمەیـش گومانـی زۆری دروسـت کـردوە سـەبارەت بـە کڕینـی دۆلار لـە بـازاڕی ڕەش و سـەرهەڵدانی قەیرانێکـی ناوخۆییـی بەهێـز، کـە تا دێـت زیاتـر پـەرە دەسـێنێت. هەڕەشـە و گۆڕانکارییـەکان لـە چوارچێـوەی ململانێکانـی خۆرئـاوا و ئێـران ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن، کـە گەمەیەکـی قێـزەون لـە لایـەن هاوپەیمانـە سـەرەکییەکانی واشـنتۆن لـە ناوچەکـە عەرەبسـتانی سـعوودیە و ئیماراتـی عەرەبـی بوونـی هەیـە و بـە گـەڕ خـراوە لـە پێنـاو لاوازکردنـی دراوی ئێرانـی. لـە ڕاسـتیدا لـە کانوونـی یەکەمـی سـاڵی 2017دا شـەپۆلێك تووڕەیـی و ناڕەزایـی ئێرانـی گرتـەوە، بـە هـۆی لاوازبوونـی ئابـووری و بەرزبوونـەوەی ڕێژەکانـی بێـکاری و دابەزینـی نرخـی دراو. سـەرەتا حکوومەتـی تـاران پەنجـەی تۆمەتـی ئاراسـتەی هەندێـك لـە دەوڵەتانـی بیانـی کـرد و هـەزاران کەسـی دەسـتگیر کـرد، بەڵکـوو ناچـار بـوو دانـی پێـدا بنێـت، کـە سـکاڵا و ناڕەزاییەکانـی خەڵکـی ئێـران لـە پـای خراپیـی دۆخـی ئابـووری ڕەوایـە و پێویسـتە بـە پەلـە چارەسـەر بکرێـت. لەگـەڵ زیادبوونـی ئاسـتی هەڵئاوسـان بـە ڕێـژەی 14%، سـەرەڕای لابردنـی هەندێـك لـە سـزاکانی خۆرئـاوا و بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی بێـکاری گەنجـان بـۆ ئاسـتی 25%، حکوومەتـی حەسـەن ڕۆحانـی بەڵێنـی دا بـە وریاییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ قەیرانـی ئابووریـدا بـکات.

شـەڕی دراوەکان دەسـتی پـێ کـرد و قەبـارەی ناڕەزاییەکانـی خەڵکـی ئێـران بـەرە بـەرە کەمبـوەوە، بـەڵام ئـەوەی ئێسـتا ڕوو دەدات زۆر مەترسـیدارترە لـە سـەر سـەقامگیریی ناوخۆییـی ئێـران. ئەمـە شـێوازێکی ناڕوونـە لـە فۆڕمەکانـی شـەڕی دارایـی، کـە لـە لایـەن واشـنتۆنەوە لـە دژی ئێـران پیـادە دەکرێـت. بێگومـان سـەرهەڵدانی ئـەم دۆخـە ئالّـۆزە، ئێرانییەکانـی تووشـی تـرس و دڵەڕاوکـێ کـردوە و هانیـان دەدات تـا دەسـتبەرداری دراوی ئێرانـی بـن لـە هەوڵێکـی بێهـودەدا بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی دۆلار، کـە هاوکاتـە لەگـەڵ دابەزینـی بەهـای (ڕیـاڵ) بـۆ نزمتریـن ئاسـتەکانی، کـە ئێـران لـە دوای شۆڕشـی ئیسـلامی لـە سـاڵی 1979وە بـە خۆیـەوە نەبینیـوە. ئـەو کاتـەی ترامـپ دوا جـار واژۆی لـە سـەر ڕێککەوتنـی ئەتۆمیـی ئێـران کـرد، هەڕەشـەی ئـەوەی کـرد، کـە ڕەزامەنـدی لـە سـەر ڕێککەوتنەکـە دەرنابڕێـت ئەگـەر ئـەو ڕێککەوتنـە نەبێتـە هـۆی بەدیهێنانـی پێشـکەوتنی ڕیشـەیی لەگـەڵ ئێـران و ئەورووپییـەکان، بـە جۆرێـك کـە داماڵینـی موشـەکە بالیسـتییەکانی ئێـران و ڕاگرتنـی هاوکارییەکانـی بـۆ حزبوللّای لوبنـان نەگرێتـە خـۆ، کـە لـە ئێسـتادا هێزێکـی

گرنگترین ئامانجەکانی ئەمەریکا لە جڵەوکردنی جموجووڵەکانی ئێران

گرنگترین ئامانجەکانی ئەمەریکا لە دژی ئێران	ڕێکار و میکانیزمە نزیك مەودا و دوور مەوداکان
دروستکردنی قەیرانی ئابووری کەمەرشکێن و پچڕینی پەیوەندیە ئابوورییەکانی ئێران لەگەڵ جیهان	سەپاندنی سزاکان، ڕێگری لە چالاکی بازرگانی، بەگەڕخستنی گەمەی دراوە بیانییەکان، بێبەها کردنی تمەن، کشانەوەی کۆمپانیاکان لە ئێران
بەگژدا کردنی هێزە هەرێمیە دراوسێکان لە بەرامبەر ئێران	هاندانی عەرەبستانی سعودی و ئیمارات و میسر بۆ دروستکردنی بەرەیەکی بێزارکەر بۆ ئێران بە هاوکاری ئەمەریکا و ئیسرائیل
دروستکردنی ترس و نیگەرانی لەناو خەڵکی ئێران لە بەرامبەر دەسەلاتداران و حکومەت	زەمینە سازی بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە دژی باڵی موخافیزکارانی ئێران وەك ئەوەی لە تاران و مەشهەد ڕوویدا
لاوازکردنی بەرەی هێزەکانی سەر بە ئێران لە پاش جڵەوکردن و لاوازکردنی ڕابەرەکەیان	ڕاگرتنی پەلهاویشتنی ئێران لە لوبنان (حیزبوڵڵا)، یەمەن (حوسییەکان)، عێراق (حەشدی شەعبی و ڕەوتە شیعیەکانی سەر بە ئێران)
خنکاندن و نینۆککردنی ڕۆڵی هەرێمیی ئێران لە ناوچەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست	جێبەجێکردنی ستراتیژی دوور مەودای ئەمەریکا بە هاوکاری ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداو، لەگەڵ بێدەنگ کردنی ئەورووپییەکان
لاوازکردنی ڕۆڵ پێگەی جیۆستراتیژی ئێران لە گەروی هورمز، ئۆقیانوسی هندی، دەریای عەدەن	دروستکردنی پەیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ ڕووسیا و چین و پڕچەککردنی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی کەنداوو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست
ڕازی کردنی ڕووسەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران لە سوریا	بەرفراوان کردنی ڕووبەری ڕۆڵی سەربازی ڕووسیا لە سوریا
جێبەجێ کردنی "بەڵگەنامەی نەهێنی نێوان ئیسرائیل و ئەمەریکا بۆ جڵەوکردنی جموجووڵەکانی ئێران	هەڵگیرساندنی شەڕێکی ئیسرائیلی – سعودی – کەنداوی بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا و پشتیوانی ناڕاستەوخۆی میسر و ئەردەن

گرینگ و کاریگەرە لە شەڕی سووریا. سەرەڕای ئەوەی کە لە دوای سوککردنی سزا سەپێنراوەکانی سەر ئێران ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد و باڵانسی تەرازووی بازرگانیی ئێران بەرز بوەوە، چونکە بە بەهای 50 ملیار دۆلار نەوتی فرۆشت و بە بەهای 40 ملیاریش شمەك و کاڵا نانەوتییەکانی هەناردەی دەرەوە کرد، بەڵام لە ساڵی 2017 تەنها بە بەهای 50 ملیار دۆلار شمەك و کاڵای لە دەرەوە هاوردە کردوە.

ئێستا حکوومەتەکەی حەسەن ڕۆحانی هەستاوە بە جێگیرکردنی نرخێکی دووسەرە و پێکەوەبەستنەوەی نرخی بازاڕ لەگەڵ نرخی فەرمیی بانکی ناوەندیی ئێران و دیاریکردنی بە 42000 تمەن بۆ هەر دۆلارێك، بەڵام ئەمەیش هەنگاوێکی بێهودەیە و ناتوانێت ڕێگە لە کەوتنی بەهای دراوی ئێرانی بگرێت. ئامانجی سەرەکیی سەرجەم ئەو لێپرسراوە موخافیزکارە تازانەی ئەمەریکا، کە سیاسەتەکانی دۆنالد ترامپ و حکوومەتی ناتانیاهۆ بەڕێوە دەبەن، بریتییە لە دەرهێنانی ئێران

وردەکارییەکانی گۆڕینی بەهای ڕیاڵی ئێرانی بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی - 2018

دۆلاری ئەمەریکی	ڕیاڵی ئێرانی
1	42,494.00
2	84,988.00
4	169,976.00
5	212,470.00
10	424,940.00
20	849,880.00
25	1,062,350.00
50	2,124,700.00
100	4,249,400.00
200	8,498,800.00
250	10,623,500.00
500	21,247,000.00
1000	42,494,000.00
2000	84,988,000.00
2500	106,235,000.00
5000	212,470,000.00
10000	424,940,000.00
20000	849,880,000.00
25000	1,062,350,000.00
50000	2,124,700,000.00
100000	4,249,400,000.00
200000	8,498,800,000.00
500000	21,247,000,000.00
1000000	42,494,000,000.00

لە زۆنگاوی سووریا. نیکی هالی، باڵیۆزی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی (فۆکس نیوز)ی ئەمەریکی ئاشکرای کردوە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنها لە دوای جێبەجێکردنی 3 مەرج لە سووریا دەکشێتەوە: «ڕاگرتنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن ڕژێمی ئەسەد، تێکشکانی داعش بە تەواوی، چاودێریکردنی ئێرانییەکان»، ئەمەیش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە هێزەکانی ئەمەریکا لەم قۆناغەدا پلانیان داڕشتوە بۆ مانەوەیەکی ماوەدرێژ لە سووریا.

ئایا هالی مەبەستی لە بەکارهێنانی دەستەواژی «چاودێریکردنی ئێرانییەکان» چییە؟

بەرئەنجامە ڕوون و ئاشکراکانی سزا تازە و قورسەکان لە بەرانبەر کۆمپانیاکانی ڕۆسال و کۆمپانیکانی تری ڕووسیا، لە پاڵ دابەزینی نرخی ڕۆبڵی ڕووسی و لەگەڵ دۆسیەی سکریپاڵ، هەروەها وەرگرتنی ڕاپۆرتی ساختە و نادروست لە کڵاو سپیەکانەوە دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە غوتە، هەمووی بە ئامانجی ئەوەیە، کە هاوکاری و یارمەتییەکانی ڕووسیا بۆ بوونی سەربازیی ئێران لە سووریا لاواز بکات.

هاوکێشەکانی هێز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

پێداگریکردنی ئەمەریکا لە سەر کەمکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک بوو لە خاڵە جەوهەرییەکانی کارنامەی لوتکەی نێوان دۆناڵد ترامپ و ڤلادیمێر پۆتین لە هلسنکی پایتەختی فینلەندا، بەڵام لە پێش دەستپێکردنی لوتکەی هلسنکی، ئەمەریکا هەڵمەتێکی دەست پێ کرد بۆ سەپاندنی سزای نوێ و گۆشەگیرکردنی ئێران بە شێوەیەکی بێوێنە لە لایەن ئیدارەی ترامپ-وە، کە پێداگریکردنە لە سەر خنکاندن و نینۆککردنی ڕۆڵی هەرێمیی ئێران لە ناوچەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەم کارەیشدا ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداو بە تووندی پشتیوانیی لێ دەکەن، ئەمەیش لە بەرانبەر بێدەنگیی ئەورووپییەکان و ڕەتکردنەوەی بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە لایەن ڕووسیا و چین و تورکیا. ئەوەی ئیدارەی واشنتۆن لە چوارچێوەی دانوستان داوای دەکات، لە بواری سەربازیدا بە دەستی نەهێناوە، بۆ نموونە سەبارەت بەو بارودۆخەی ئێستا لە عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن کڵپەی سەندوە، کەواتە چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی لوتکەیەکی سیاسییەوە لەگەڵ ڕووسیا ئەنجامی باشی لەگەڵ ئێران دەست بکەوێت، لە کاتێکدا مۆسکۆ پشتیوانی لێ دەکات، بۆیە هۆکارەکان ڕوونن.

لەبەر ئەوەی ئێران پێگەیەکی بەهێزی لە دەوڵەتانی دراوسێی وڵاتانی کەنداو وەک عێراق و یەمەن هەیە، ڕۆڵی گرینگ و بەرچاویش دەگێڕێت لە سەر خاکی سووریا و لوبنان، کە هەر دووکیان دراوسێن لەگەڵ فەلەستین (ئیسرائیل)، ئەمە لە کاتێکدایە کە کلیلەکانی تێپەڕ بوون بە گەرووی هورمز بەرەو دەریای عەدەن و ئۆقیانووسی هندی و بابولمەندەب و تا دەگاتە کەناڵی سوێس بە دەست ئێرانەوەیە، ئەمەیش بێگومان ڕۆڵی ستراتیژی بە ئێران دەبەخشێت تا وەک دەوڵەتێکی خاوەن پێگە و هێز ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و لە پرسە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا جێدەستی دیار بێت. کەواتە ئێران هێزێکی هاوسەنگ و پێگەدارە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەک کلیلەکانی گەمەی ئاساییش و سەقامگیری بە دەستەوەیە، لە لایەکی تریشەوە کلیلی شەڕی بە دەستەوەیە، کە خۆی لێ دەپارێزێت. لەبەر ئەم هۆکارانە ئەمەریکییەکان تا ئەوپەڕی بێزارن، چونکە هەست بەو هێزە دەکەن، کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانیان دەکات، بە تایبەتی وڵاتێکی وەک ئێران، کە هێزی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاکانی لە خۆیدا کۆ کردوەتەوە، بە تایبەتی لە ئەفغانستان و پاکستان و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، کە بەشێکی زۆری دانیشتوانەکانیان لە ڕەچەڵەکی ئیتنی فارسین و خۆیان لە سەر بەرەنگاربوونەوەی پێگە و دەسەڵاتی ئەمەریکا ڕاهێناوە.

گەشەکردنی پێگەی ئێران لە سەر حسابی پاشەکشەکردنی ڕۆڵی ئیسرائیل، سعوودیە و تورکیا هەندێک فاکتەری تریش هەن، کە یارمەتیدەرن لە دروستکردنی نیگەرانی بۆ ئەمەریکا، کە پێوەندیدارن بە بێتوانایی دەوڵەتانی سەر بە ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە ناتوانن بگۆڕێن بۆ چەند هێزێکی هەرێمیی هاوشان و هاوتەرا لە ناوچەکەدا. ئیسرائیل بەردەوام زۆر نیگەرانە لە هەڵکشانی ڕۆڵ و پێگەی ئێران لەبەر چەند هۆکارێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئەمنی، هەروەها شانشینی سعوودیە، کە لە تەواوی جیهانی ئیسلامی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێگەی جارانی لە دەست داوە، ئەمەیش بە هۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی کلکایەتی و پاشکۆیەتی بۆ ئەمەریکا و ئیسرائیل، تا ئەو سنورەی، کە وای کردوە ببێتە ئامرازێک بە دەست ئەمەریکا و ئیسرائیل لە شەڕەکانی یەمەن، سووریا، عێراق، لیبیا و لوبنان. ئێستا شتێک نەماوە بە ناوی سیاسەتی هەرێمیی سعوودیە، ئەمەیش بوەتە هۆی لاوازکردن و سنوردارکردنی پێگە و کاریگەرییەکانی لە سەر گۆڕانکارییەکان و پرس و

کێشەکانی کەنداو و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. تورکیایش لای خۆیەوە گۆڕاوە بۆ هێزێکی ئالوودەی ئاژاوە، لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان ئەمەریکا-ڕووسیا بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی سادە و ساکار بگێڕێت لە گۆڕانکارییەکاندا، کە ئەمەیش لەگەڵ قەبارەی وەك دەوڵەت وێك نایاتەوە. لە بەرانبەریش ڕۆڵی هەرێمیی ئێران فراوانتر دەبێت و گەشە دەکات تا بتوانێت کێبرکێ لەگەڵ پێگەی ئەمەریکادا بکات، هەر چەند لەگەڵیدا نابەرانبەر لە ڕووی توانا و هەژموونی ئابووری و سەربازی، هەر چەند ئێران تەواو فۆکسی خستوەتە سەر هەر دوو فاکتەری ئایدیۆلۆژیای دینی (ئیسلام) و هاوپەیمانێتیی سیاسی لەگەڵ ڕووسیا و چین، وەك دوو هێزی خاوەن پێگە

شەڕی دراوەکان دەستی پێ کرد و قەبارەی ناڕەزاییەکانی خەڵکی ئێران بەرە بەرە کەمبوەوە. بەڵام ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات زۆر مەترسیدارترە لە سەر سەقامگیریی ناوخۆیی ئێران. ئەمە شێوازێکی ناڕوونە لە فۆرمەکانی شەڕی دارایی، کە لە لایەن واشنتۆنەوە لە دژی ئێران پیادە دەکرێت

و حسابێوکراو لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی. ئەمانەن ئەو فاکتەرە قووڵانەی، کە ئەمەریکایان هەڵناوە بۆ دەستپێکردنی شەڕێکی ئابووریی قەبە و کەموێنە لە مێژوودا، کە نەخشەڕێگەی بۆ دادەڕێژرێت بە مەبەستی پچڕینی پێوەندییە ئابوورییەکانی ئێران لەگەڵ هەموو جیهان و ڕێگەگرتن لێی تا نەتوانێت لە هیچ کەناڵێکەوە نەوتەکەی بفرۆشێت بە ڕێگەی ناچارکردنی دەوڵەتانی کڕیار بۆ ئەوەی نەوت لە ئێران نەکڕن و مامەڵە لەگەڵ ئەڵتەرناتیڤی سعوودیدا بکەن. لێرەدا ئامانجەکان ڕوونن، واتا زەمینەخۆشکردن بۆ دروستکردنی تەقینەوەی ناوخۆیی لە ئێران بە هۆی هەرەسهێنانی ئابوورییەوە، کە چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوو بدات، ئەمەیش بێگومان دەبێتە هۆی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی بە فۆرمی هەژارەکان، پاشان بە تەقینەوەی ئیتنی (بلوچ، کورد، عەرەبەکان) کۆتایی پێ دێت و سنووری تێکدانی پێوەندییەکانی نێوان فارسەکان و ئازەرییەکانیش تێدەپەڕێنێت.

هەندێك ئاماژە هەن ئاستی قورسیی داواکارییەکانی ئەمەریکا لە ئێران ئاشکرا دەکەن، هەر چەند هەڵوێستی ئەوروواپییەکان لەگەڵ ململانێ و هێرشی ئەمەریکا لە دژی ئێران ناگونجێت، ئەوە لەبەر کۆمەڵێك فاکتەری سیاسی و ئابووری، بۆیە هەوڵ دەدەن ئەمەریکا کار بکات بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە لەگەڵ ئێران لە سەر بنەمای بەدیهێنانی هەژموونی ئابووریی زیاتری ئەمەریکا لە بەرانبەر گەشەسەندنی پێگەی ئێران. بە دیاریکراوییش ئەمەریکا ئەمەی دەوێت، بەڵام بە بەرگی سیاسی و ئەخلاقی پەردەپۆشی دەکات بۆ هێشتنەوەی ئامانجەکانی بە شاراوەیی.

ئایا ڕووسەکان بە خنکاندنی ئێران ڕازی دەبن؟

واشنتۆن سەرقاڵی دیراسەکردنی (3) ئەگەری سەرەکییە:

- درێژەپێدانی سزا ئابوورییەکان بە سەختی لە دژی ئێران، کە پەیوەستە بە تێکچوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی و ڕازیکردنیان، لە کاتێکدا ئەو دەوڵەتانە دەستیان کردوە بە بەرزرکردنەوەی پشکی خەرجییەکانیان لە پەیمانی ناتۆ.

- ئەگەری دوەم پەیوەستە بە ڕازیکردنی ڕووسەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران لە سووریا، ئەمەیش لە بەرانبەر بەرفراوانکردنی ڕۆڵی ڕووسیا لە سووریا بە شێوەیەکی قەتیسکراو، بەڵام ئەمەریکییەکان بیریان چوە، کە پێوەندیی مۆسکۆ لەگەڵ تاران ستراتیژییە و کۆکە لە سەر ئەوەی، کە پێویستە خواستی

داکشانی بەهای ڕیاڵی ئێرانی بەرامبەر دۆلار لە ماوەی 10 ساڵ 2008 ـ 2018

بەهای ڕیاڵی ئێرانی لە ماوەی یەك دەیەی ڕابردوودا داکشانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە و هێشتا بەهاکەی لە بەرامبەر دۆلار جێگیر نییە و پێشبینی دەکرێت زیاتریش بێتە خوارەوە

ساڵ	دۆلاری ئەمەریکی	ڕیاڵی ئێرانی
2008	1 ـ دۆلار	9200
2013	1 ـ دۆلار	34600
تەموزی 2016	1 ـ دۆلار	38400
کانونی یەکەمی 2016	1 ـ دۆلار	41500
شوباتی 2018	1 ـ دۆلار	47800
ئاداری 2018	1 ـ دۆلار	48400
تشرینی یەکەمی 2018	1 ـ دۆلار	42105

شەڕەنگێزانەی ئەمەریکا کۆنترۆڵ بکرێت، کە وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بە کۆلۆنیالیزمی نوێی ئەمەریکا ناوی بردوە، بۆیە ڕووسیا باش درك بە ڕەهەندەکانی گەمەی نوێی ئەمەریکا دەکات، سەرەڕای ئەوەی کە پێشنیارەکانی ئەمەریکا هیچ شتێك بۆ ڕووسەکان زیاد ناکات، چونکە ئەوان لە ئۆکرانیا و سووریان بە بێ ئەوەی لە چاوی ئەمەریکییەکانەوە بێت.

- سێیەم ئەگەر پێوەندیی هەیە بە ڕێکخستنی شەڕێکی ئیسرائیلی - سعوودی - کەنداوی بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا و پشتیوانیی ناڕاستەوخۆی میسر و ئەردەن، بەڵام ئەم گریمانەیە مەترسیی خۆی هەیە، چونکە ئێران لە توانایدایە هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئەفغانستانەوە تا لوبنان بکاتە ئاگر. لە لایەکی ترەوە هەڵوێستی ڕووسیا و چین پشتگیری لە ئێران دەکەن و نایانەوێت هەر وا بە دەست بەستراوی بمێننەوە لە بەرانبەر ئەو ئاگرەدا،



دۆنالّد ترامپ



عەلی خامنەئی و قاسم سلێمانی

کـە ڕۆژێـك هـەر هەڵدەگیرسـێت و پێیـان دەگات. لـەم دەرئەنجامـەوە بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە، کـە ڕووسـیا و چیـن لـە شـڵەژاندن و تەقینـەوەی بارودۆخـی ناوخـۆی ئێرانـدا هیـچ بەرژەوەندییەکیـان نییـە. لـە ڕاسـتیدا لوتکـەی هیلسـنکی لـە نێـوان دۆتاڵـد ترامـپ - ڤلادیمێـر پۆتیـن بـۆ خـۆی دانپێدانانێـك بـوو بـە لەدایکبونـی جیهانێکـی فـرە جەمسـەر، کـە واشـنتۆن و مۆسـکۆ کۆنترۆڵـی باڵەکانـی دەکـەن و زۆرێـك لـە دەوڵەتانـی هەرێمییـش لەگەڵیانـدا هاوتـەران لـە چوارچێـوەی ئـەو کێبرکـێ و ململانێیانـەی جیهـان، کـە هێشـتا دەسـتیان بـە تەقینـەوەی تـەواو نەکـردوە، یـان لـە ڕێگـەدان تـا بتەقنـەوە. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجدانە ئەوەیـە، کـە ئێـران سـەنترالّیەتی هەیـە لـە نـاو سـتراتیژی ئاساییشـی نەتەوەیـی ئەمەریـکا بـە پێـی ئـەو دیـدگا ترامپیـەی کـە «سـتەمکارانە و لاسـارانەیە»، لەبـەر ئـەوەی ئێـران ڕکابەرێکـی بەهێـز و سەرسـەختە لـە دژی بەرژەوەندییـە ئابووریەکانـی ئەمەریـکا، بەڵکـوو هاوپەیمانێتیـی تـاران لەگـەڵ ڕووسـیا بـۆ خـۆی سـەرچاوەی هەڕەشـەیە بـۆ ئاسـاییش و بەرژەوەندییەکانـی ئەمەریـکا لـە ناوچـەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

لـە ئێسـتادا سـتراتیژی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمەریـکا لـە بەرانبـەر ئێـران تونـد و دوژمنکارانەیـە، ئـەوەی لـەم سـەنترالّی بوونـەی ئێـران دەخوێنرێتـەوە لـە بۆتـەی سـتراتیژی ئاساییشـی نەتەوەیـی ئەمەریـکادا ئەوەیـە کـە لەباربردنـی هێـزە ڕکابەرە گـەورەکان لە ڕێگـەی لەباربردن و لاوازکردنـی هاوپەیـمان و هاوبەشـە هەرێمییەکانـەوە

دەست پێدەکات، واتە کۆریای باکوور سەبارەت بە چین، ئێرانیش سەبارەت بە ڕووسیا. گرتنەبەری ئەو جۆرە ستراتیژە لە لایەن کۆشکی سپیەوە لە دژی ئێران لە بەراواری 13ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2017 دەستی پێکردوە، لە ڕێگەی بەگەڕخستنی ستراتیژێکی سەرتاسەری بە ئامانجی ناچارکردنی تاران بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتەکانی بگۆڕێت، دوا جار ئەم ستراتیژە لە ڕێگەی هاوبەشی ستراتیژی ئەمەریکا لەگەڵ ئیسرائیل لە 12 کانونی یەکەمی 2017دا تەواو بوو لە ژێر ناونیشانی «بەڵگەنامەی نهێنی هاوبەشی نێوان ئیسرائیل و ئەمەریکا بۆ جڵەوکردنی جموجووڵەکانی ئێران». لێرەدا پێویستە ڕووداوێکی گرینگ بەبیر بێنینەوە، کە ئەویش بەکارهێنانی بنکەی سەربازی (هەمەدان)ی ئێرانییە لە لایەن ڕووسیاوە بۆ لێدانی تیرۆریستان لە سووریا لە 2016/8/16دا، کە بوە خاڵی وەرچەرخان لە هێز و توانای ڕووسیا لە بەرانبەر تاکجەمسەریی ئەمەریکا. لەو کاتەدا هەندێك پەرلەمانتاری ڕیفۆرمخواز ناڕەزاییان نیشان دا لە بەرانبەر ئەو ئۆپەراسیۆنە ڕووسی - ئێرانییە هاوبەشە، کە بە توندی لە لایەن موحافیزکارانەوە پشتیوانیی لێ دەکرێت و لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاساییشی نەتەوەیی ئێرانەوە ڕێی بۆ خۆش کراوە.

ئەم هەنگاوانە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای شپرزە کرد، چونکە ڕووسیا لە ڕووی سەربازییەوە شوێنپێی لە ئێران کردوەتەوە و لە ئەفغانستانیش نزیك بوەتەوە، ئەمەیش هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوەڕاستی ئاسیا، مانای وایە کە بەدیهاتنی هاوبەشی و هەماهەنگیی نێوان ڕووسیا و ئێران ئامانجی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەیە لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا، ئەو هاوبەشییەی، کە لە سەر زەویی سەرکەوتنی لە سووریا تۆمار کرد و هاوسەنگیی نێوان هێزە نێودەوڵەتییەکانی ئاوەژو کردەوە و ڕێگەی بۆ مۆسکۆ خۆش کرد پەل بهاوێژێت لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە پێگەی جیۆسیاسیی ئێران. پشتیوانیکردنی ئەمەریکا لە خۆپیشاندانەکانی شاری مەشهەد، کە ناوەندی ڕەوتی موحافیزکارە لە ئێران، دەچێتە خانەی بەگەڕخستنی گوشارەکان لە سەر موحافیزکارانی ئێران بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی دۆستانەیان لەگەڵ ڕووسیا بگۆڕن. پێدەچێت ئەم سیناریۆ ئەمەریکییانەی کە پێشتر ئامادە کراوە هاوشێوە بێت لەگەڵ ڕووداوەکانی سووریا لە ساڵی 2011، لە کاتێکدا ترامپ بە ئاشکرا ڕای گەیاندوە، کە پشتیوانییەکی گەورەی گەلی ئێران دەکەن لە کاتی گونجاوی خۆیدا، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ سەڵماندنی ئەو ڕاستییەی، کە واشنتۆن لە ئێران پەست و نیگەرانە.

سەرچاوە:

سەنتەری (کاتیهۆن) بۆ توێژینەوە

اللعبة المخيفة

ترامب يعمل على حرب العملات تجاه طهران

زعزعة الامن الاجتماعي في ايران الهدف الرئيسي للخطة الامريكية

http://katehon.com/ar/article/hl_yqbl_lrws_bkhnq_yrn_mdlt_lqw_fy_lshrq_lwst

وێنای ئێرانێکی داماڵراو لە چەك

ئایا ترامپ خەون دەگۆڕێت بۆ واقیع؟

لە عەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیك

ماوەیەکە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەوڵ دەدات بە ڕێگە کاریگەر و گونجاوەکانی بەر دەستی کەڵك لە ڕووداوەکانی ئێران وەربگرێت لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی باڵا و ستراتیژیدا، کە خزمەت بە ستراتیژی ناوەندی واشنتۆن دەکەن، کە بریتییە لە ڕێگەگرتن لە ڕووسیا و چین تا هەوڵ نەدەن بۆ گۆڕینی سیستمی نێودەوڵەتی ئێستا بۆ سیستمی فرە جەمسەریی، لە کاتێکدا ئەگەر بزانین، کە هاوبەشی ئابووریی نێوان چین و ئێران لە بواری وزە و ئاساییشدا، بە تایبەتی لە ئەفغانستان هەڕەشەیە بۆ سەر ستراتیژی ئەمەریکا لەو ناوچەیە. ئێران بە هۆی پێگە و قورساییەکەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، توانیویەتی زەمینەی قوڵاییەکی ستراتیژی بۆ بوونی سەربازیی ڕووسیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکات، سووریا و (عێراق لە داهاتوودا)، ئەمە جگە لە دابینکردنی بواریکی ژیاری بۆ ئاساییشی ڕووسیا لە ناوچەی قەزوین، هەمان پرسیش سەبارەت بە پێگەی ئابووریی چین ڕاستە، چونکە ئێران دەروازەی کراوەی خۆرهەڵاتی ئاسیایە بەرەو خۆرئاوای ئاسیا.

کەرتی وزەی ئێران فاکتەرێکی زۆر گرینگە بۆ ئابووریی چین، لەبەر ئەوە لاوازکردنی ئەم دوو هێزە «ڕووسیا و چین» پێویستی بە لێدانی ئێران و بڕینەوەی باڵادەستییەکەی لە ناوچەکەدا هەیە، ئەگینا گەڕانی واشنتۆن بە دوای ڕێگەیەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووسیا و چین دەبێتە بژاردەیەکی زۆرەملێ. ئیتر شاراوە نییە لای هەموان، کە هۆکاری کشانەوەی دۆنالد ترامپ لە ڕێککەوتنامەی ناوەکی بەرنامەی ناوەکی ئێران نییە، هەروەك باس دەکرێت، بەڵکوو مەبەست لێی تێکدان و شێواندنی ئاساییش و سەقامگیریە لە ئێران. ئەو ئابڵووقە خنکێنەرەی کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە سەر مامەڵە بازرگانییەکانی ئێران و کۆمپانیا بیانییەکانیدا سەپاندوە، ئەوانەی کە ئاڵوێر و مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تاران دەکەن، زۆر بە خێرایی دەبێتە هۆی دابەزینی بەهای ڕیاڵی ئێرانی لە بەرانبەر دراوە قورسەکاندا. گرانبوونی بێئەندازەی نرخی شمەك و کاڵا هاوردەکراوەکان، کێشە و سەرئێشەی بۆ ئێران دروست کردوە، بە هۆی خراپبوونی ئاستی بژێویی تاکی ئێرانی، کە پاڵ بە بەشێکی بەرفراوان لە دانیشتوانی شارەکان و بەشێك لە بازرگانانی بازاڕ دەنێت ناڕەزایی لە دژی حکوومەت دەربڕن، بە تایبەتی ئەوانەی کە پشتیان بە هەناردەکردن و هاوردەکردن بە دراوی قورس بەستوە.

چۆنچۆنی ئێران ڕووبەڕووی شەڕی ئەمەریکا دەبێتەوە؟

یەکێك لە پرەنسیپە گرینگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا بریتییە لە ڕازی نەبوونی لە سەر هەر جۆرە پێگەیەکی سەربازیی چالاکی ویلایەتە یەکگرتوەکان و پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە نزیك سنورەکانی یان لەو ناوچانەی، کە دەچنە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکان و ئامانجە باڵاکانی ڕووسیاوە. بە هۆی ئەوەی ڕووسیا ناتوانێت بەربەرەکانێی توانای سیاسی و سەربازییەکانی ئەمەریکا - ناتۆ بکات، بۆیە مۆسکۆ هەنگاو دەنێت بەرەو گرتنەبەری چەند ڕێکارێکی تۆڵەکردنەوەی گونجاو، گرنگترینی ئەم ڕێکارانە بریتییە لە چڕکردنەوەی کاتیی هاوکاریکردنی مۆسکۆ لەگەڵ نەیارەکانی واشنتۆن و ئەوروپا. لە

گرنگترین ئامانجە ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران

ز	ئامانجە ستراتیژییە گرنگەکان	
1	سەپاندنی هەژمون و پێگەی سیاسی ئێران وەک بەشێک لە بەرەی دژ بە خۆرئاوا، کە تاران لە خەمی دروست کردنیەتی بە هاوکاری دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووی جیهانی سێ	
2	تێکشکاندنی دیواری گۆشەگیر کردنی ئێران، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەسەر ئێراندا سەپاندوویەتی، جگە لە خۆدەرخستنی وەک هێزێکی ڕکابەری جیهانی بەهێز	
3	کۆنترۆڵکردنی دەروازە دەریاییەکان وەک خۆئامادە کردن بۆ هەر تەقینەوەیەکی پێشبینیکراو و هێشتنەوەی دەرچە ئاوییەکانی ناوچەکە لە گێژاوێکی هەمیشەییدا	
4	بەدەستهێنانی پشتگیری دەوڵەتانی ئەفریقیا لە نەتەوە یەکگرتوەکان و تەنگەتاو کردنی پێگە و هەژمونی ئەمەریکا و ئیسرائیل لە ئەفریقیا	
5	هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران بە پشتبەستن بە دروست کردنی ناوەندە کولتوورییەکانی ئێران لە کۆمەڵێک وڵاتە، کە لە ڕێگەیانەوە کار بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە دەکرێت	
6	پێشکەش کردنی کۆمەک و هاوکاری ئابووری وەک بەشێک لە سیاسەتی نەرمی ئێران	
7	هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانانی ئێران لە وڵاتانی دراوسێ لە ڕێگەی بانگەشەکردن و بڵاوکردنەوەی هەندێک دروشمی بریق و باقی وەک دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هاندانی ئازادییەکان، بەگژداچوونەوەی خۆسەپێنی ئەمەریکا و ئیسرائیل	
8	کارکردن لەسەر جوانکردنی وێنەی ئێران و مەزهەبی جەعفەری دوانزە ئیمامی لە دەرەوە، لە پێناو داکوتانی ڕەگ و ڕیشەی ئێران وەک هێزێکی هەرێمیی بااڵدەست لە ناوچەی خۆرهەاڵتی ناوەڕاست	
9	گرنگی پێدان بە پرۆژەی ئایدۆلۆژی ئێران لە ڕێگەی هەنگاونان بەرەو جیهانیبوون و بەدیهێنانی هاوپەیمانێتی لە ڕوانگەکانی ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتین	
10	بەریەک کەوتن لەگەڵ جەمسەری پرۆژەی ئەمەریکی – ئیسرائیلی - ئەورووپی لە چەند دۆسیەیەکدا، کە گرنگترینیان پرۆگرامی ئەتۆمی و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیە وەک ئەڵتەرناتیڤی پرۆژەی (خۆرهەاڵتی ناوەڕاستی گەورە)ی ئەمەریکا	
11	دۆزینەی بواریکی ژیاریی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و گۆڕەپانێکی تەوەریی فراوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەیارەکان لە دەرەوەی سنوری نیشتمانیی خۆی، ئەمەش هاوشێوەی پرۆژەی ستراتیژیی ئایندەیی ئەمەریکا و ئیسرائیلە لە ناوچەی خۆرهەاڵتی ناوەڕاست	
12	دروستکردنی مەترسیەکی ڕاستەقینە لەسەر دەوڵەتانی عەرەبی ئەوانەی لە خولگەی ئەمەریکادان وەک سعودیە و ئیمارات، لە ڕێگەی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆییان و هەوڵدان بۆ فراوانخوازی و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە شوێنی ڕووداوە گەرمەکان، بە تایبەتی لە عێراق، یەمەن، ئەفغانستان، فەلەستین، لوبنان، سوریا و کیشوەری ئەفەریقیا	
13	بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکەی لە ناوچەکەدا، ئێران پلانێکی (50) ساڵی دارشتووە، کە بە پلەی یەکەم پشت دەبەستێت بە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە لە وڵاتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی	

ئەنجامی ئەمەیشدا دەتوانرێت بە ڕوونی هەست بەو پەیوەندییانە بکرێت، کە لە ڕایەڵە و ئاستی پێوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ئێران بە دی هاتوە، کە هاوکاتە لەگەڵ ماوەکانی تێکچوونی دیالۆگ و پێوەندی مۆسکۆ لەگەڵ خۆرئاواییەکاندا بە گشتی.

مۆسکۆ، تاران هاوبەشێکی گرینگ دەزانێت

یەکێک لە سیما دیارەکانی تری بەهێزی پێوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و تاران بریتییە لە بوونی پێگەی ئێران لەو ناوچانەدا، کە ڕووسیا بە شوێن پێگەو قەڵەمڕەوی تایبەتی بەرژەوەندییە ستراتیژ و مێژوویەکانی دەزانێت لە ئاسیای ناوەڕاست و ناوچەی قەوقاز و دەریای قەزوین. پێگە و هەڵکەوتەی جیۆستراتیژی ڕێگە بە تاران دەدات تا کۆنترۆڵی گۆڕانکارییەکانی دەریای قەزوین و قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست و خۆرهەاڵتی

ژێرخانی تواناکانی ئێران بۆ جەنگی ئەلیکترۆنی

ز	دیارترین تواناکانی ئێران بۆ جەنگی ئەلیکترۆنی
1	کۆمەڵەی جەنگاوەرانی (قاسم)ی ئەلیکترۆنیQCF، لە ئەیلولی 2012 کردەوەی بەئامانجرکدنی پێگە داراییەکانو بانقە ئەمریکیەکانی گرتە ئەستۆ
2	کۆمەڵی پاراستو: لە تشرینی دووەمی 2012 کردەوەی دزەکردن و پەکخستنی پێگەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی (IAEA) گرتە ئەستۆ و نەخشە سەرەتاییەکانی کووڕە ئەتۆمیەکانی کە بە نیازی دامەزراندنی بوون لەسەر پێگەکە، بڵاوکردەوە
3	سوپای ئەلیکترۆنی سوری: کۆمەڵەیەکی ئەلیکترۆنیە سەر بە رژێمی سوریایە کە پێگەی بەناوبانگی" لینکد-ئن" و "فایبر" و "تاتنگۆ" کردە ئامانج سەرەڕای ئاژانسەکانی هەواڵی وەك "رۆیتەرز" و "ئاسوشیتد پرێس"
4	لایەنی بەرگری: بەدەستهێنانی توانای پێویست بۆ پاراستنی دامەزراوە گرنگە هەستیارەکان لە وڵاتدا و ژێرخانی ستراتیژی کە لەوانەیە تووشی هێرشی ئەلیکترۆنی ببنەوە لەلایەن دەوڵەتان یان کۆمەڵەکان لە دەرەوەی ئێران، وەك هێرشی ڤایرۆسی (ستکسنت) کە دای لە بەرنامەی پیتاندانی یۆرانیۆمی تایبەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران
5	لایەنی هێرشکردن: لە قافدا گرتنی زیاتر لە پیشەگەران کە توانای ئەنجامدانی جەنگی ئەلیکترۆنیان هەبێت ئازار و زیانگەیاندنی زۆر بە ژێرخانی نەیاران و بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای پێویست لە بواری جەنگی ئەلیکترۆنی بە جۆرێك پێشکەوتن وەدەست بێنێت لەم بوارەدا
6	چاودێرانی هەوڵەکانی ئێران لە دانانی بنەماکانی گەشەپێدان و نوێکردنەوەی ژێرخانی پێویست بۆ جەنگی ئەلیکترۆنی دەگەنە ئەو ئەنجامەی دەڵێت بەرنامەی بونیادنان و گەشەسەندنی سوپای ئەلیکترۆنی ئێران بەشێوەیەکی خێرا و لەسەر ئاستێکی پێشکەوتوو بەڕێوە دەچێت. ئەوەش بەهۆی زۆری ئامێرو دەستەو رێکخراوو دامەزراوە و بەشەکانی دامەزراون، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان رۆڵێکی گرنگی هەیە لە زیادکردنی تواناکانی ئێران لە جەنگی ئەلیکترۆنیدا
7	لە ساڵی 2013، عەلی خامەنەیی رابەری شۆڕشی ئێران دامەزراندنی ئەنجومەنی بالای بۆشایی ئاسمانی ئەلیکترۆنی راگەیاند، کە پێکدێت لە سەرۆکی ئێران و وتەبێژی پەرلەمان و سەرۆکی دادوەری باڵا و فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران و فەرماندەی گشتی پۆلیس و نوێنەری خامنەیی لە ئەنجومەنی بالای ئاسایشی نەتەوەیی و لێپرسراوانی پەخشە فەرمییەکان و تەکنۆلۆژیای زانیاری
8	دامەزراندن و گەشەسەندنی دامەزراوە حکومیە تایبەتەکان کە پەیوەستە بەم بوارە، وەك سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئێرانی پەیوەندیە تەلدار و بێ تەلیەکانی سەر بە وەزارەتی زانیاری و گەیاندن، کە رۆڵی هەیە لە دەرچوونی پسپۆڕان و بە تایبەت لە ئاسایشی زانیاری و نوسینگەی هاریکاری تەکنۆلۆژی سەر بە نوسینگەی سەرکردایەتی و دەستپێشخەری لێکۆڵینەوەکانی بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری

ناوەڕاست و کەنداوی فارس بکات. ئەم بارودۆخە وا لە مۆسکۆ دەخوازێت، کە گفتوگۆ لە بارەی چەند پرسێکی سیاسەتی دەرەوە لەگەڵ حکوومەتی تاراندا تاوتوێ بکات، بۆیە لە ئەنجامی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆسیە هەرێمییانەدا دەردەکەوێت کە مۆسکۆ، تاران هاوبەشێکی گرینگ دەزانێت لە ڕوانگەی چەند پرسێکی دیاریکراو. لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی ڕووسیا بە تەواوەتی متمانەیان بە تاران نییە، لەبەر ئەوەی هێشتا لە هەمبەر جموجووڵ و چالاکییە هەرێمییەکانی ئێران هەست بە نیگەرانی دەکەن، جگە لەو هەڕەشەیەی کە لە لێکنزیکبوونەوەی ئێران لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی ئێران وەك خاڵی دەستپێکی ململانێیەکی نوێ بەرجەستە دەبێت.

ئەم بارودۆخە پڕ پشێوییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە وەك هەمیشە ژینگەیەکی گونجاوی دروست کردوە بۆ دەستێوەردانی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل و خۆرئاواییەکان تا بە پاساوی هەبوونی هەڕەشەی گەورە لە سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی خۆرئاوا پلانەکانیان جیبەجێ بکەن لە ڕێگەی شێواندنی سەقامگیری سیاسی و ئاساییشی ناوچەکەوە. ستراتیژی ئەمەریکا لە

کورە ئەتۆمییەکانی ئێران

دژی گەشەکردنی پێگەی ڕووسیا و بە ئامانجکردنی بنکە دیارەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە گرینگترینیان ئێران و سووریایە، بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانە ئیقلیمییەکانی واشنتۆن لە گورزوەشاندن لەو هێزە سەرەکییانە، بە دیاریکراویش ئێران.

هەر چی ئیسرائیلە دەترسێت لە نزیکبوونەوەی سەربازیی ئێران لە سنورەکانی فەلەستین-ئیسرائیل بۆیە دەستی کردوە بە خۆئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوە. سعوودیەیش بە سەرکردایەتی بن سەلمان ئامانجەکانی چڕ کردوەتەوە لە گواستنەوەی شەڕەکە بۆ ناو ئێران لە پێناو دەربازبوونی لە قەیرانەکانی لە قەتەر، بەحرەین، یەمەن و سووریا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە لێک نزیکبوونەوەی هەرێمیی تورکیا و سعوودیە دەچێتە خانەی ڕەواندنەوەی ئەو گومانانەی هەیە لە سەر سروشتی ئەم پێوەندییانە لە نێوان ئەنقەرە و ڕیاز، چونکە ئامانجی سعوودیە بریتییە لە خشتەبردنی هاوبەشی و پێوەندیی نێوان تورکیا و ئێران لە چەند ئاستێکی جیاوازدا، پاشەکشەکردنی تورکیایش لە هاوکاریکردنی حکوومەتی ئێران ئاماژەیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، بە پێچەوانەی هاوکاریکردنی تورکیا لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە کاتی ڕووداوی کودەتاکەی 15ی تەموزی 2016. ئەنجامی ڕاستەوخۆی دۆخەکە ئەوەیە، کە ژینگەی هەرێمی یارمەتیدەری ویلایەتە یەکگرتوەکانە بۆ بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە ڕووداوەکانی ئێران بە ئاراستەی هەڵنانی بەرەو سیناریۆی خوێناوی.

سیناریۆی نوێ و بەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ململانێ

لە ئەنجامی چاوخشاندنەوە بە گۆڕانکارییەکان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، بە تایبەتی لە نێوان هەڵوێستەکانی ئەمەریکا - ئیسرائیل - ئێران - ڕووسیا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە سوودوەرگرتنی ئیدارەی ئەمەریکا لە ڕووداوەکانی ئێران، بەشێکە لە ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی ڕووسیا لە لایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی 2018دا. باسەکەمان تەنها پێوەندیدار نییە بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئێران، بەڵکو پەل دەهاوێت بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران لە چەند بەرەیەکی هەرێمییەوە، ئەمەیش ناواخنی ئەو پلانەیە، کە ژەنراڵ گادی ئیزنکۆت، سەرۆك ئەرکانی سوپای ئیسرائیل ڕای گەیاند، کاتێك گوتی: ئیسرائیل بەم نزیکانە پێدەچێت ببێتە ئەندامی ئەو هاوپەیمانێتیە فراوانەی ئەو دەوڵەتانە دەگرێتە خۆ، کە هەوڵ دەدەن بۆ ڕێگرتن لە سەپاندنی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا.

وڵاتانی کەنداو یەکدەنگن و کۆکن لە سەر ئەوەی کە ترسیان لە پەلهاویشتنی ئێران و لە بەرپابوونی

شەڕی ناوخۆ هەیە بە هۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە هەندێك شوێنی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە دەخوازن چوارچێوەیەکی عەرەبی - ئیسلامی کۆدەنگ هەبێت، کە ئەندازەیەك ئاساییش و هاوسەنگی دەستەبەر بکات، بەڵام تا ئێستا کۆك نین لە سەر پێویستی ناوچەکە بە چاکسازیی سیاسی مەودا ناوەند. پزیسکی شۆڕشە عەرەبییەکان لە ساڵی 2011 ترس و دڵەڕاوکێی لە لای وڵاتانی کەنداو دروست کرد، بە هۆی کاریگەریی ئامرازەکانی تەکۆلۆژیای نوێ لە ڕێگەی (تویتەر، فەیسبوك)وە، ئەمە سەرەڕای ترسان لە سیاسەت ڕێکخستنی عەرەبی هەر چەندێك ئاسان بێت. لەبەر ئەمە بە دیاریکراوی لە ناوچەی کەنداو ئەو یاسایانە زۆر بوون کە ئازادییەکان سنوردار دەکەن، بە تایبەتی لە بواری ئامراز و هۆکار تازەکان. لە کاتی وردبینیکردندا بۆمان دەردەکەوێت کە بەحرەین بە شێوەیەکی ئاسۆیی دابەشبوونێکی گەورەی لە نێوان زۆرینەی شیعە و کەمینەی سوننەی تێیدا ڕووداوە، بەڵام سەبارەت بە کوێت ئەم ئازادییانە چەسپاوترن، چونکە بزووتنەوەی سیاسیی ئاشتییانە لەو وڵاتەدا هێور بوەتەوە لە سایەی دەوڵەت و گرتنەبەری سیاسەتی توند لە بەرانبەر ئەو بزووتنەوەیە.

ژینگەی تازەی کەنداو و دوورگەی عەرەبی لە هەمان کاتدا هەموانی خستوەتە ناو تەڵەزگەیەکی هەرێمی و ناوخۆییەوە، سەرەڕای هاوکاری و پشتیوانیی زۆری شانشینی سعوودیە بۆ میسر، کە لە دوای ساڵی 2013وە دەیان ملیار دۆلاری تێپەڕاندوە، دەبینین ڕۆڵی میسر بە سەرکردایەتیی سیسی پاشەکشەی کردوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتانی عەرەبی بە هۆی ڕۆیشتن بە ڕێچکەی دیکتاتۆریەت و گەندەڵیدا گۆڕاون بۆ دەوڵەتانی شکستخواردوە، هەموو ئەمانەیش لە سایەی بڵاوبوونەوەی چەکەوەیە بە درێژی و پانیی ناوچەی کەنداو.

ئەگەر بێتو ئێران تووشی شەڕێکی ڕاستەوخۆ یان شەڕێکی بە لەجیاتی ببێت، ئەمە مانای پەکخستنی ویست و ئامانجەکانی ڕووسیا لە گەیشتن بە سیستمی فرە جەمسەریی جیهانی دەگەیەنێت، چونکە لەو بەرئەنجامەدا ڕووسیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دادەبڕێت و ناتوانێت پەلی بهاوێتەوە بۆ سنوری ئاوە گەرمەکان. کەواتە ڕووبەڕووبوونەوەی ستراتیژی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ڕووسیا بە ڕووداوەکانی ئێران دەستی پێ کردوە، پێشبینیش دەکرێت لە چوارچێوەی هەمان ڕووبەڕووبوونەوەدا هەریەکە لە ئۆکرانیا و ناوچەی بەڵتیك و نیوە دوورگەی کۆریا گۆڕانکاریی کتوپڕ لە دژی ڕووسیا بە خۆیانەوە ببینن. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە لێدانێکی ئاگرین و کەمەرشکێن لە دژی ئامرازەکانی واشنتۆن لە سووریا دەبێتە مایەی بەرپەرچدانەوە لە بەردەم بە نموونە کردن و جێبەجێکردنی سیناریۆی سووریا لە بەرانبەر ئێران.

سەرچاوەکان:

پێگەی (المیادین نێت)، سەنتەری کاتیهۆن بۆ توێژینەوە

شكل ايران خالي من الاسلحة و اضعاف العمق الاقليمي والدولي

ترامب يحلم ام يغير الحلم الى الواقع؟

ALmayadin.net

http://katehon.com/ar/article/hl_yqbl_lrws_bkhnq_yrn_mdlt_lqw_fy_lshrq_lwst

اليوم السابع
KATEHON
BREAKING NEWS

پلانی نهێنیی ئەمەریکا و ئیسرائیل

چۆکپێدادانی ئێران یان موغازەلەکردنی؟

لە عەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک

ماڵپەڕی (دیبکا)ی ئیسرائیلی ئاشکرای کردوە، کە ژمارەیەك لە سەرکردە سەربازییەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل بە نهێنی و دوور لە چاوی ڕاگەیاندنەکان لە واشنتۆن کۆ بوونەتەوە، بە مەبەستی ئامادەکردنی پلانێکی نهێنی سەبارەت بە ئایینده‌ی ئێران. ئەو پلانە ناوی لێ نراوە «پلانی ئێران»، کە ناوەرۆکەکەی دەقاودەق پەیوەستە بە ئایینده‌ی سیستمی سیاسیی ئێران و پێگە و قورسایی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ماڵپەڕی (دیبکا)ی ئیسرائیلی لە زاری چەند سەرچاوەیەکی سەربازی و هەواڵگرییەوە ئاشکراشی کردوە، کە «ئامادەکردنی ئەم پلانە هاوکاتە لەگەڵ ئەو هەڵمەتە بەربڵاوەی ئێستا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە دژی ئێران دەستی پێ کردوە، بە مەبەستی تەنگەتاوکردنی و گەمارۆدانی لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لە پێناو لاوازکردن و سنوردارکردنی قورسایی و کاریگەرییەکانی لە سەر نەخشەی ناوچەکە، جگە لە هەڵکشانی ئەگەرەکانی هەڵگیرسانی شەڕێکی تەواو لە نێوان ئێران و ئیسرائیل.

ڕاپۆرتی ئەو سەرچاوەیە زیاتر ڕوونی کردوەتەوە، کە پلانە نهێنییەکەی ئەمەریکا و ئیسرائیل پێکهاتوە لە ئامادەکردنی «هێزی هاوبەشی ئەرکە خێراکان» بۆ دەرکردنی هەموو ئەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە هێرشکردنە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکان و مووشەکە بالیستییەکان و پێگە و ناوەندە سەربازییەکانی ئێران لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران. ئاماژەی بۆ ئەوەیش کردوە، کە ژەنراڵ (نەتزان ئالون) فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای ئیسرائیل کراوەتە سەرۆکی جێبەجێکاری ئەو پڕۆژەیە لە سەر داوای سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئیسرائیل ژەنراڵ گادی ئیزنکۆت، کە لەگەڵ سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەشی ئەمەریکا ژەنراڵ جۆزیف دنفۆرد بەشداریی لەو کۆبوونەوە نهێنییەدا کردوە.

بە پێی ئەو ماڵپەڕە ئیسرائیلییە، لە کۆبوونەوەکانی واشنتۆن ڕێکەوتن کراوە لە سەر پێکهێنانی (4) گروپی سەرکردایەتیکردن لە چوارچێوەی پلانی «پڕۆژەی ئێران»دا، کە بریتین لە:

1. گروپی سەرکردایەتیی ئەتۆمی، کە ئەرکەکانی پەیوەستە بە دیاریکردنی پێگە و دامەزراوەکانی چەکی ئەتۆمی و کووڕەکانی پلۆتۆنیۆم و دامەزراوەکانی دروستکردن و پیتاندنی یۆرانیۆم و ئامێرەکانی لێ دەرچوونی سەنتراڵی لە ناو ئێران.

2. گروپی موشەکە بالیستییەکانی ئێران، ئەرکی ئەم گروپە پەیوەستە بە بابەتی موشەکە بالیستییەکان و ڕاکتۆرەکانی هەڵدان و تەقاندنی موشەکەکان و شوێنی هەڵگرتنیان لە ژێر زەوی، جگە لە کارگەکانی بەرهەمهێنان و ناوەندەکانی توێژینەوە.

3. گروپی سێیەم بریتییە لە گروپی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە ئاشکرا و نهێنییەکان، کە کار دەکات لە دژی ناوەندە سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئێران لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە سووریا و لوبنان و یەمەن-یشەوە.

4. گروپی چوارەم بە تایبەتی کار دەکات لە سەر جێبەجێکردنی سزا ئابوورییەکان لە دژی ئێران، ئیسرائیلیش بەشداری لەم ئەرکەدا دەکات لە ڕێگەی پێدانی زانیاریی هەواڵگریی دەربارەی هەوڵ و تەقەللاکانی ئێران بۆ بەزاندن و تێپەڕاندنی سنوری سزا سەپێنراوەکان بە سەر حکوومەتی تاراندا.

سێ سیناریۆ بە ئاراستەی شەڕ و ناچارکردن

پرسیارگەلێك لە ئارادایە: ئایا توندکردنی سزاکان

گرنگترین وەڵامەکانی حەسەن ڕۆحانی دەربارەی لاوازبوونی ئابووری ئێران

لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەی

ڕۆحانی: پێویست ناکان دۆست و دوژمنەکانمان پێیان وابێت ئەوەی ئێستا ڕووەدات سەرەتای دابەشبوونە لەناو ئێران	
تەوەرەکانی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ڕۆحانی کران	**گرنگترین وەڵامەکانی حەسەن ڕۆحانی**
- شکستی حکومەتی تاران لە کۆنترۆڵکردنی بەقاچاغبردنی کاڵاو دراوە قورسەکانە	1. ئەگەر بمانەوێت کاڵاو شمەك بە نایاسایی هەناردە بکەین پێویستە کوالیتی کاڵاو شمەکەکانی ئێران بەرز بکەینەوە
- بەردەوامی سزای سەپێنراو بەسەر کەرتی بانکی لە ئێران	2. ڕۆڵی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ زۆر باڵایە لەسەر ئاستی بەگژداچوونەوەی تیرۆر
- شکستهێنانی حکومەت لە کەمکردنەوەی بێکاری	3. سەپاندنی سزای بانکیی لە دژی ئێران کاری ئەمەریکایە. بەڵام بانکی زۆر هەن مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکەن
- شکستهێنانی حکومەت لە جڵەوکردنی پووکانەوەی ئابووری لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا	4. حکومەت لە ئاستی دابینکردنی دەرفەتەکانی کار بە باشی کارەکانی دەکات سەرەڕای بوونی بێکاری
- دابەزینی بەهای دراوی نیشتمانی (تمەن)	5. حکومەت 2 ملیۆن و 700هەزار دەرفەتی کاری دابین کردووە و ڕێژەی بێکاری تا ئاستی 12٪ کەمکردۆتەوە
- ئاستی دابینکردنی دەرفەتی کار بۆ خەڵك خراپە	6. حکومەتەکەمان ئاستی گەشەی ئابووری بۆ 4٪ بەرز کردۆتەوە
- پلانی بە پەلەی حکومەت چییە؟	7. پرسە سیاسییەکان گەورەترین کاریگەریان هەبووە لەسەر دۆخی ئابووری ئێران و دابەزینی بەهای تمەن

بە سەر ئێراندا شەڕ لە نێوان تاران و واشنتۆن هەڵدەگیرسێنێت؟ ئایا ئیدارەی واشنتۆن سەرکەوتوو دەبێت لە چۆکپێدادانی تاران؟ ئایا ئێران دەتوانێت لەگەڵ بارگرانی سزا ئابوورییەکان و شەڕێکی هەرێمی بەرفراوانداهەڵبکات؟

دوای ئەوە سزا ئابوورییەکانی ئێران بە سەر تاران چوە بواری جێبەجێ کردنەوە و حکوومەتی تاران وەك هەڵگیرساندنی شەڕ لە دژی گەلی ئێران مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، زۆر گرینگە فۆرمی ئەو سیناریۆیانەی لە بەر چاو بگیرێت، کە لە داهاتوودا جڵەوی ڕەوشەکە دەگرێتە ئەستۆ، لە سایەی گەشەکردنی دوو فاکتەری سەرەکی، کە یەکێکیان بریتییە لە شارەزایی و پسپۆڕی

پێگە ئەتۆمییەکانی ئێران

ژ	کوورەی ئەتۆم	ئامانج لە دروستکردنی
1	نەتنز	بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم/ ڕووبەری 100 هەزار کیلۆمەتر لە ژێر زەوی
2	بوشەهر	بۆ بەرهەمهێنانی مادەی بلۆتۆنیۆم
3	ئەسفهان	بۆ پاککردنەوەی یۆرانیۆم و گۆڕینی بۆ گازی هەکسا فلۆراید یۆرانیۆم
4	کارگەی ئەردکان	بۆ هەڵگرتنی سووتەمەنیی ئەتۆمی دروست کراوە
5	قوم	کوورەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ناوەڕاستی ئێران
6	کوورەی ئاراك	کوورەیەکە بۆ گەڕان بە دوای ئاوی قورس بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرهەمهێنانی بلۆتینیۆم بگونجێت
7	کانەی ساگند	لە ساڵی 1985 مادەی خاوی یۆرانیۆمی تووڵا دۆزراوەتەوە
8	جیهان	کانەیەکی پێشکەوتوو و کارگەیەکی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی 24 تۆن لە (کێکی زەرد) ساڵانە
9	خۆزستان	چەند پلانێك هەیە بۆ دروستکردنی کوورەی نوێ لە ناوچەکە
10	ئەنارك	پێگەیەك بۆ عەمبارکردنی پاشماوە ئەتۆمییەکان

مێژوویی دەوڵەتی ئێران لە بواری مامەڵەکردنی لەگەڵ سزاکاندا، ئەوەی تریش فاکتەرێکی جەوهەری نوێیە، کە بریتییە لە کەڵەکەبوونی توڕەیی و ناڕەزاییی ناوخۆی ئێران لە بەرانبەر حکوومەتی تاران و خستنە ئەستۆی بەرپرسیارێتیی خراپبوونی بارودۆخەکە.

سیناریۆکانیش ئەمانەن:

سیناریۆی یەکەم: سەرکەوتنی ئەمەریکا لە چۆکپێدادانی ئێران

ئەم سیناریۆیە بەندە لە سەر پێشبینیکردنی ئەو ڕاستییەی، کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەوڵ دەدات بۆ ناچارکردنی ئێران بە تەسلیم بوون و چۆکدادان، دوای ئەوەی کە واشنتۆن لە بەشی یەکەمی سزاکانی بە سەر ئێراندا پاشگەز بوەوە، کە پەیوەستە بە کشانەوەی لە پلانی کاری سەرتاسەری هاوبەش، سەرەڕای ئەمەیش واشنتۆن دەیەوێت هەندێك ڕێکار لە دژی ئەو دەوڵەتانە بگرێتە بەر، کە هاوکاری و پشتیوانیی تاران دەکەن. نووسەر و توێژەری ڕووسی (فیمیدا سلیموڤا) لە وتارێکدا، کە

فڕۆکه هەڵگری ئەتۆمی ئەمەریکی

لـه ڕۆژنامـەی «نیزافیسـیمایا گازێتـا»ی ڕووسـی بـڵاو کراوەتـەوە سـەبارەت بـە ئامادەکردنـی پلانـی (G) لـه لایـەن حکوومەتـی تارانـەوە وەك ئامادەسـازی بـۆ هـەر بەرەنگاربوونـەوەی سـەربازی لەگـەڵ واشـنتۆن، نووسـیویەتی: ئامانجـی سـزاکانی ئەمەریـکا بـە سـەر ئێرانـدا ئەوەیـە کـە بیخاتـە بـارودۆخ و هەڵوێسـتێکی زۆر لاواز و ناچـاری بـکات تـا چـۆك بـۆ سیاسـەت و خواسـتەکانی ویلایەتـە یەکگرتـوەکان دابـدات.

بـەم شـێوەیە دەتوانیـن بڵێیـن، کـە ڕێـی تێدەچێـت ئێـران بـە وەڵام بێـت یـان چۆکـی بـۆ دابـدات، بـە واتایەکـی ڕوونـتر تەسـلیمی داواکارییەکانـی ئەمەریـکا بێـت و ڕازیـش بێـت بـە هەنگاونـان بـۆ گەیشـتن بـە ڕێککەوتنێکـی نـوێ سـەبارەت بـە چارەنووسـی پرۆگرامـی موشـەکییە بالیسـتییەکەی و ڕۆڵ و پێگـە هەرێمییەکـەی و بوونـی سـەربازی لـە سـووریا، یەمـەن، عێـراق، لوبنـان و فەلەسـتین.

سـیناریۆی دووەم: هەڵکردنـی ئێـران لەگـەڵ سـزا سـەپێنراوەکان

زۆرێـك لـە تۆێـژەران و شـارەزایان لـە بـواری ئامادەکردنـی تۆێژینـەوە و لێکۆڵینەوەکانـی تایبـەت بـە کاروبـاری ئێـران، ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن، کـە ئێـران لەوانەیـە بتوانێـت بەرگـەی سـزاکان بگرێـت و لەگەڵیـدا هەڵبـکات، ئەوەیـش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئەزموونـە مێژوویـیـەی، کـە ئێـران لـەم ڕووەوە هەیەتـی، بـە تایبەتـی کـە تـاران توانیـی ڕووبـەڕووی 7 پـڕۆژەی نێودەوڵەتـی بوەسـتێتەوە، کـە لـە ئەنجامـی بڕیارەکانـی ئەنجوومەنـی ئاساییشـی نێودەوڵەتییـەوە سـەریان هەڵـدا لـە نێـوان سـاڵی 2006 تـا سـاڵی 2013 و توانیـی بـە باشـی لەگەڵیـدا مامەڵـە

بـکات و بەرگـەی بگرێـت.

بـە بۆچوونـی ڕەجـەب سـافارۆڤ، بەڕێوەبـەری گشـتیی سـەنتەری مۆدێرنـی تۆژینەوەکانـی ئێـران، ڕێـژەی 95%ی سـزا سـەپێنراوەکان بـە سـەر تـاران لا نەبـراوە، دەوڵەتانـی خۆرئاوایـش بـە سـەرکردایەتیی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمەریـکا بەڵێنەکانیـان سـەبارەت بـە ڕێککەوتننامـەی ئەتۆمـی لەگـەڵ ئێـران جێبەجـێ نەکـردوە. سـافارۆڤ لـەو بڕوایەدایـە کـە دوور نییـە ئـەو سـزایانە هەندێـك کاریگەریـی نەرێنیـان لـە سـەر ئابووریـی ئێـران هەبێـت، بـەڵام سـەرەڕای ئەمەیـش ئێـران ماوەیەکـی زۆرە خـۆی بـۆ سیسـتمی سـزاکان ئامـادە کـردوە، چونکـە ئێـران بـە درێژایـی 4 دەیـە سـەرکەوتوو بـوە لـە هەڵسـەنگاندنی سروشـتی ئـەو سیاسـییانەی خۆرئـاوا، کـە بـە سـەرکردایەتیی ئەمەریـکا بەڕێـوە دەبرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش پلانـی (B) بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هەمـوو ئەگـەرەکان ئامـادە کـردوە، لـە کاتێکـدا ئەگـەر ئەمەریکییـەکان و هاوپەیمانەکانیـان لـە جێبەجێکردنـی بەڵێنەکانیـان پاشـگەز ببنـەوە.

سـیناریۆی سـێیەم: هەنگاونـان بـەرەو هەڵگیرسـانی شـەڕێکی هەرێمیـی بەرفـراوان.

شـێوازی سـیناریۆی سـێیەم چـڕ دەبێتـەوە لـە سـەر ئـەوەی، کـە سـزا ئابوورییـەکان کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆ بکەنـە سـەر هەنارەدەکـراوەکان و هاوردەکراوەکانـی ئێران، بـەم پێیەیـش تـاران پەنـا دەبـات بـۆ پارێزگاریکـردن لـە بەرژەوەندییەکانـی لـە ڕێگـەی هەڵگیرسـاندنی شـەڕێکی هەرێمیـی بەرفـراوان، کـە دەوڵەتانـی هەرێمـی لـەو شـەڕەدا ببنـە هاوبەشـێکی سـەرەکی، واتـا بـە شـێوەیەك بێـت کـە ئـەو دەوڵەتانـە لـە دژی ئێـران یەکڕیـز بـن یـان بچنـە نـاو سـەنگەرییەوە، واتـە ببنـە هاوپەیـمان و پشـتیوانی. لـە کاتـی گەمـارۆدان و تەنگەتاوکردنـی ئێـران، کۆمەڵێـك ڕێـکار بـە شـێوەیەکی خێـرا جێبەجـێ دەکرێـت، لـە نێوانیانـدا جۆشـدان و ئامادەکردنـی خەڵـك بـۆ بەکارهێنانـی نوێتریـن تەکنۆلۆژیـا، ئەگـەر بزانیـن کـە تـاران خاوەنـی سیسـتمێکی بەرگریـی باشـی دژە فڕۆکـە و تەکنۆلۆژیایەکـی موشـەکیی پێشـکەوتوە، هەروەهـا ئەگەریـش هەیـە مانگـە دەسـتکردەکانی ئێـران بـە کار بهێنرێـت، لەمەیـش گرینگـتر ئەوەیـە، کـە ئێـران هێزێکـی تایبەتـی هەیـە کـە زۆر بـاش مەشـق و ڕاهێنانـی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی پـێ کـراوە، واتـا ئێـران دەتوانێـت زیانـی گـەورە بـە هەمـوو ئـەو دەوڵەتانـەی ناوچەکـە بگەیەنێـت، کـە لـە ڕووی سـەربازییەوە هاوکاریـی ئەمەریـکا دەکـەن.

لـە ڕاسـتیدا ئەزموونـی مێژوویـی ئێـران لەگـەڵ دەوڵەتانی زلهێـز و جیهـان بـە گشـتی ئـەوەی سـەلماندوە، کـە هەرگیـز پەنـا بـۆ بـژاردەی شـەڕ نـاکات، بـە تایبەتـی لـە سـاتەوەختی بەرەنگابوونـەوەی لەگـەڵ دەوڵەتـە زلهێزەکانـی وەك ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمەریـکا، هـەر چەنـد لـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا ئێـران لـە ڕووی سـەربازییەوە لاواز بـوە و ئەگـەر بـژاردەی شـەڕ لـە ئـارادا بێـت پـێ ناچێـت بتوانێـت هێنـدە بەربەرەکانێـی خۆرئـاوا بـکات.

سەرچاوە:

ماڵپـەڕی (الیـوم السـابع)، سـەنتەری کاتیهـۆن بـۆ تۆیژینـەوە

الخطة السرية لامريكا واسرائيل
هل هي محاولة لارضاخ ايران او مغازلته؟

https://www.youm7.com/story/2018
http://katehon.com/ar/article/hl_yqbl_lrws_bkhnq_yrn_mdlt_lqw_fy_lshrq_lwst

مركز الجزيرة للدراسات
ALJAZEERA CENTER FOR STUDIES

ئێران – ڕووسیا

دوو هاوپەیمانی ستراتیژی و مایەی سەرئێشە بۆ ئەمەریکا

د. فاتیمە سەمادی *
لە عەرەبییەوە: مەم پیرەمەگرونی

ئەم پەیپەرە باس لە هەڵکشانی کێرڤی هاریکاری و پێوەندیی نێوان ئێرانییەکان و ڕووسەکان دەکات لە ژمارەیەك دۆسیەی جۆراوجۆردا، لە پێش هەموویانەوە دۆسیەی سووریا. ئەم توێژینەوەیە پێی وایە ئەو دۆسیەیە گۆڕانکارییەکی بەر چاوی لە شێوازی پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو ولاتدا دروست کردوە، دوای ئەوەی کە ڕیتمێکی کلاسیکی بە خۆیەوە دەبینی لە سەر بنەمای پێگە و جڵەوگیریکردن. ئەم پەیپەرە هەوڵ دەدات ئاستی گەشەکردنی پێوەندییەکان و وێستگە و بنەما میژوویی و جیۆسیاسییەکانی ئەو پێوەندییانە بخاتە ڕوو، هەروەها وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا ئەو گۆڕانکارییە بە ئاراستەی بونیادنانی هاوپەیمانێتیی ستراتیژیدا ڕێ دەکات، یاخود تەنیا لە سنووری هاوبەشی (شەراکەت)دا دەوەستێت، کە پێیشدەچێت سنووری تاکتیك نەبەزێنێت؟

ئەم توێژینەوەیە گەیشتوەتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئەمڕۆ ئێران بۆ ڕووسیا بوەتە شەریکێکی ستراتیژی، لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هاوکاری و یارمەتی پێشکەش دەکات، لە بەرانبەریشدا لە قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست هاوکاری و یارمەتیی لێ وەردەگرێت، ئەوەیش ئەو ئامانجەیە، کە داڕێژەرانی سیاسەتی ئێران دایانڕشتوە، کاتێك بڕیاریان دا ئاستی پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕووسیا بەرز بکرێتەوە، بەڵام قسەکردن لە سەر هاوپەیمانێتییەکی سیاسی بە مانا سیاسییەکەی لەگەڵ چەند کۆسپ و ڕێگرییەکی جیۆسیاسیدا بەر یەك دەکەون، لە بواری سیاسی و ئابووریشدا ڕووبەڕووی چەند کۆسپێکی تر دەبێتەوە، جگە لە میراتیی میژوویی و هەبوونی قۆناغێکی دوورودرێژ لە بێمتمانەیی. هەر چییەك بێت، بەڵام ئەو هاوبەشی و شەراکەتەی نێوانییان لە بڕگەی زەمەنیدا مانای ئەوەیە، کە شێوە و داهاتووی ناوچەکە لە پێویستی و دەرهاویشتەکانی ئەو هاوبەشیە دوور نییە.

بەم دواییە کێرڤی پێوەندییەکانی ئێران-ڕووسیا بە شێوەیەکی بێوێنە هەڵکشاوە، ئەمەیش وا دەکات قسەکردن لە سەر فۆرمێکی نوێی سروشت و شێوازی ئەو پێوەندییانە دروست و لە جێی خۆیدا بێت. ئەگەر ڕایەڵەی پێوەندیسازی و هاریکاریی نێوان هەر دوو لا لە ژمارەیەك دۆسیەدا، لە پێش هەموویانەوە دۆسیەی شەڕی سووریا، دەرئەنجامە خوازراوەکانی هەر دوو لا بە دی بهێنێت، ئەوە مانای وایە پێوەندییەکانی نێوانیان ئاراستەیەکی جیاوازی وەرگرتوە، لەوانەیە بگاتە ئاستێکی ستراتیژی باڵا و ئەو بیرۆکە باوەیش ببەزێنێت، کە دەڵێت: پێوەندییەکانی نێوان ئێران-ڕووسیا لە سەردەمی ئەو شەڕانەی، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی قاجارییەکان (1813-1828)و تا ئەمڕۆ لە نێوانیاندا ڕوویان داوە، فۆرمێکی کلاسیکیان وەرگرتوە. ئەم فۆرمە دروست بوە لە سەر بناغەی فراوانکردنی پێگە و دەسەڵاتی ڕووسەکان لە خۆرئاوا و باشوورەوە، هەروەها جڵەوگیرکردنی خۆرئاوا لە لایەن ئێرانییەکانەوە. بە پێی ئەم گۆڕانکارییە بێت، خواستی فراوانکردنی پێگە و پێویستی بۆ جڵەوگیرکردن و گەمارۆدانی دوژمنان و ڕکابەرەکان، دەبینین داڕێژەرانی بڕیار لە سەری سوورن، ئەو پێوەندییانە دەگوازنەوە بۆ قۆناغێکی نوێ، ئەویش بریتییە لەو نیازەی کە لە ڕابردوودا بە دریژاییی ماوەی پێوەندییەکانی نێوان ئێران-ڕووسیا لە لای هیچ کامێکیان گەڵاڵە نەبوە.

بیۆگرافیای پەیوەندییەکانی ئێران – ڕووسیا

مێژووی دەستپێکردنی پەیوەندی فەرمی نێوان ئێران و ڕووسیا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی	
لە سەردەمی حوکمی یەکێتی سۆڤێت پەیوەندییەکانی نێوان تاران و مۆسکۆ زۆر خراپ بوو، لەبەر ئەوەی شای پەهلەوی ئێران لە دژی سیستمی کۆمۆنیستی بوو، لە بەرامبەردا پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆرئاوای سەرمایەداریدا زۆر باش بوو	
لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی 1979 بەرەو باشبوون ڕۆیشت، بەڵام بەهۆی ئەوەی یەکێتی سۆڤێت لە سەردەمی شەڕی عێراق – ئێران بە چەك و چۆڵ یارمەتی ڕژێمی عێراقی دەدا، تا کۆتاییهاتنی سیستمی کۆمۆنیستی لە ساڵی 1990 پەیوەندیان خراپتر بوو، پاشان بەهۆی بەرژەوەندی ستراتیژی ڕووسیاوە ئاسایی بۆوە	
ڕووسیا یەکەم دەوڵەتە پشتیوانی لە پرۆژەی ئەتۆمی ئێران دەکات، کاتێك نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی خۆرئاوا بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا هەوڵی لەناوبردنی ئەو پرۆژەیە دەدەن	
ئێران و ڕووسیا سەبارەت بە قەیرانی دریژخایەنی سوریا یەك دیدگا و تێڕوانینیان هەیە و هەردووکیان پشتیوانی لە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەکەن و هۆکاری سەرەکین لە پشت مانەوەی لە دەسەلاتدا	
ڤلادیمێر پۆتین و ئیدارەکەی پەیوەندی بەهێزیان هەیە لەگەڵ گەورە کۆمپانیا حکومی و ناحکومییەکانی ڕووسیا، کە دەگاتە ئاستی گرنگی پێدانی زۆر بە بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان، بۆیە کرانەوە بە ڕووی ئێران لە سیاسەتەکانی پۆتین نموونەیەکی ڕوونە لەسەر بەهێزی پەیوەندییەکانیان	
لە سایەی نەبوونی ستراتیژێکی ڕوونی ڕووسیا لە هەمبەر ئێران، مۆسکۆ بەردەوام دەبێت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ تاران لەسەر بنەمای دۆسیە جیاوازەکان، لەبەر ئەمەیە کە ئەمەریکا کاریگەری زۆری لەسەر سیاسەتەکنی ڕووسیا لە بەرامبەر ئێران هەیە	
کاتێك ڕووسیا هەر جموجوولێکی ئەمەریکا بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بزانێت، مۆسکۆ ڕێکاری توند بۆ تۆڵەکردنەوە دەگرێتەبەر و دژایەتی بڕیار و هەڵوێستەکانی واشنتۆن دەکات و هەوڵدەدات بە تۆندی بەرگری لە ئێران بکات بۆ دژایەتی کردنی ئەمەریکا	
نوخبەی سیاسی ڕووسیا نیگەرانە لە لەدەستدانی کاریگەریتی سیاسی و ئابووری ڕووسیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەم هۆیەشەوە ئەم نوخبەیە هەوڵدەدات تا حکومەتی ئێستای ئێران نەڕوخێت تاکو بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا نەکەوێتە مەترسیەوە و زیانی بەر نەکەوێت	
واشنتۆن بەردەوامە لەسەر جۆشدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ئێران، ڕووسیاش ڕۆڵێکی گرنگ و دەگێڕێت لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندی ئێران، بۆیە سەرکردایەتی ئێران پێیوایە مۆسکۆ قورساییەکی هاوتەرای لە بەرامبەر فشارەکانی ئەمەریکادا هەیە	

لە بۆتەی ئەم گۆڕانکارییەدا، کە سیماکانی دەبینرێت، چەند پرسیارێکی زۆر دەوروژێت گرینگترینیان ئەمانەن:

ئایا ئەو گۆڕانکارییە لە پێوەندییەکانی هەر دوو لا هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژی بەرهەم دەهێنێت، یان پێوەندییەکانیان لە چاکترین دۆخدا ئاستی هاوبەشی (شەراکەت)ی ستراتیژی سنووردار تێ ناپەڕێنێت، یان لەوە کەمتریش، بەو واتایەی کە پێوەندییەکانیان لە چوارچێوەی تاکتیك و بەدەنگەوەچوونی هەڕەشە کاتییەکان ناچێتە دەرەوە؟

پۆتین و بەدەستهێنانەوەی ڕۆڵی زلهێزی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2000ەوە، بناغەی سەرکەوتنی ڤلادیمێر

پۆتین بۆ ترۆپکی دەسەڵات لە ڕووسیا پێگەییشت. سیاسەتی پۆتین جەخت دەکاتەوە لە سەر دروستکردنی پێوەندییەکان لە نێوان ئێران و ڕووسیا لە سەر بنەمای پێویستییە ئەمنییەکانی هەر دوو لا. پۆتین درکی بەو ڕاستییە کردوە، کە پێکهێنانی هاوسەنگی لە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، سوودی زۆر بە ئێران و ناوچەکەیش دەگەیەنێت. پێشبینیی پۆتین بۆ شێوازی پێوەندیی لەگەڵ ئێران لەو ماوەیەدا دەرئەنجامێکی ئاساییشی بوو، لە سەر ئەو بنەمایەیش هەر چالاکییەکی ڕووسیا لە بواری ئاساییشدا کاریگەری و پاشەتای جیاوازی لە سەر ئاستی پێوەندییەکان لەگەڵ ئێران لێ دەکەوتەوە. سیاسەتی پۆتین جۆرێك لە لێکنزیکبوونەوەی لەگەڵ ئێران هێنایەئاراوە و کۆمەڵێك فاکتەری جیۆسیاسییش پاڵپشتیی ئەو لێکنزیکبوونەوەیان کرد، گرینگترینیان: «بەرژەوەندیی هاوبەش و کێبڕکێی هەرێمی»یە.

لە ساڵانی دوای 2000، ئاستی پێوەندییەکانی ئێران و ڕووسیا پشتی بەستوە بە ستراتیژی شەڕی خۆپارێزی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، کە لە لایەن واشنتۆنەوە ڕاگەیەنرا. ئێران و ڕووسیا پێکەوە پێشوازییان لە ڕووخاندنی ڕژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان کرد، کاریگەرێتیی گروپە ئوسوڵییەکانی ئاسیای ناوەڕاست کەم بوەوە و پاشەکشەی کرد، ئەو دوو وڵاتە وەکوو بەرەوپێشچوونێکی ئەرێنی سەربارەت بە ئاساییشی نەتەوەیی ڕووسیا و ئێران لەو بابەتەیان ڕوانیوە. ئەگەر لۆژیکی بێت بڵێین هەر چەندێك ناکۆکی و دژایەتیی نێوان ئێران و واشنتۆن زیاتر بکات، تاران بەرەو بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ مۆسکۆ هەنگاو دەنێت، بە تایبەتی لە دوای قەیرانی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، کە لە ساڵی 2002دا دەستی پێ کرد، لەگەڵ تونکردنی سزاکانی خۆرئاوا بە سەر ئێراندا لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، بەڵام ڕووسیا بە هۆی بارودۆخی ناوخۆییەوە ماوەیەکی زۆر دوودڵ بوو لە پێش پەرەپێدانی پێوەندییەکانی شەراکەت و هاوبەشی لەگەڵ تاران.

هەڵکشان و داکشانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران-ڕووسیا لە دواییین دەیەی سەدەی بیست سیمایەکی دیار بوو، بەڵام گۆڕین و ناسەقامگیرییەکەی لەبەر چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیی جۆراوجۆر بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا هاریکاریی ئابووری لە نێوان هەر دوو وڵاتدا بەهێز کرا و ئێران چەند گرێبەستێکی کرینی چەکی ڕووسی واژۆ کرد، هەر لەو سەردەمەدا قەیرانی ئابووریی ناو ڕووسیا ڕۆڵی گرینگی گێڕا، لە هاندانی کۆمپانیاکان و دامەزراوە پیشەسازییە سەربازییەکانی ڕووسیا، تاوەکوو ڕوو بکەنە بازاڕی ئێران، بەڵام فشارەکانی ئەمەریکا و ئەو سزایانەی بە سەر کۆمپانیاکانی ڕووسیادا سەپێنرابوو، لە کۆتاییدا بوە هۆکاری کشانەوەی مۆسکۆ لە جێبەجێکردنی گرێبەستە سەربازی و تەکنۆلۆژییەکانی لەگەڵ ئێران، ئەوەیش دۆخێکی لە بێمتمانەیی لە نێوانیاندا دروست کرد، بە تایبەتی لە دوای واژۆکردنی یاداشتی گۆڕ چیرنۆمێردین لە ساڵی 1995، جگە لەمەیش مۆسکۆ لە ساڵی 1998دا گرێبەستی پێدانی توێژینەوەی کوورە ئەتۆمییەکانی بە ئێران ڕاگرت.

لەگەڵ خولی سێیەمی سەرۆکایەتیی پۆتین، هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ بەدەستهێنانەوەی ڕۆڵی خۆی وەك زلهێزێکی نێودەوڵەتی و گەڕانەوەی گیانی ململانێ و کێبڕکێ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەستی پێ کردەوە، ئەوەیش کاریگەرییەکی ڕوونی لە سەر دۆخی هەرێمیی جێ هێشت، کاتێك ڕووسیا هەوڵی دا بۆ پتەوکردنی پێگە و ڕۆڵی لە ئاسیای ناوەڕاست و گەڕانەوەی بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تاوەکوو جارێکی تر قورسایی و کاریگەریی ئێران لە ڕووی جیۆسیاسییەوە بخوێنێتەوە، لەگەڵ ئەو ئامادەیی و کاریگەرییەی کە ئەو قورساییەی ئێران لە سەر

کۆبوونەوەیەکی نێوان سەرۆکی ڕووسیا و ئێران و ئازەربایجان

ناوچەی قەفقاز و دەریای قەزوین و ئاسیای ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروستی دەکات. پێشدەچێت مەترسییەکانی ڕووسیا، کە سەرەڕای ململانێیان لە زۆر لایەنیدا لەگەڵ مەترسییەکانی ئێران یەك دەگرنەوە، ببێتە هۆی گەشەکردنی پێوەندییەکانیان، لە پێش هەموویشیانەوە پێکهێنانی بەرەیەکی دژ بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان، کە هەر یەکە لە چین، ئێران، هیندستان و بەرازیل دەگرێتە خۆ، ئەوەیش بە مەبەستی دروستکردنەوەی جۆرێك لە هاوسەنگی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە سیاسەتی تاکجەمسەریی ئەمەریکا.

ناکۆکی و کێبڕکێ لە سەر دەریای قەزوین لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی سنووریان لە سەر دەریایە، کە بریتین لە: ڕووسیا، کازاخستان، ئازەربایجان، تورکمانستان و ئێران، بوەتە یەکێك لە فاکتەرە کاریگەرەکان لە بۆتەی پێوەندییەکانی ئێران-ڕووسیا. ئەوەی زیاتر مۆسکۆ و تارانی نیگەران کردوە، بریتییە لە دابەشکردنی دەریای قەزوین بە گوێرەی یاسای تایبەت بە دەریاکان، بۆیە دابەشکردنی بەیەکسانی و هاوبەشی مانای وایە زۆربەی ئەو سامان و بەروبوومانەی دەکەوێتە هەر دوو بەشی باکوور و ناوەڕاستی دەریای قەزوین، دەبێتە پشکی کازاخستان و ئازەربایجان، ئەوەیش واتە بێبەشبوونی ئێران لە سوودوەرگرتن لەو سامانی نەوت و غازەی، کە لە پێش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت خاوەندارێتیی دەکرد، لەو ناوچەیەدا کاتێك بە شێوەیەکی یەکسان دەریاکەیان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت دابەش دەکرد.

ڕێککەوتنی ئەتۆمی.. بازرگانی و ئابووری و چەك

هەندێك پێشبینی باس لەوە دەکەن، کە ئێران لە دوای ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی دەکرێت دۆستایەتی لەگەڵ مۆسکۆ بگۆڕێتەوە، لە بەرانبەر مامەڵەکردنێکی باش لە لایەن واشنتۆنەوە، ئەمەیش بە ڕوونی لە دۆسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دیارە، بەڵام هەر زوو ئەم پێشبینی و دەنگۆیانە بە هۆی دروستبوونی

جۆرێك لە هاریكاری و پێوەندی لە نێوان ڕووسیا-ئێران ئاوەژوو كرایەوە، لە دووتوێی چەند دۆسیەیەكدا لە پێش هەموویانەوە دۆسیەی سووریا.
لێكدانەوەی ڕووسیا بۆ دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران چەند تایبەتمەندییەكی لە خۆ گرتوە ئەمانەن:
-لە بەرژەوەندیی ڕووسیادا نییە، ئەگەر ئێران چەكی ئەتۆمی یان توانای پەرەپێدانی چەكی ئەتۆمی هەبێت، كەواتە ڕێككەوتنامەی ئەتۆمی دەبێتە هۆی پاراستن و بەهێزكردنی ئاساییشی ڕووسیا.
-ڕووسیا بە شێوەیەكی ڕەها لە دژی بەكارهێنانی هێز وەستایەوە، بۆ چارەسەركردنی كێشەی ئەتۆمیی ئێران، چ لە ڕێگەی لێدانی گورزی مووشەكی و ئاسمانی یان لە ڕێگەی تێكدان و پەلاماردانی پێگەكانی ئینتەرنێت، یان بەكارهێنانی هەر ڕێگەیەكی تر.
-ڕووسیای لایەنگری سەپاندنی سزای تاكلایەنە یان فرەلایەن نییە بە سەر ئێراندا، بەڵكوو داوا دەكات لە سەری لابرێت.
سەرەڕای دووڵی، گوشارەكانی ئەمەریكا لە كاتی خۆیدا بوە هۆی قەتیسكردنی ئەو هاریكارییانە لە چوارچێوەی تەواوكردنی دامەزراوەی بوشەهر، كە مۆسكۆ زیاتر لە جارێك ڕادەستكردنی هاوكارییەكانی بە ئێران دوا خست، هەر چەند ڕووسیا ڕۆڵی گەورەی لە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێراندا گێڕاوە، بە هۆی ئەوەی مۆسكۆ توانای پێدانی تەكنۆلۆژیای وزەی ئەتۆمی و بونیادنانی كووڕە ئەتۆمییەكانی هەیە، كە یەكێكە لە گرینگترین بنەماكانی ئابووریی ڕووسیا.
لە وەتەی قەیرانی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لە ساڵی 2002 دروست بوە، ڕووسیا هەوڵی دا ڕۆڵی خۆی وەك ناوبژیكار بە دەست بێنێتەوە و یارمەتیدەربێت لە چارەسەركردنی ئەو قەیرانە، بە ڕێگەچارەی ئاشتی. لە دوای هەڕەشەكانی ئەمەریكا و ئیسرائیل لە ساڵی 2005 بە ئەنجامدانی هێرشی سەربازی لە دژی ئێران، مۆسكۆ پێشنیاری كرد یۆرانیۆمی ئێرانی لە سەر خاكی ڕووسیا پیتاندنی بۆ بكرێت، بەڵام تاران پێشنیارەكەی ڕەت كردەوە. وەڵامی ئێران بۆ ڕووسیا جێگەی نیگەرانی بوو، بۆیە لە ساڵانی 2006، 2007، 2008 و 2011دا پشتیوانیی سەپاندنی سزاكانی ئەنجوومەنی ئاساییشی بە سەر ئێراندا كرد، ئەوەیش كاریگەریی كردە سەر پێوەندییەكانی نێوان تاران و مۆسكۆ تا ئەو ئاستەی مۆسكۆ سستیی نواند، لە جێبەجێكردنی قۆناغەكانی دروستكردنی وێستگەی بوشەهر، كە ماوەی (7) ساڵی خایاند، ئەمە جگە لە ڕازینەبوونی بە پێدانی سووتەمەنیی ئەتۆمی بە ئێران و پەكخستنی داوای ئێران بۆ بەئەندامبوون لە ڕێكخراوی شەنگەهای تاكوو ئەمڕۆ. ئەو دەرهاویشتانە بوونە چەند كۆسپێكی تازە لە بەردەم دروستكردنی پێوەندیی ستراتیژیی باڵا لە نێوان ئێران و ڕووسیا. لە دوای پرۆسەیەكی دانوستانی دووڕودرێژ، ئێران لەگەڵ گروپی (5+1) لە تەموزی ساڵی 2015 گەییشتنە ڕێككەوتن لە سەر بەرنامە ئەتۆمییەكەی، بەڵام ئەگەر بێت و خۆڕئاوا لەگەڵ ئێران بەشداری لە پرۆژە ئابووریيەكانی دوای ڕێككەوتنی ئەتۆمی نەكات، ئەوە دەبێتە دەرفەتێكی گەورە بۆ ڕووسیا تاكوو كەڵك لە پێگە سیاسی و ئابووریيەكەی وەربگرێت، بۆ بونیادنانی هاوبەشی و هاریكاریی زیاتر لەگەڵ ئێران، سەرەتای ئەو هاوبەشی و هاریكارییەیش دەركەوتوە و دیارترین نیشانەی ئەوەیە، كە ڕووسیا سیستمی بەرگری (ئێس 300)ی ڕادەستی ئێران كرد، ئەو سیستمەی كە لە ژێر سایەی سزا نێودەوڵەتییە سەپێنراوەكان بە سەر ئێراندا نەیدەتوانی ڕادەستی تارانی بكات. كەواتە ئەو سەودایە دەبێتە كلیلی زۆرێك لە گرێبەستەكانی چەك، بە تایبەتی كە ئێران زۆر پێویستی بە كڕینی چەكی نوێ هەیە و ڕووسیایش دەیەوێت پێوەندیی سەربازیی ماوەدرێژ لەگەڵ ئێران دروست بكات. قەبارەی كڕینی چەكەكانی ڕووسیا لە لایەن ئێرانەوە لە نێوان ساڵانی (1991-2015)دا گەیشتە 304 ملیار دۆلاری ئەمەریكی.

لـه سـەر ئاسـتی ئاڵووێـری بازرگانییـش لـه نێـوان هـەر دوو لا، بـه پێـی لێدوانـه فەرمییـەکان لـه 5 ملیـار دۆلارەوە سـاڵانە گەییشـتوەتە 70 ملیـار دۆلار. لـه سـاڵی 2014دا ڕووسـیا و ئێـران ڕێککەوتنێکیـان بـۆ دەسـتپێکردنی قۆناغێکـی نوێـی وێسـتگەی ئەتۆمیـی بوشـەهر، واژۆ کـرد و بڕیـارە هاوکاریـی نێوانیـان لـه بـواری تەکنۆلۆژیـای ئەتۆمیـدا بـەردەوام بێـت.

بـه بـێ هەبوونـی گۆڕانێکـی سیاسـیی گـەورە لـه پێوەندییەکانـی نێـوان خۆرئـاوا و ئێـران، پێوەندییەکانـی ئێـران -ڕووسـیا بەهێزتـر دەبێـت، لـه زۆرێـك دۆسـیەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا پێشـکەوتنی گـەورە بـه دەسـت دەهێنێـت، بـه تایبەتـی کـه ئێـران بـاس لـەوە دەکات زۆرێـك لـەو کێشـە و کۆسـپەکانی بـەردەم پێوەندییەکانـی مۆسـکۆ و تـاران کۆتاییـان پێهاتـوە، قۆناغـی دووەمـی دروسـتکردنی وێسـتگەی بوشـەهر لـه لایـەن ڕووسـەکانەوە بـەم نزیکانـه بـه بەهـای تێچوونـی 10 ملیـار دۆلار دەسـت پـێ دەکات، ئەمـه سـەرەڕای دامەزراندنـی بانکێکـی هاوبـەش و پێشـنیارکردنی ڕووسـیا بـه ڕاکێشـانی هێڵـی شـەمەندۆفێری کارەبایـی (جڵفـا).

گەشبینەکان و ڕەشبینەکان

هەڵوێسـتەکانی ئێـران لـه هەمبـەر دەسـتێوەردانی ڕووسـیا لـه کاروبـاری سـووریا دوو ناونیشـانی هەڵگرتـوە: یەکەمیـان پێـی وایـه سیاسـەتی ڕووسـیا، سیاسـەتێکی هێرشـبەری خـاوەن ئامانجـی فراوانخوازییـه بـۆ بەدەسـتهێنانی بەرژەوەندییەکانـی ڕووسـیا، لێکدانـەوەی ناونیشـانی دووەمیـش ئەوەیـه، کـه وەك سیاسـەتی بەرگـری لێـی دەڕوانرێـت، کـه یەکەمیـن ئامانجـی بەگژداچوونـەوەی تیـرۆر و ڕێگرتنـه لـه گەییشـتنی بـۆ نـاو خاکـی ڕووسـیا.

گۆشـەنیگای ڕەشـبینانه لـه هەمبـەر دەسـتێوەردانی ڕووسـیا لـه دیاریکردنـی ئامانـج و پاڵنەرەکانـی لـه (3) پرسـدا خـۆی دەبینێتـەوە:

1.ئـەو ڕیتمـەی لـه سـەر بنەمـای جوگرافیـا و بەرژەوەندییـه جیۆسیاسـییەکانی ڕووسـیا دروسـت بـوە. ئـەو بەرژەوەندییانـه لـه هەوڵـدان بـۆ پارێزگاریکـردن لـه پێگـه و کاریگەریـی ڕووسـیا لـه دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت بەرجەسـتە دەبێـت، کـه ڕێگەیەکـه بـۆ گەییشـتن بـه بەندەرەکانـی ڕووسـیا لـه سـەر دەریـای ڕەش، ئێستایش بەنـدەری (تەرتـوس)ی سـووری خراوەتـه نێـو ڕاسـتکردنەوەی هاوکێشـەکە وەك بەندەرێکـی گرینـگ و کاریگـەر بـۆ پێدانـی سـووتەمەنی و چاککـردن و خزمەتگوزاریـی لۆجیسـتی و پارێزگاریکـردن لـه بنکـەی ئاسـمانی ڕووسـیا لـه لازقییـه.

2.بەهێزکردنـی پێگـه و پایـەی جیهانیـی ڕووسـیا، ئەمەیش لـه سـەر ئـەو بڕوابوونـه بەنـدە، کـه ڕووسـیا دەخوازێـت پێگـەی جیهانیـی خـۆی بەهێـز بکاتـەوە، لـه پێنـاو بەدیهێنانـی هاوسـەنگیی هێـز لـه بەرانبـەر خۆرئـاوا، بـه تایبەتـی ویلایەتـه یەکگرتوەکانـی ئەمەریـکا، ئەمەیـش بـه هەنگاوێکـی ئەرێنـی بـۆ پێگـه و کاریگەرێتیـی ڕووسـیا دەدرێتـه قەڵـەم لـه کۆمەڵێـك قەیرانـدا، کـه دیارترینیـان قەیرانـی ئۆکرانیایـه.

3.کەسـێتیی ڤلادیمێـر پۆتیـن، کـه وەك یەخسـیری کولتـووری مێژوویـی و هەوڵدانـی بـۆ گەڕاندنـەوەی ئیمپراتۆریەتـی ڕووسـی، وەك ئیمپراتۆریەتێکـی جیهانـی لێـی دەڕوانرێـت.

ئـەم پاڵنەرانـه لـه لای داڕێـژەری بڕیـار لـه ئێـران پێشـوازییان لـێ ناکرێـت، چونکـه بـەو ئاراستەیه لەگـەڵ بەرژەوەنـدی و هەوڵدانەکانـی ئێـران بـۆ بەهێزکردنـی ئاساییشـی نەتەوەیـی، ڕۆڵـی هەرێمـی و پێگـەی لـه نـاو سـووریا بـەر یـەك دەکـەون. لـه بەرانبـەر ئـەم بۆچوونـەدا، بۆچوونێکـی تـر هەیـه باسـی لایەنـی بەرگـری سـەبارەت بـه دەسـتێوەردانی ڕووسـیا دەکات، بەنـدە بـه ڕیتمێکـی گەشـبینانه و پێچەوانـەی بۆچوونـی یەکەمـه و پێـی وایـه ڕووسـیا بەفیعلـی دەسـتێوەردانی لـه کاروبـاری سـووریادا کـردوە، بـۆ پارێزگاریکـردن لـه

بەرانبەر هەڕەشەکانی تیرۆردا. لایەنگرانی ئەم دید و بۆچوونە دەستێوەردانی ڕووسیا لە دۆسیەی سووریا لەو سنوورەدا دەبینن:

1.بەشداریکردنی ڕووسیا لە شەڕی دژ بە تیرۆر، ڕاستییەکی بەرجەستەیە، چونکە دەترسێت لەوەی شەڕی تیرۆر بگوازرێتەوە بۆ ڕووسیا. ئەوەی زیاتر پشتیوانیی ئەم بۆچوونە دەکات، بوونی ژمارەیەکی زۆر لە چیچانی و قەوقازییەکان و هاوڵاتیانی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاستە، کە لەگەڵ گروپە چەکدارەکاندا لە سووریا دەجەنگن و دوژمنایەتییەکی گەورەیان لەگەڵ ڕووسیا هەیە، ئەمەیش پاساوێکی ناوەندی ئێرانییەکان بە مەنتیقی جێی باوەڕپێکردن لێی دەڕوانن.

2.ڕووسیا بەکرداریی دەیەوێت پرسی بەگژداچوونەوەی تیرۆر بکاتە پرسێکی جیهانی و گرینگ بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەم گۆشەیە فۆکس دادەنێت لە سەر ئەم هەڕەشە ئەمنییە هەرێمییانەی بوونەتە دەروازەیەك بۆ هەڕەشەکردن لە ئاساییشی جیهان.

3.ڕووسیا بە شێوەیەکی سروشتی، بەرگری لە هاوپەیمانەکانی لە سووریا دەکات، بە جۆرێکی تریش بەرگری لە ئێران دەکات.

دەستێوەردانی ڕووسیا و ئاساییشی ئێران

پێدەچێت هەڵسەنگاندنی دەستێوەردانی ڕووسیا و کاریگەرێتی لە سەر بەرژەوەندییەکان و ئاساییشی ئێران، بەندە بە هەموو ڕەهەندەکانی پێشوەوە، کە بە گشتی بوە ڕەهەندێکی ڕەشبینانە لە هەندێك بوار و ڕەهەندێکی گەشبینانە لە هەندێك بواری تردا. ڕەهەندی ڕەشبینی بە هەڵسەنگاندنی (3) پرسەوە بەندە ئەمانەن:

-ڕووسیا هەوڵ دەدات بۆ سنووردارکردن و بچووککردنەوەی هێزی ئێران لە ناوچەکەدا.

-ڕووسیا لە ڕووی مێژووییەوە ناکرێت وەك هاوپەیمانێك متمانەی پێ بکرێت، چونکە لەوانەیە لە سەودایەکی بەرژەوەندیخوازی لەگەڵ واشنتۆن، ئێران بکاتە قوربانی.

-دەستێوەردانی کاریگەر و بەهێزی ڕووسیا لە کاروباری سووریا، لەوانەیە ڕۆڵی سیاسیی ئێران لاواز و نابوت بکات، لەبەر ئەمەیشە کە گۆڕانی سیاسیی داهاتوو، لە سووریا لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێت، چونکە پێدەچێت مۆسکۆ و واشنتۆن بە بێ گەڕانەوە بۆ ئێران لە سەر چارەنووسی ئەسەد پێك بێن.

بەڵام ڕەهەندی گەشبینی لە ناو ئێران سەبارەت بەو پرسە بەم شێوەیەیە:

-بوونی ڕووسیا لە دۆسیەی سووریا ئەگەری چارەسەری سیاسی بەهێز دەکات، ئەوەیش بارگرانییەکی گەورە لە سەر شانی ئێران تایبەت بە قەیرانی سووریا سووك دەکات.

-بە هۆی ڕووسەکانەوە، قەبارەی ڕازیبوونی نێودەوڵەتی لە ڕۆڵ و کاریگەرێتیی ئێران لە قەیرانی سووریا زیاد

سیاسەتی پۆتین جەخت دەکاتەوە لە سەر دروستکردنی پێوەندییەکان لە نێوان ئێران و ڕووسیا لە سەر بنەمای پێویستییە ئەمنییەکانی هەر دوو لا. پۆتین درکی بەو ڕاستییە کردوە، کە پێکهێنانی هاوسەنگی لە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، سوودی زۆر بە ئێران و ناوچەکەیش دەگەیەنێت

دەکات، ڕەهەندی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندیی ئێراندا دەشکێتەوە، ئەوەیش لە ڕێگەی پێدانی ئەولەویەت بە پرسی بەگژداچوونەوەی تیرۆر لە ناوچەکەدا. ڕۆڵی ئێران لە قەیرانی سووریا زیاتر گەشە دەکات، کە ڕووسەکان پێداگری دەکەن لە سەر ئامادەیی ئێران لە دانوستانەکانی تایبەت بە بارودۆخی سووریا.

سووپای پاسدارانی ئێران

-ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە بەهای شەراکەتی خۆرئاوا لەگەڵ ئێران بەرزتر دەکاتەوە، بە تایبەتی لەگەڵ هەڵکشانی نیگەرانیی خۆرئاوا لە بەرانبەر ڕۆڵی هەرێمیی ڕووسیا بە هۆی نزیکبوونەوەی لە ئێران.

سەرئەنجام: پێوەندییەکان بەرەو کوێ؟

پێوەندییە سیاسییەکان و هەبوونی پێوەندیی هێز لە نێوان ڕووسیا و ئێرانی ئەمڕۆ، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی سووریادا، ناوچەکە دۆخی گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێت. ئەگەر ڕەهەندە نەرێنییەکان تێ بپەڕێنین، کە بەندن لە سەر لایەنە مێژوویەکانی پێوەندی، دەردەکەوێت کە پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات لە ئێستادا هەندێك سیمای یەکسانیی سیاسیی هەڵگرتوە، لە سەر بناغەی بەرژەوەندییە جیۆسیاسی و ستراتیژییە هاوبەشەکانی نێوان هەر دوو وڵات ڕاوەستاوە، ئەوەیش لە بەرژەوەندیی هەرێمی و نێودەوڵەتیی ئێران دەشکێتەوە، بەڵام پرسیارەکە بەندە بەو ئاستەی کە تێیدا دەتوانرێت لە دەرەوەی ڕەهەندی مێژوویی پێوەندییەکان مانۆڕ بکرێت، لە کاتێکدا چەندین وێستگەی ململانێ و بێمتمانەیی بە خۆیەوە بینیوە، بە شێوەیەك کە ئاماژەی ورد نیشان دەدات، لە سەر فۆرمی پێوەندییەکانی ئەمڕۆیان و ئەوەی لە ئایندەدا لە نێوانیاندا دەگوزەرێت.

جێگەی سەرنجدانە کە یەکێك لە داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، لەوانەی بە باشی لەم ڕەهەندانە تێ دەگەن ئەویش دکتۆر عەلی ئەکبەر ویلایەتی، وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئێرانە، پێی وایە «پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا و سووریا، پێوەندیی ستراتیژین و ئایندەی ناوچەکەیش لە دەستی ئەم سێکوچکەیەدا دەبێت«. ئەگەر وای

دابنێین، کە پێکهاتە جیۆسیاسییەکان بە بەردەوامی ڕۆڵی گرینگ و کاریگەر لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا دەگێڕن، ئەوا واقیع پێمان دەڵێت، کە دۆخی جیۆسیاسی بە لای هەر دوو لاوە زۆر نەگۆڕاوە، چونکە کەلتووری سیاسیی ڕووسیا لە سەر فۆرمی ڕابردووی خۆی بەردەوامە و بارودۆخی جوگرافی و جیۆسیاسیی ئێرانیش گۆڕانێکی ئەوتۆی بە سەردا نەهاتوە. ئەم چەقبەستوویە دەمانگەیەنێتە ئەنجامێك دەڵێت: ڕووسیا لە ڕووی ئەمنییەوە متمانەی بە ئێران نییە، چونکە ئێران لە قۆناغە مێژوویی جیاوازەکاندا بوەتە کۆسپێکی ئەمنی بۆ ڕووسیا، ئەمە لە کاتێکدایە ئێران دەیەوێت شێوازێك پیادە بکات، کە لە ڕێگەیەوە بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە فەزای ناوچەکەدا بگێڕێت، هەر چەند هێشتا ڕەهەندی هەژموونگەری لە پێوەندییەکانیاندا ئامادەیی هەیە.

پێدەچێت ئەو مەترسییانە بێت وای کردوە، کە هەندێك لەو دەنگانە لە ئێران پێشوازی بکەن لە دەستێوەردانی پۆتین، لە کاروباری سووریا و نزاکردن بۆی لە سەر بڵندگۆکانی نوێژی هەینی لە تاران، بەڵام بە دیوێکی تردا بەنیگەرانییەوە دەڕوانن هەنگاوەکانی ڕووسیا لە هەمبەر ئێرانی ئەمڕۆ، چونکە پێیان وایە هاوشێوەی « گەمە گەورەکە»ی نێوان ڕووسەکان و بەریتانییەکانە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی هەمان گەمەیە کە زەمینەی خۆش کرد بۆ داگیرکردنی ئێران لە ساڵی 1941، ئەو گەمەیەی کە ڕەزا شای تووشی شۆك کرد، کە لەو بڕوایەدا نەبوو هەموو بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا لەگەڵ هێزە سەرمایەدارەکانی بەریتانیا و ویلایە تەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە ئێراندا کۆبنەوە. ئەمڕۆ ئێران بە لای ڕووسیاوە هاوبەشێکی ستراتیژییە، چونکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پشتیوانی دەکات و یارمەتی دەدات، لە بەرانبەریشدا لە قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست یارمەتی دەدرێت، ئەمەیش ئەو ئامانجەیە کە داڕێژەرانی سیاسەتی ئێران لە بەر چاویان گرتوە، کاتێك بڕیار درا کێرفی پێوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیا بەرز بکەنەوە، بەڵام قسەکردن لە بارەی هاوپەیمانێکی ستراتیژی بە مانا سیاسییەکەی لەگەڵ واقعبینیی جیۆسیاسی بەر یەك دەکەون و چەندین کۆسپی لە بواری سیاسی و ئابووریدا بۆ دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر نیازی دروستکردنی ئەو جۆرە هاوپەیمانێتییە لە لای دروستکەرانی بڕیار لە هەر دوو وڵات گەڵاڵە ببێت، (کە لەمڕۆدا بوونی نییە)، ئەوا دەیویست کار بکرێت بۆ نەهێشتنی کۆسپ و تەگەرەکان، کە هەر وەك لێپرسراوە ئێرانییەکان ڕایان گەیاندوە، پێویستی بە 5 ساڵ هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا، مۆسکۆ زیاتر لە جارێك نیشانی داوە، کە دۆستێکە دەکرێت ئێران متمانەی پێ بکات، بەڵام مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئێران و ڕووسیا بوون بە دوو هاوپەیمانی ستراتیژی، بەڵکوو ڕێگەکە هێشتا درێژە تاوەکوو هاوبەش (شەریك) ببێتە بە هاوپەیمان.

*** د. فاتیمە سەمادی-توێژەری یەکەم لە سەنتەری جەزیرە بۆ توێژینەوە و شارەزا لە کاروباری ئێران.**
سەرچاوە:
مرکز الجزیرە للدراسات
jcforstudies@aljazeera.net
http://studies.aljazeera.net

دیپلۆماسیەتی سەپاندنی سزا ئابووریيەکان

ئێران بەو فۆرمە لاوازەی ئەمەریکا دەیەوێت

عەبدولئیلا بن داودی
لە عەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک

شەڕی میدیایی لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان تا دێت بە گوڕتر دەبێت، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە چەند مانگی داهاتوودا لەگەڵ دەستپێکی سزاکان دەکەوێتە سەر لێوارى قەیرانێکی گەورە. ئیدارەی ئەمەریکا چەندین جار دووپاتی کردەوە، کە (گۆڕینی حکوومەت) و (ڕێکارى سەربازى) دژی ئێران لە ناو خشتەی کارەکانی ئەودا نییە، بەڵکوو جەختی کردەوە، ئامانجی ئەو گۆڕینی شێوازە نەك حکوومەتەکە، بەڵام سەرباری ئەوە، گومانی تێدا نییە کە حکوومەتی ئێران لە ژێر هەڕەشەدایە، چونکە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایك بۆمبیۆ ئاماژەی بەوەدا: (ئاساییش و ئازادیی گەلانی ئێران لە دەستدانێکی پەسەند کراوە لەو ڕێبازەی لە پێناو بەدیهێنانی شۆڕشدا گیراوتە بەر). لێدوانەکانی ترامپ لەو بارەیەوە ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئێرانی دەکەن. بەم دواییانە ترامپ ئاماژەی بەوەدا، کە ڕەنگە ئەو حکوومەتە بە هۆی سیاسەتی سزاکانی ئەمەریکا بڕووخێت. ئەمە لە کاتێکدا ئەو لێدوانانە وەك وەڵامدانەوەیەك هات بەرانبەر وروژاندنەکانی دژی حکوومەتی ئێرانی لە ئارادان. هەڕەشەکانی ئاراستەی حکوومەتی ئێرانی دەکرێن، هەڕەشەی ڕاستەقینەن، چونکە ناڕەزاییە بەرفراوانەکەی لە ئابی 2017 ڕووی دا، هەستی گۆڕینی حکوومەتی زیاتر کرد. لە سەر ئاستی هەرێمیش، گوتاری ئەمەریکی تیشکی خستە سەر ئەو پرسیارە زۆرانەی پەنجە دەخەنە سەر ئەو مەودایەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەری دەڕوات بۆ گۆڕینی ئێران.

ئەگەر ئامانجی سیاسەتی ئەمەریکا بریتی بێت لە گۆڕینی شێواز و دروستکردنی ناسەقامگیری لە خودی وڵاتەکەدا، دەردەکەوێت کە سیاسەتی ئێستا ڕەنگە زیانەکانی لە سوودەکانی زۆرتر بن.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە، کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و عێراق، تەنانەت یەکێتیی سۆڤیەتیش، پێمان نیشان دەدەن کە واشنتۆن پشت بە دوو ستراتیژیەت دەبەستێت لە کاتی هەوڵی گۆڕینی شێواز، ئەوانیش بریتین لە: گەمارۆدان یان گۆڕینی حکوومەتەکە. گەمارۆدان پێویستی بە ئارامگرتن و نەرمونیانی هەیە، بۆیە ئەو ستراتیژیەتیە ڕەنگە سەرکەوتنێکی خێرا یان ئاسان نەخاتە بەر دەست. لە لایەکی تریشەوە گەمارۆدان بە چارەسەرێك دادەنرێت کە دەکەوێتە نێوان کرانەوە و پاشەکشەکردن، وەك ئەوەی دیپلۆماتکاری ئەمەریکی جۆرج کینان لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو پێشنیازی بۆ کردوە بە ئامانجی گەمارۆدانی یەکێتیی سۆڤیەت. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا پێ ناچێت سیاسەتی سەپاندنی سزا بۆ گەمارۆدان دانرابێت، هەر چەند ئامانجەکانیشی ئاشکرا کراون، چونکە لەمیانەی هاتنەدەرەوە لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، ترامپ هەڵی گەمارۆدانی ئێرانی ڕەت کردەوە بە بەکارهێنانی هەمان چەمك، کەچی سزاکانی لەو مانگەدا جێبەجێ دەبن، ئاماژە بەو دەرهاویشتانە دەکات، کە بە هۆیەوە دێینە ئاراوە و دەبنە هۆی ناسەقامگیریی ئیقلیمیی زیاتر لە گۆڕینی شێوازی ئێران.

گەمارۆدان بە سیفەتە ستراتیژی جیۆسیاسییەکەی بۆ وەستاندنی بەرفراوانبوونی ئێرانی، پێویستی بە سیاسەتێکی پشوودرێژ هەیە، ئەمە جگە لە پاراستنی جۆرێك لە ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی لە سەر ئامانجی

ئەمەریکا چۆن سزا ئابوورییەکان بەسەر ئێران دەسەپێنێتەوە؟

ز	سزاکان دوای 90 رۆژ	سزاکان دوای 180 رۆژ
1	کۆت پێوەند دروستکردن بەسەر کڕینی، یان دەستبەرکردنی دۆلاری ئەمەریکی	سنووردانان بۆ هاوردەکانی کەرتی وزە و نەوت
2	کۆت پێوەند خستنە سەر بارزگانی کردن بە زێڕ و کانزاکان	کۆیت پێوەند دروست کردنی بەسەر کەرتی گواستنەوە و دروستکردنی کەشتی
3	کۆت پێوەندکردنی فرۆشتنی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کانزای خاو یان نیمچە دروستکراو	سزا سەپاندن بەسەر مامەڵەی دارایی لەگەڵ دامەزراوە ئێرانیەکان
4		قەدەغەکردنی هاوردەکردنی خۆراکی هەڵگیراو بۆ ناو ئێران

سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران لە سەردەمی ترامپ

ژ	بەروار	جۆری سزاکە
1	16 تەموزی 2017	ئامادەکاری بۆ سەپاندنی سزا بەهۆی بەرنامەی سەربازی
2	15 حوزەیران 2017	بڕیاری سەپاندنی سزا بەهۆی پشتیوانیکردن لە گروپە تیرۆریستییەکان
3	17 ئایاری 2017	بڕیاری سەپاندنی سزا بەهۆی بەرفراوانکردنی چالاکیەکانی موشەکیە بالیستی
4	3 شوباتی 2017	واژۆکردن لەسەر سەپاندنی سزا بەسەر 12 کیان و 13 کەس بەهۆی پشتیوانیکردنیان لە حوسییەکان
5	20ی ئازاری 2017	پێشنیازی توندترکردنی سزاکان بەهۆی چالاکیە ئەتۆمییەکان

ڕێکارەکانی گیراونەتە بەر بەرانبەر بە ئێران. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پاشەکشەکردن لە ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی درزێکی قۆڵی خستە پێوەندییەکانی بە دڕێژاییی زەریای ئەتڵەسی. دیارە هیچ کۆدەنگییەك نییە لە بارەی ئەو شێوازانەی ئێران گرتوویەتە بەر لە لای خۆرئاوا، جگە لەوەیش گەمارۆدان مانای گەییشتنە بە ئاستێکی دیاریکراو لە بەشداریکردن لەگەڵ ڕکابەر، بەڵام ئەو ئەگەرە دوورە بۆ ترامپ یان بۆ ئێران. لە لایەکی تریشەوە. ئەو تەمومژ و پەشۆکاوییەی دەوری ئامانجە هەرێمییەکانی داوە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەرانبەر ئەگەری تێگەییشتنی حکوومەتی ئێران لە هەمبەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، ئەمە جگە لە پابەندبوون پێیەوە.

وەك دیارە سیاسەتی سەپاندنی سزاکان بەو داڕشتنەی ئێستای سووڕە لە سەر گۆڕینی ڕەفتاری ئێران بە ڕێگەی گۆڕینی حکوومەتەکەی، چونکە بە ڕێگەی لاوازکردنی حکوومەت و بە ڕێگەی سزا و گوشارەکانی تڕەوە، ئەو ستراتیژیەتە لە بنچینەدا دەستی کردوە بە

پەیوەندیە بازرگانییەکانی وڵاتانی ئەندامی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران

ڕووسیا: ساڵی 2017 ڕووسیا بە بڕی (392) ملیۆن دۆلار کاڵای ئێرانی کڕیوە و بە بڕی (1.8) ملیاریش هاوردەی کردووە

ئەڵمانیا: گەورەترین هەناردەکاری ئەورووپی بۆ ئێران تێکڕایی ئاڵوگۆڕکردنیان گەیشتۆتە (2.97) ملیار یۆرۆ لە ساڵی 2017

بەریتانیا: هاوردەکانی بەریتانیا لەساڵی 2016 گەیشتە (191) ملیۆن یۆرۆ. هەناردەکانیشی گەیشتە (46.5) ملیۆن

فەڕەنسا: بە بڕی (1.5) ملیار یۆرۆ لە ساڵی 2017 هەناردەی کردووە. بە بڕی (2.3) هاوردەی کردووە

چین: ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان ئێران و چین گەیشتە (33.6) ملیار دۆلار لەساڵی 2017

ئەمەریکا: لەساڵی 2017 بە بڕی (137.7) ملیۆن دۆلار هەناردەکردووە. بە بڕی (63.2) ملیۆن دۆلار هاوردە کراوە

بەرپاکردنی فیتنە و قەیرانی ئابووری، کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی گەلی ئێران خۆی فەرماندەکانی لە ناو ببات. هەر چەند هەر گۆڕانێکی سیاسیی ئیجابی بۆ ئێران ڕەنگە ئامانجێکی شاییستەی بەدیهێنان بێت، بەڵام جێبەجێکردنی کردەیی ئەو ستراتیژییەتە ڕەنگە ببێتە هۆی دەرئەنجامی پێچەوانە، چونکە بە ڕێگەی بە بارمتەگرتنی گەلانی ئێران بە هۆی کردەوەکانی حکوومەتەکەی، لەوانەیە ئیدارەی ترامپ هەڵوێستی حکوومەتەکە بەهێزتر بکات.

لە هەر دوو دۆخەکەدا، تا ئێستایش ئێران هەندێك پەنجەرەی لە بەردەم والایە بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووری، ڕەنگە بە هۆی ڕکابەرایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی تر زیاتریش بن ــ بە دیاریکراوییش چین و ڕووسیا. وەك دیارە ئایەتوڵڵا خامەیەنی چیتر پشت بە ئەورووپا نابەستێت بۆ ڕزگارکردنی (پلانی کارکردنی سەرتاسەری هاوبەش)، چونکە چین و ڕووسیا هەمیشە دوو بازاڕی کراوەن لە بەردەم ئێران و دەتوانێت دەستی پێیان بگات. تەنیا چین ڕۆژانە (655) هەزار بەرمیل لە ئێران دەکڕێت، واتە نزیکەی 60% لە هەناردە نەوتییەکانی ئێران، بۆیە بە دوور دەزانرێت سەرکردەکانی بەشداری بکەن لە گوشار خستنە سەر ئێران. لە ڕاستیدا ڕەنگە چین لە جەنگە بازرگانییەکەی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر هەوڵ بدات بۆ گەشەکردنی ئابووریی ئێران. بە هەمان شێوەیش ڕووسیا زۆر گرینگیی بە گوشارخستنە سەر ئێران نادات بە شێوەیەکی تایبەت، بە هۆی

گرنگترین ڕووداوەکان دوای پاشەکشەکردنی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران

ژ	ساڵ	گرنگترین ڕووداوەکان
1	8ی ئایار	ویلایەتە یەکگرتوەکان پاشەکشە دەکات لەگەڵ دووبارە سەپاندنەوەی سزا ئابوریەکان
2	10 ئایار	ئیسرائیل گورزی ئاسمانی دژی ئامانجەکانی ئێران لەسوریا دەست پێدەکات
3	12 ئایار	ئێران هەڕەشەی دووباری پیتاندنی یۆرانیۆم دەکات گەر هاتوو یەکێتی ئەورووپا گرەنتی ڕزگارکردنی ڕێکەوتنەکە نەدات
4	18 ئایار	یەکێتی ئەورووپا هەوڵدەدات کۆمپانیا ئەورووپیەکان بپارێزێت لە سزاکانی ئەمەریکا
5	24 ئایار	ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ ئەتۆم دەڵێت ئێران ڕێزی لە ڕێکەوتنەکە گرتووە
6	31 ئایار	کۆمپانیای ژەنەڕاڵ ئەلکتەریك نیەتی ڕۆیشتنی لەئێران ڕادەگەینێت
7	6 حوزەیران	کۆمپانیای بۆینگ گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیا ئاسمانی ئیرانی پوچەڵ دەکاتەوە
8	26 حوزەیران	واشنتۆن داوا لەهەموو وڵاتانی جیهان دەکات نەوتی ئێرانی نەکڕن
9	22 ـ 23 تەموز	مشتومڕێکی توند لەنیوان سەرۆکی ئەمەریکا ترامپ و سەرۆکی ئێران حەسەن ڕۆحانی
10	30 تەموز	سەرۆکی ئەمەریکا ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەرکردەکانی ئێران لەهەر کاتێکدا بێت، ئێران ڕەتی دەکاتەوە.

ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشەی هەیانە لە سووریا. دوور لە وردەکارییەکانی پرسی ئێران، بە پێی توێژینەوەکانی کراون لە سەر سزاکان دەرکەوتوە، کە ڕێژەی سەرکەوتن لە ڕوودانی هەر گۆڕانێکی دوورمەودا بۆ ڕەفتاری حکوومەت، ڕەنگە نزم بێت، عێراقیش بە نموونە وەردەگرین. درك بە سنوری سزاکان دەکەین دژی ڕژێمە ستەمکارەکان و لێکەوتەکانی، چونکە دوای سیانزە ساڵ بە سەر سەپاندنی سزاکانی عێراقیان لاواز کرد، هێشتا شکستیان هێنا لە گۆڕینی ڕەفتاری دەوڵەت. تا دواین جار ویلایەتە یەکگرتوەکان دەستێوەردانی سەربازی هەڵبژارد بۆ بەدیهێنانی گۆڕینی ڕەفتارەکانی، کە دەبوایە بە هۆی ئەو سزایانە بە دی هاتبوایە. دوا جار، شکستی سەپاندنی سزاکان بە شێوەیەکی جەوهەری لە ئێران، وا دەکات دەستێوەردانی سەربازی ئەگەڕێکی نزیکتر بۆ ئیدارە، بەتایبەتی گەر ئێران بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بەرفراوانبوونی دەسەڵاتەکانی لە ناوچەکەدا.

لە سۆنگەی ئەگەری دروستبوونی هەر داکشانێك، ڕەنگە گۆڕینی حکوومەت لە ژێر ڕۆشناییی ئەو دۆخەدا، ئەگەرێکی سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکان گۆڕینی حکوومەتی ئێرانیان بە زەبر هەڵبژارد، لە بریی هەوڵدان بۆ چاکسازیی بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو، ئەوە دەرئەنجامەکەی کەمێك جیاواز دەبێت لە شۆڕشی (بەهاری عەرەبی). واتە شەپۆلێك لە شۆڕشکردن دروست دەبێت و پاش ئەویش گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ دروستکردنی هەیکلی وڵات، بەتایبەتییش سوپا. جگە لەوەیش، ئەگەر سەرکردایەتیی ئێران هەستی بە هەڕەشە کرد، ئەوە

جەنگەکانی پێشووتری ڕادەی بەهێزی وڵات لە شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوە بە دیار دەکەوێت. پێشتریش ئێران بە ڕێگەی هەڕەشەی دووبارە بە داخستنی گەرووی هورمز وەڵامی هەبوو، بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بە گۆڕینی ڕەفتاری بکات. بڵاوکردنەوەی بریکارە ئێرانییەکانیش لە سەرتاسەری ناوچەکە، هۆکارێکی تر بوو کە پێویستە ببێتە مایەی ترس و نیگەرانی، چونکە لەوانەیە بە شێوەکی بەرنامەداڕێژاو دەست بکەن بە ئامانجگرتنی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها پێویستە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانیش لە بیر نەکەین، چونکە (پلانی کارکردنی سەرتاسەری هاوبەش) لە بنەڕەتدا بۆ وەستانی دانراوە.

تەنانەت گەر بیرۆکەی گۆڕینی حکوومەت وەك (چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە) بۆ کێشەیەکی ئاڵۆز سەرنجڕاکێشیش بێت، بەڵام پێویستە ئیدارەکەی ترامپ بیری نەچێت، کە ستراتیژیەتی پشتپێبەستراو بۆ گۆڕینی حکوومەت، زۆر جار کاریگەریی لە سەر ڕەفتاری لایەنە حکومییەکان دەبێت، چونکە ویلایەتە یەکگرتوەکانی مێژووێکی درێژی هەیە لە گۆڕینی حکوومەتەکان ــبە خەرجیی جیاوازــ بەڵام هەمان دەرئەنجام دووبارە دەبنەوە هەموو جارێك، کە بریتییە لە درستبوونی (پشێوی). لە ڕاستیدا ستراتیژیەتی گۆڕینی حکوومەت تەنیا پشت بە لەناوبردنی ڕژێمێکی ستەمکار نابەستێت، بەڵکوو پشت بە گۆڕینی بە حکوومەتێکی دۆستیش دەبەستێت. ئاماژە بەوەیش دەکرێت، کە گرینگیدانی ئەمەریکا بە پێکهێنانی حکوومەتی دۆست لە ناوچەکە بوەتە هۆی شکستی هەوڵەکان لە عێراق و ئەفغانستان. دوا جار دۆخێکی ناسەقامگیر هاتە ئاراوە و گروپە تیرۆریستییەکان گەشەیان کرد، بەڵام ئەگەر ترامپ ئەو بڕیارەی دا، پێویستە بزانێت ئەمەریکا بەرگەی جەنگێکی تر ناگرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

لەگەڵ ئەوەیشدا، پێویستە ستراتیژیەتی ئەمەریکای تەواو، بەو پێیەی بەدیلە بۆ ڕووبەربوونەوەی ئالینگارییە ئیقلیمییەکانی ئێران وردتر بێت لە سەر مومارەسەکردنی گوشارە زیرەکەکان بە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و چالاکیی هەواڵگریی و سزای ئاراستەکراو. ئەمانەیش هەموویان مانای ئەوە ناگەیەنن کە ئەمەریکا پێویستە ئازادیی مامەڵەکردن بداتە ئێران، بۆیە لە بریی هەوڵی گۆڕینی حکوومەتەکە، پێویستە واشنتۆن کار بکات بۆ سنوردانان بۆ ئاستی مەترسییەکانی ئێران هەیەتی، ئەویش بە ڕێگەی وردبوونەوە لە سەر ئامانجە بەرتەسکەکانی وەك بەرپەرچدانەوەی دەستپێشخەرییەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری لە ناوچەکە و سنوردانان بۆ چالاکییەکانی، ڕێگەگرتن لە ناردنی چەك بۆ بریکارەکانی لە ناوچەکەدا.

سەرچاوە:

ئەنستیتیۆی واشنتۆن بۆ توێژینەوەکانی خۆرهەڵاتی دور

سەرچاوە:

دبلوماسية فرض العقوبات الاقتصادية

ايران بالشكل الذي تريده الولايات المتحدة

https://www.washingtoninstitute.org/ar/fikraforum/view/sanctions_may_lead_to_regime_change_in_iran_but_what_then

شۆڕشی بێدەنگی ئێران لە بەڵقان

پەلهاویشتنی سیاسی و مەزهەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەورووپییەکان و ئەمەریکا

ئیرجادا بروگناتی
لە ئینگلیزییەوە: ماجید خەلیل

نیمچە دوورگەی بەڵقان وەك بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو کەلتوور و بازنەی ڕۆشنبیرییە لە ئەمڕۆی جیهاندا، بەرەی ئیسلامگەرا و بەرەی دونیای مەسیحیەت و کریستیانەکان کە نوێنەرایەتیی دونیای مۆدێرن و لیبراڵی و دیموکراسی دەکەن. نیمچە دوورگەی بەڵقان وەك چۆن لە ڕابردوودا شوێنی ململانێی ئایینزا مەسیحییەکان بوە و ململانێی کەنیسەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا تێیدا چالاك بوە، بەو شکڵەیش لە ئێستادا و پاش ئەوەی عەسمانییەکان تۆرەمەی ئیسلامخوازییان بردە ئەوێوە، بە جۆرێك لە جۆرەکان موسوڵمانەکان هاتوون مێژووی ململانێی مەسیحییەکان دووبارە بکەنەوە. ڕیشەی ململانێی موسوڵمانەکان وەك ئەوەی لە خۆرهەڵاتی ناویندا لێی بە دەر نیین، لە نیمچە دوورگەی بەڵقانیشدا کۆنە قینەکانیان کە ئێستا تاوی ئابووری و سیاسەت و هێز دەیجووڵێنێت براوەتە ئەوێوە. ئێستا بە جۆرێك لە جۆرەکان ململانێی شیعە و سوننە لە بەڵقانیشدا بوونی هەیە لە بۆسنە و ئەلبانیا و مەکەدۆنیا، لەوێدا هەم ئەژمووندی عەرەبستانی سعوودیە هەیە، هەم تورکیایش خۆی بە خاوەنی ئەو موسوڵمانانە دەزانێت، تورکیا وەك چۆن زمانی ناسیۆنالیستی بۆ تورکمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست کار پێ دەکات، لەوێش زمانی مێژوو، زمانی ئایینی خستوەتە گەڕ، ئێرانیش جەنگە ستراتیژییەکەی لە خۆرئاوادایە، دەیەوێت بە خۆرئاوا بڵێت، چۆن تۆ قەتەر و بەحرەین و وڵاتە عەرەبییەکان لە لێواری سنووردا نۆکەرتن، منیش بریکارەکانم لە سنورەکانی ئێوەدا هەیە.

ئێران دەمێکە و بەتایبەتی لە پاش شۆڕشی ئیسلامی 1979وە هاتوەتە ئەو هەڕێم و زۆنەی ئەوروپاوە و لەوێدا بە گورجی دامەزراوە و ناوەند و کۆمەڵەی فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی دروست کردوە و جیا لەوەیش بیر و ئەندێشەی ئایەتوڵاکانی لە لای موسوڵمان و ڕۆشنبیر و سیاسییەکانی ئەوێدا بەرەو پێداوە ئێران لە بەڵقاندا هەم ڕیشە مێژووییەکەی کردوەتە چەکێك و مەبەستیەتی بڵێت ئەو ڕەوگە سۆفییزمە بەکتاشییەی کە لەوێ هەیە جیا نییە لە ئایینزای شیعە، هەمیش دەیەوێت بڵێت لە نەوەدەکان و لەو کاتانەی کە بە بەر چاوی ئەوروپاوە کۆمەڵکوژ دەکران ئەوە ئێمە بووین فریادڕەستان بووین نەك موسوڵمانە سوننی مەزهەبەکان. ئێران دەیەوێ بڵێت ئێوە کەلتوور و بازنەیەکی ڕۆشنبیری جیاوازن و پێناسەی موسوڵمانبوونتان تێکەڵ بە پرۆژە ناسیۆنالیستییەکە بکەن. ئێران هاندەری باوەڕێکە کە موسوڵمانبوون دەتوانێت شۆڕشەکەی پێ بەرێتە دەرێ، ئەو شۆڕشەی لە یەمەنەوە تا سووریا درێژەی پێ داوە و هیلاڵێکی بۆ خۆی دروست کردوە. دیارە لە هەموو ڕوویەکەوە ئێرانییەکان کەڵکمەندن دەبن، چونکە بەڵقان زەمینەیەکی لە بارە، هەم بۆ ململانێ ئایینییەکە هەمیش بۆ ململانێ نەتەوەییەکە. لێرەوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هاوکێشانە ئێران هەر چمکێکی ململانێکانی بەر دەکەوێت، هەر بۆیە جێگەی خۆی بوو لە قسەکردن لە مەترسییەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی لە بەڵکاندا تەنیا پێداگریی لە ڕەوگەی سەلەفیە جیهادییەکان نەکرێت، بەڵکوو لە دەرەوەی ئەوان گروپی ڕادیکاڵتر و هاندراوتر هەن، کە دونیای شیعە ڕابەرایەتییان دەکات و بە جۆرێك لە جۆرەکان بوونەتە نیگەرانی بۆ ئایینەدەی خۆرئاوا و ناوچەکە و

بـە چـاوی کێشـەیەکی جیدیـش چاویـان لـێ دەکـەن. دیـارە ئـەو ململانێیـەی کـە ئەمـڕۆ ئێـران وەك شۆڕشـێکی هەناردەکـراوی بێدەنـگ دەکات، هەندێـك جـار خـودی حکوومەتـەکان پشـتیوانیی دەکـەن، بەتایبەتـی کاتێـك مەبەسـتیان بێـت لـە بەرانبـەر تێکەڵبـوون بـە ئەورووپـای یەکگرتـوو قسـەیان هەبێـت، هەندێـك جاریـش لـە دەرەوەی ئـەو سیاسـەتەیە و بوەتـە ئایدیۆلۆژیـا و بـاوەڕ کـە مەترسـییە سـەرەکییەکە لێرەدایـە و بەشـاراوەیی و لـە دەرەوەی چـاوی حکوومەتەکانیـان لاوانـی تێکـەڵ دەبـن، بەتایبەتـی ئـەو لاوانـەی کـە پـەروەردەی هـەزاران مامۆسـتای گۆشـکراوی زانکۆکانـی ئێرانـن.

سەردەق

ناسـنامەی بەڵقانییـەکان و ئـەو خەڵکـەی کـە لـەوێ دەژیـن وابەسـتەیە بـە پێگـە جیۆگرافییەکەیانـەوە. نیمچـە دوورگەکـە لـە ڕابـردوودا کەوتبـوە دووڕیانـی یۆنـان و لاتینییەکانـی ئیمپراتۆریەتـی ڕۆمـاوە و ببـوە ناوەنـدی ئایینـە هەمەچەشـنەکان و دواتریـش شـوێنی بەریەککەوتنـی کریسـتیان و موسـوڵمانەکان بـوو. هـەر وەك ماریـا تۆدۆرۆڤـا بـە ئاماژە بـۆ بەڵقانییـەکان دەڵێـت: «دوو میراتیـی جـودا لـەو نێوەنـدەدا چارەنووسسـازن، لەوێـدا کەلچەرێکـی هـەزار سـاڵەی بیزەنتییـەکان لـە بواڕەکانـی سیاسـی و فەرهەنگـی و ئایینییـەوە شـوێنی دانـاوە. دوەم میـرات لـە بەڵقانـدا شـوێنی زیـاد لـە نیوسـەدە فەرمانبـەرداری سیاسـی و هەژموونـی کەلتووری و دامەزراوەیـی عوسـمانییەکانە. هەمـوو ئـەو بازنـە ڕۆشـنبیرییە جیاوازانـە کاریـان لـە سـەر شرۆڤـەی قوڵـی ناسـنامەی بەڵقانییـەکان بـە جـێ هێشـتوە. لێرەدا ئـەوەی ڕەچـاو دەکرێـت دواکەوتنـی گەشـەکردنی شوناسـی نەتەوەیـی موسـوڵمانەکانە. دیـارە پێوەندیدارێتیـی موسـوڵمانەکان و بەڵقانییـەکان لـە مـەڕ پێوەندیداریـی ئاییـن و سیاسـەت پێویسـتە پشتبەسـتوو بێـت بـەو توراسـە ئایینـی و کەلتوورییـە عوسـمانییەوە. ئەوەیـش بـە بـێ فەرامۆشـکردنی ئـەو ڕەوشـە سیاسـییە، ئەوەیـش پێویسـتە ڕەچـاو بکرێـت کـە ئـەوان بوونەتـە کەمینـە و پێکهاتەیەکـی دانیشـتوو لـە نێـو بەڵقانـدا. هـاوکات موسـوڵمانەکان لـە بەڵقانـدا خاوەنـی چەنـد نەتـەوە و ئیتنـی جـودا و ڕیشـەی نەتەوەیـی لێـك جیـاوازن، کـە ئەوانیـش تورکیـا و ئەڵمانیـا و بۆسـنییەکان، تۆربێشـیس، گۆڕانـس، کۆسـۆڤییەکانن. لـە ئێسـتادا بـە گوێـرەی سـەرژمێرییەك ئایینـی ئیسـلام بـە دوەم ئاییـن دێـت لـە پـاش کریسـتییانەکان لـە ناوچـەی بەڵقانـدا. دیـارە جگـە لـە تورکیـا، تێکـڕای دانیشـتوان لـە نیمچەدوورگـەی بەڵقانـدا 50 ملیـۆن هاوڵاتـی دەبـن، لـە نێـو ئەوانـدا 17 ملیۆنیـان هاوڵاتیـی موسـوڵمانن. موسـوڵمانە بۆسـنی و ئەلبانییـەکان دەگەڕێنـەوە سـەر ئـەو هاوڵاتییانـەی کـە لـە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا هاتوونەتـە سـەر ئایینـی ئیسـلام. بـە پێچەوانـەی کریسـتیانە بەڵقانییـەکان، ئەوانـی تـر شـوێنکەوتەی ئایینـی فەرمیـی عوسـمانییەکان بـوون و بوونەتـە شـوێنکەوتەی سیاسـەتی ئایینییانـەی عوسـمانییەکان. دیـارە لـە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا بـاوەڕ خاوەنـی تایبەتمەندییەکـی ئایینـی بـوە کـە هەژموونـی بـە سـەر نەتەوایەتـی و ناسـیۆنالیزم دا هەبوو. تێگەییشـتنێك بـۆ ئـەم دوو چەمکـە لـە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا تـا دەسـتپێکی سـەدەی بیسـتەم بوونـی نەبـوو، بەڵکـوو بـە جۆرێـك لـە جـۆرەکان عوسـمانیبوون مانـای بـاوەڕداری و هاوڵاتـی بـوون و ئیسـلامیگەریی دەگەیانـد.

ئیسـۆ پێـی وایـە ئیسـلام نەبـوە فاکتەرێکـی بەهێـز لـە پرۆسـەی بونیادنانـی نەتـەوەی دانیشـتوانە موسـوڵمانەکانی بەڵقانـدا، بـۆ نموونـە لـە بانگەشـەی سیاسـیی بەڵقانییەکانـدا، هیـچ ڕەگەزێکـی ئایینـی بـە دی ناکرێـت و لـە لای ئەلبانییـەکان شوناسـی ئایینـی ئامادەیـی نییـە و لـە چـاو پێودانگـە نەتەوەییەکەیانـدا بەپلـەی دوەم گرینگییەکـەی بـاس دەکرێـت. موسـوڵمانانی بۆسـنە بـە هەمـان شـێوە لـە نێـو ناسـنامەی نەتەوەییانـدا گرینگـی دەدەن بـە ئایینـی ئیسـلام، بـەڵام

زیاتـر ڕەگـەز و بنەمـا سـێکۆلارەکان لـە ئەتواریانـدا ڕەنگـی داوەتـەوە. موسـوڵمانانی بۆسـنە و ئەلبانییـەکان لـە دەسـتپێکی سـەدەی بیسـتەمدا هەسـتیاری و هۆشـی نەتەوەییـان گەشـەی کـرد. هـاوکات هـەر لـەم وڵاتانـەدا ڕژێمـە کۆمۆنیسـتییەکان ڕۆڵێکـی بەرچاویـان لـە پرۆسـەی سـیکۆلاربوونی دانیشـتواندا گێـڕا. لەگـەڵ کەوتنـی ڕژێمـە کۆمۆنیسـتییەکان لـەو وڵاتانـەی بەڵقانـدا، ئیـتر دانیشـتوانی موسـوڵمان ڕووبـەڕووی کێشـەی نـوێ بوونـەوە. هـەر لەوێـدا و لـە بۆسـنە دا نزیکـەی 200 هـەزار موسـوڵمان کـوژران و بـە هەزارانیـش لـە کۆسـۆڤۆ دا سـەر بـڕان. بەتایبەتـی کوشـتوبڕی 6000 موسـوڵمان لـە مـاوەی چەنـد ڕۆژێکـی کەمـی 1995دا تەنهـا لـە سربیـادا. هەمـوو ئەوانـە بوونـە مۆرکـی قڕکـردن و جینۆسـایدی موسـوڵمانانی بەڵقـان. دیـارە لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوەی ڕژێمـە کۆمۆنیسـتییەکان لـەو وڵاتانـەدا، پێویسـتە تێبینیـی وەرچەرخانـی خەڵکـی بکرێـت بـۆ گەڕانـەوە بـۆ ناسـنامەی ئایینییـان. هـەر بۆیـە لـە سـایەی ئـەو ڕژێمـە تۆتالیتـار و تاکڕەوانـەدا موسـوڵمانانی بۆسـنە و ئەلبانیـا درێژەیـان داوە بـە ڕەگەزەکانـی کەلتـووری ئیسـلامی لـە نێـو هەنـاوی کۆمـەڵ و تاکەکانیانـدا. لـە هەمـان کاتـدا قۆناغـی دووردرێـژی سـەرکوت و بندەسـتی، کاریگەرییەکـی نێگەتیڤـی هەبـوو، چـوون بـوە هـۆکاری لاوازبـوون و سسـتبوونی ڕەوگـەی ئیسـلامی سـوننی لـە بەڵقانـدا. ئەمەیـش بۆشـاییەکی دروسـت کـرد و دەبـوو بـە ناسـنامە و ڕێچکانـە ئایینییـە جیاوازەکانـی تـر پـڕ بکرێتـەوە. ئەمـە بـوە فاکتـەری چوونـە نـاوەوەی سـۆفییزمی ئیسـلامی بـۆ نێـو موسـوڵمانانی ئەلبانیـا و بۆسـنە. هـاوکات کـۆچ و لێشـاوی بەرینـی ئـەم دواییـەی موسـوڵمانانای خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ بەڵقـان، دیسـانەوە شـۆێنەواری فـرەی لـە سـەر ئیسـلامی ڕادیـکاڵ دانـا لـەو نیمچـە دوورگەیـەدا، هـەر بۆیـە ئـەم ڕەوشـە نوێیـە بـوە دەرهاویشـتەیەك تـا سـەرلەنوێ پێناسـەی ئاییـن و پەیـڕەوی ئاییـن و وێنـای ئاییـن لـە بەڵکانـدا بخوازرێـت. بـۆ ئـەم مەبەسـتە ڕۆڵـی ئیسـلام لـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا بـوە ئامرازێکـی سیاسـی. ئـەم بەرەوپێشـچوون و گۆڕانکارییانـە بوونـە هـۆی بـرەوی بەرژەوەندیـی کارەکتـەرە نێونەتەوەییـەکان لـە نێـو موسـوڵمانانی بەڵقانـدا هەندێـك جـار ئـەم کارەکتەرانـە هەوڵیـان دەدا کۆنتـرۆڵ و هەژمـوون و شـێوەگیربوونی خۆیـان بـە سـەر موسـوڵمانانی ئەمرۆکـەی نیمچـە دووڕگـەی بەڵقانـدا دابنێـن.

ئێـران یەکێکـە لـە دیارتریـن ئـەو ئەکتەرانـەی، کـە سـەرنجەکانی خـۆی و بەرژەوەنـدی و بایەخـی خـۆی لـە نێـو موسـوڵمانانی بەڵقانـدا چـڕ کردوەتـەوە، دیـارە لـە ئەلبانیـادا 70% دانیشـتوانی ئـەو وڵاتـە موسـوڵمانن، پـاش هەڵوەشـانەوەی کۆمۆنیـزم لـە ئەلبانیـادا، واتـە لـە سـاڵی1991دا موسـوڵمانە بناژۆخـوازە عەرەبـەکان مزگەوتەکانیـان لـە ئەلبانیـا کـردە چەکـی سـتراتیژی. ئـەو ڕەوشـە نوێیـە لـە بەرژەوەندیـی ئەوانـدا بـوو. چـوون

ئیپسـۆ پێی وایە ئیسـلام نەبـوە فاکتەرێکی بەهێز لـە پرۆسـەی بونیادنانـی نەتـەوەی دانیشـتوانە موسـوڵمانەکانی بەڵقاندا، بۆ نموونە لە بانگەشەی سیاسـیی بەڵقانییەکاندا، هیچ ڕەگەزێکی ئایینی بە دی ناکرێـت و لە لای ئەلبانییەکان شوناسـی ئایینی ئامادەیی نییە و لە چاو پێودانگە نەتەوەییەکەیاندا بەپلەی دووەم گرینگییەکەی باس دەکرێت.

لەوێـوە بواریکـی بەرینتریـان دەسـتکەوت تـا دزە بکەنـە نێـو وڵاتـە دراوسـێکانی تـرەوە. بـۆ نموونـە دزەیـان کـردە نێـو وڵاتـی مەکەدۆنیـاوە، چـوون لـەوێ موسـوڵمانە ئەلبانییـەکان کەمینەیەکـی بەرچـاوی ئـەو وڵاتـە بـوون. ئیـتر لـەوێ پێکهاتـەی پەیامدارانـی ئایینـی بـە زووییـ لـە لایـەن فەندەمێنتاڵـە عەرەبەکانـەوە هەژموونـی

موسوڵمانانی سوونن له ناوچەی بەڵقان پرۆژەی فراوانخوازی ئێران پەك دەخەن

بە سەردا کرا. هاوکات کێبڕکێ لە نێوان ڕادیکاڵە عەرەبەکان و ئێرانییەکاندا لە ناو گۆڕەپانی ئایینی ئەو وڵاتەدا دەرکەوت. دیارە هەژموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەمتر بوو، بەڵام کاریگەریی ئیخوان موسلمین و بناچۆخوازە وەهابییەکان لەوێندەر واتە لە سەر نەریتی ئیسلامگەرای سوننی بەڵقانییەکان زیاتر بەر چاو دەکەوت. لەو ماوەیەدا ئێرانییەکان داکۆکییان دەکرد لە سەر بەشداریی پێشینەیان لە سەر میراتی سۆفییزمی ئیسلامی لە ناوچەکەدا. هاوکات ئێرانییەکان لە ڕێگەی باڵوێزخانەکانی تاران و ناوەندە کەلتوورییەکانەوە زیاتر بژاردەی خوێندەوار و ڕۆشنبیریان بە هەند وەردەگرت و بە سیمینار و کۆڕو کۆبوونەوەی ئەکادیمی هاتبوونە نێو ژینگەی موسوڵمانانای ئەوێوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لەو کاتە و لە ئێستایشدا مزگەوتێکی شیعەکان لەو ناوچەیەدا بوونی نەبوو، بەڵکوو ناوەندە کەلتوورییەکان ببوونە خاڵێکی سەرەکی لە هەژانە ئایدیۆلۆژییەکەیان لە ناوچەکەدا.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا و بە تایبەتی دۆسیەی موسوڵمانانی بۆسنە و هەرزەگۆڤین و هەروەها موسوڵمانانی ئەلبانیا جەختیان لە بارەوە دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەوان دوو پێکهاتەی موسوڵماننشینی گەورەن لە نێو ئەو جوگرافیا دیاریکراوانەدا. لەو وڵاتانەدا و لە میانی قۆناغەکانی جەنگی ساردا پووکانەوە و پلیشانەوەی هەزری خوداناسی تێبینی کراوە، بەڵام لە پاش قۆناغی کۆمۆنیزم، دەکرێت تێبینیی ئەو ڕاستییە بکەین کە

بوژانەوەی ئیسلامیزم و هاتنە پێشەوەی سەرلەنوێی ئایین وئایندارى دەستى داوەتەوە خۆ نومایانکردن. ئامادەیی سۆفییزم وەك ئاڕاستەیەکی عیرفانی لە نێو بەڵقاندا

لە میانی دەسەڵاتدارێتیی عوسمانییەکاندا، ئیسلام ئامڕازێکی سیاسیی باو و گشتگیر بوو. ئایین شوێنێکی بەرین و کاریگەری لە نێو دانیشتوانی موسوڵمانی ئیمپراتۆریەتەکەدا داگیر کردبوو. دەسەڵاتی عوسمانی بە سەر باکوور و خۆرهەڵاتی ئەوروپادا دەشکا، هەر بۆیە ئەمە دەرفەتێکی لە باری ڕەخساند بوو تا ئایینی ئیسلام لەو دەڤەرانەدا بڵاو ببێتەوە. دەوڵەت بۆ ئەوەی ئەو پاساوانە فەراهەم بکات کە ئایین ئامڕازی جێگیری و هێوریی سیاسییە، بایەخێکی فرەی بە دامەزراوە ئایینییەکان دەدا و بەمەیش داکۆکیی لەو بەهایانە دەکرد کە ئایین دەتوانێت خزمەت بە کامەرانی و کارامەیی دەوڵەت و خەڵك بکات. لێرەوە بایەخدان بە ئایین بوە فاکتەرێك تا گروپەکانی تر شرۆڤەکانیان بۆ ئیسلام بڕەو پێ بدەن و لە نێویاندا زۆر جار دید و تێڕوانین و ڕەوگەی سەربەخۆ دەردەکەوت. لێرەوە تەریقەتەکان و ڕەوگە ئایینییەکان دەردەکەوتن، ئەوانە بەپێچەوانەی زاناکانی سەر بە میری، پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بوون و یەکەیەکی دابڕاو لە دەوڵەت بوون و زۆر جار بە شێوەی سەربەخۆ دەردەکەوتن. دیارە هەڵەین گەر وا بزانین بەردەوام و تا سەر تەریقەتەکان و زاناکان یان ئەوانەی سەر بە بیروباوەڕی فەرمیی میری بوون لەگەڵ تەریقەتەکان لە ململانێدا بوون، بەڵکوو بەکاوەخۆ ئەم دامەزراوانە تێکەڵ بە یەکتری بوون و بە جۆرێك پشتیوانییانی سیستەم زۆرترینیان لە تەریقەتەکانی عوسمانییەوە بوون، بەتایبەتی دامەزراوەی زانایان و بیروباوەڕە فەرمییەکانی ئایین. لەم ڕوەوە ناتوانین بە بێ ڕەچاوکردنی ڕۆڵی تەریقەتە سۆفییەکانی بەڵقان تێ بپەڕین. سۆفییزم یان تەسەوف وەك ئاڕاستەیەکی عیرفانی ناوەکی شرۆڤە کراوە. پەیڕەوکەرانی سۆفییزم فرە جار گەڕاونەتەوە سەر ڕیشە و ڕێباز و ڕەوگەی جیاجیا. هەر یەك لەو ڕێبازانە دەگەڕانەوە سەر کەسایەتییەك یان خانەدانێك کە بە مەولا ناو دەبرا، ئەوانە خۆیان وابەستە دەکرد بە درەختی ڕەچەڵەکێکەوە کە بناغەکەی خۆی وابەستە دەکرد بە خانەوادەی پێغەمبەری خودواو (د. خ). سۆفییزم لە سەدەکانی هەشت و نۆوە وەك بزووتنەوەیەکی سۆفییانە دەرکەوتوە. گرینگترین و دیارترین تەریقەتی سەردەمی عوسمانییەکان بریتی بوو لە تەریقەتی بەکداشی. زۆرترینی گروپە ئیتنییە موسوڵمانەکان کە لە نیمچە دوورگەی بەڵقاندا دەژیان، بریتی بوون لە ئەلبانییەکان. بە گوێرەی سەرژمێرییەکانی ئەو کات نزیکەی پێنج ملیۆن ئەلبانی موسوڵمان هەبوون. بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوان کەوتبوونە بەشی نێوەند و باشووری نیمچە دوورگەکەوە کە دانیشتوانی ئەلبانیا و کۆسۆڤۆ و خۆرئاوای مەکەدۆنیای دەگرتەوە. هاوکات گروپێکی بچوکەکەی ئەلبانییەکان کە لە قۆناغی ڕژێمەکەی تیتۆدا کۆچیان کردبوو، ڕاگوێزران و ئێستایش لە بۆسنە و کرواتیا و مۆنتیگرۆ دا دەژین. ڕەوگەی ئایینی بەگتاشی بواریکی دەگمەنی ژیانی ئایینداریی ئەلبانەکان بوو. حاجی بەکتاش وەلی (1209ـ71) ڕێبازی بەکتاشی لە سەدەی سێزدەدا دامەزراند. حاجی بەکتاش لە نیشاپوری ئارسەوە هاتبوو، ئەو ماوەیەکی فرەی تەمەنی خۆی لە ئەنادۆڵدا وەك میسیۆنێر بە سەر برد. ئەم ڕێبازە لە بەڵکاندا هەر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بڵاو کرایەوە. بە شێوەیەکی تایبەتییش لە باشووری ئەلبانیادا فرە بەهێز و بڵاو بوو. باوەڕەکانی بەکتاشییەکان لە سەر بنەمای زانیارییەکانی پەیامبەر و قورئان بوون. ئەوان ڕێزی لە ڕادەبەدەری خانەوادەی پێغەمبەر و عەلی ئامۆزای پێغەمبەر و هەر دوو نەوەکەی حەسەن و حوسین-یان لە لابوو. بەم پێیە ئەوان لەگەڵ ڕەوگەی

شیعەدا زۆر تەبابوون و پێك دەهاتنەوە. بەکتاشییەکان لە بریی بەکارهێنانی مزگەوت، نوێژ و بەندایەتی و کۆبوونەوەکانیان لە پەرستگایەکدا دەکرد کە پێیان دەگوت تەکیە. ئەوەی لە ڕێبازی بەکتاشیدا تێبینی دەکرا ئەوە بوو، کە سەبارەت بە باوەڕە ئایینییەکانی تر لێبوردە و سنگفراوان بوون. بەکتاشییەکان لەمەڕ ئەو موسوڵمانە کۆنخواز و نەریتخوازانە فرە نیگەران بوون کە بە فەرامۆشکردنی سادەترین ڕێساکانی ئیسلام ناڕازیبوون، وەکوو خواردنەوە و سەرپۆشی ژنان و سەردانی مەکە، هەموو ئەوانە شتێکی گرینگ نەبوو لای بەکتاشییەکان هەر بۆیە بەسانایی لە ناو پێڕ و پێڕەوانی ئایینەکانی تردا شوێنیان دەبوەوە.

یەکێك لە ئاستەنگەکانی بەردەم ناساندن و پێناسەکردنی ڕەوگەی بەگداشی، بریتییە لە شێوە جیاوازەکانی نومایانی ئەم ڕێبازە لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا. دیارە بەکتاشیزم لە پاش کۆمۆنیزمی ئەلبانیا بە شێوەیەکی فرە تایبەت جیاوازە لەو نەزمی بەکتاشیگەرییەی کە لە ئەنادۆڵ یاخود ناوچەی عەلەوییەکان یان تەنانەت لە بەکتاشیزمی پاش کۆمۆنیزمی ئەلبانیا هەبوو. ئەمڕۆ بەکتاشییەکانی ئەلبانیا وەك کەمینەیەکی شیعیی لە نێو دانیشتوانی سوننە مەزهەبی ئەلبانیدا دەناسرێنەوە، ئەوان وەك ڕەوگەیەکی تەسەوف و بزووتنەوەیەکی مەزهەبی ئەلبانیی هاتوونەتە بەر چاو. سەرەڕای بوونی مشتومڕێك لە سەر پرسەکە، بەڵام هەندێك تۆژەر پێیان وایە کە بەکتاشییەکان ڕەوگەیەکی سۆفیگەر نیین. ئەوان ڕاستە بە ڕواڵەت و بە شێوەیەکی فەرمی لە سەر مەزهەبی سوننیی هەژمار کراون، بەڵام لە بنچینەدا ئەوان شیعەن. دەکرێت بە تائیفەی بناژۆو پەڕگیریی وەك غوڵات بەراورد بکرێن، ئەوانەی کە سەردەمانێکی پێشووتر لە ئەلبانیادا بڵاو ببوەوە. لە ڕابردوودا بەکتاشیەت ببوە یەکێك لە گرینگترین دامەزراوەکانی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. هەروەها ناوەندە ڕۆحییەکانی ئەوان بڵاو ببوونەوە، بە جۆرێك لە شارەکانی قاهیرەوە بۆ بەڵقان و لە ئەنادۆڵەوە بۆ تورکمانستان سەهەندیان بە سەر بیروباوەڕی خەڵکییەوە وەشان کرابوو. گرینگیی ئەم ڕەوگەیە لە نێو فەرهەنگی تورکیادا، وەستابوو لە سەر ئەو سروشتی پێکەوە ژیانەی جیاوازییەکانی نێوان نەریتی شیعە و سوننە. هاوکات بەکتاشییەکان بوونە پیاوانی ئایینی لە نێو یەکە سەربازییە ئینکشارییەکاندا، ئەوانە ئەو سەربازە لاوانە بوون کە لە باوەڕی کریستیانەوە ببوونە موسوڵمان و وەك سەرباز ڕادەهێنران و گۆش دەکران، دیارە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە گەر بگوترێت خودی بەکتاشییەکان بە بایەخەوە لە نەریتە ڕۆحییەکانی کریستیان و دیانەکان دەیانڕوانی. بەمەیش بەڵکانییەکان بوونە هێزێکی فرە بەرچاو لە نێو بەڵقاندا. لێرەوە ئاشنا بوون بە ڕوانگەو ڕیشەی ئیسلامەتی و باوەڕی موسوڵمانان. لە قۆناغی سەربەخۆیی ئەلبانیادا لە 1912دا زۆرێك لە ڕۆشنگەر و ڕۆشنبیرەکانی بزوێنەری سەربەخۆیی لەوانە شاعیری نیشتیمانی ئەلبانیا نەعیم فراشیریی سەر بە مەزهەبی بەکتاشی بوو. ساڵی 1925 مستەفا کەمال ئەتاتورك بە تۆندی ڕووبەڕووی تەواوی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان بوەوە و تەواوی تەکێ و خانەقاکانی داخستن، هەر بۆیە پێویستبوو بەکتاشییەکانیش سەرکردایەتییەکەیان بگوازنەوە و خۆیان ڕزگار بکەن بۆ ئەم مەبەستە (تیرانا) یان بە باشترین بژاردە زانی. ساڵی 1929 سێهەم کۆنگرەی بەکتاشییەکان لە شاری کورکا گرێ درا. لەو کۆنگرەیەدا بڕیار درا کە نێوەندی سەرکردایەتیی بەکتاشییەکان ببڕێتە تیرانا. دیارە ئەوە ڕوونە، کە لە سەردەمی کۆمۆنیزمدا و لە سایەی حوکمی کۆمۆنیزمدا لە نێو ئەلبانیادا ئایین بە شێوەیەکی فرە تۆتالیتاری یاساغ کرابوو. تەکێکانی بەکتاشییەکان لەبەر ئەوەی کەمتر بەرچاو بوونن لە چاو مزگەوتەکانی

سـوننی مەزهەبەکانـدا کەمـتر ڕووبـەڕووی داخسـتن و کوێربوونـەوە بوونـەوە. هـاوکات وا پێشـچاو دەکەوێت کە لـە ڕووی زمانەوانییشـەوە بەلکانییـەکان مۆرکـی سروشـتی کۆمەڵایەتیـی بەکتاشـییەکانیان وەرگرتبێـت. لێـرەوە بـۆ نزیکـەی هەشـتا سـاڵ بەکتاشـییەکان پشتبەسـتووبوون بـە ڕەمـزە نیشـتمانییەکانی ئەلبانـەکان و زمانـی ئەلبانـی لـە زانیاریـیە فـرە تایبەتییەکانـی پێڕێکـی دیاریکـراوی ئـەوان بـە کار دەهـات. دەتوانرێـت بگوترێـت کـە ئەمڕۆکـە کۆمەڵـی بەکتاشـی لێوانلێـون لـە تایبەتمەندییەکانـی نەتـەوەی ئەلبـان. لـە ڕاسـتیدا کۆمەڵـی بەکتاشـی لـە ژێـر سـایەی فەرمانڕەوایەتیـی ڕژێمـە کۆمۆنیسـتییەکەی ئەنـوەر خواجـەدا بندەسـت و چەوسـاوە بـوو، بـەڵام بـە هـەر نرخێـك بێـت توانیـی بـەر بەرێـت و خـۆی ڕابگرێت. هـەر بۆیـە ئەمـڕۆ بەکتاشـییەکان لـە ناوەنـد و باشـووری ئەلبانیـادا ئامادەییەکـی بەرچاویـان هەیـە و ڕەوگەیەکـی کاراو دامـەزراون. بـە پێچەوانـەی ئەوانـەوە ئیسـلامە سـونییەکان زێدەتـر دەکەونـە ناوچـە شـارییەکانی ئەلبانـەوە، ئـەوە بـە جۆرێکـە کـە دەگوترێـت بەکتاشـیزم بوەتـە ئایینـی خەڵکانـی ئاوایـی و دێهاتەکانـی ئەلبانیـا. ئـەوان نومایانـی پێوەسـتەگی و نزیکـی خۆیـان لەگـەڵ کریسـتییانە ئەرسەدۆکسـە ئەلبانییـەکان ناشـارنەوە. بەکتاشـییەکان ژمارەیـان زۆرە و بـە شـێوەیەکە کـە لـەم دواییانـەدا بـە نیـوەی ڕێکی موسـوڵمانانی ئەلبانیـا ئەژمار کـران. بـە گوێـرەی نوێتریـن سـەرژمێری ئەلبانییـەکان کـە لـە 2011 دا لـە لایـەن پەیمانـگای نیشـتیمانی سـەرژمێریی ئەلبانیـاوە ئەنجـام دراوە زۆرترینـی بەکتاشـییەکان هـەر بـە خانـەوادە بەکتاشـین و بـۆ خۆیـان ئاشـنا نییـن بـەوەی ڕێبازەکەیـان چییـە، تەنانـەت بەشـداریی بۆنـە و ڕێوڕەسمەکانیشـیان ناکـەن. دیـارە ئێسـتا لـە نێـو کۆمەڵـی موسـوڵمانانی سـوننی مەزهەبـدا دوو گروپـی ڕکابـەر بوونیـان هەیـە. ئـەوان لـە سـاڵی 1924 لـە تیرانـا خۆیـان ڕێـك خسـتوە. باڵێکیـان سـەلەفییەکانن کـە بـەرەو بـە شرۆڤـەی تراديشـناڵ و نەریتخـوازی ئیسـلام دەدەن و وابەسـتەن بـە پێشـینانی ئیسـلامەوە لـە باوەڕداریـدا. ئـەوان دژن بـە ڕێچکانـی حەنەفـی و دژن بـە قوتابخانـە نوێخوازەکانـی شرۆڤـەی ئیسـلام و دژن بـە هەمـوو ئـەو بەهایانـەی کـە ڕێ بـەرەو کرانـەوەی عەقـڵ و ڕۆشـنگەری خـۆش دەکـەن. بوونـی ئـەوان وەك کۆسـپێك وابـوو لـە بـەردەم بەکتاشـییەکاندا، چـوون بەکتاشـییەکان خاوەنـی شرۆڤەیەکـی نوێگـەر و مۆدێـرن بـوون بـۆ ئیسـلام و زۆر لـە بـوارە باوەڕییـە پێشـینەکەدا ڕۆ نەچووبـوون، ئیـتر ئـەم دوو جەمسـەرە زەمینـەی پێکـدادان و بگـرەو بـەردە لـە نێویانـدا هاتـە پێشـەوە. هـەر بۆیـە ڕیفۆرمخـوازە ئیسـلامییەکان هەمیشـە مەبەسـتیان بـوە بەکتاشـییەکان لـە ژێـر سـایە و سـەهەندی گروپێکـی یەکگرتـووی موسـلمانانی ئەلبانـدا گـرد بکەنـەوە، دیـارە نەزمـی ئەلبانچیەتـی وەهـای کـرد کـە بەربەسـت لـە نێـوان بەکتاشـییە موسـوڵمانە نـا ئەلبانـەکان و ئەلبانییـە بەکتاشـییە موسـوڵمانەکان دروسـت ببێـت و یەکگرتـوو

شۆڕشی ئیسـلامیی ئێران ئیلهامبەخشی هەموو ئەو ئیسلامییە دژە ئەمریکاییانە بوو لە تەواوی جیهاندا. ئەم ڕوانگەیە بە شێوەیەکی بەرینتر لێی تێ دەگەین، بە تایبەتی لە پاش جەنگی ئەمریکا و عێراق لە 2003دا. چونکە شیعەگەراکان لە ئێراندا هاتنەوە هۆش

نەبـن. ئەلبانییـە موسـوڵمانەکان خاوەنـی تایبەتمەندیـی نەتەوەیـی بەهێـز بـوون و ڕیشـەی نەتەوەگەرایـی لـە ناویانـدا بەهێـز بـوو، ئەلبانییـەکان بـە هەمـوو باوەڕ و ئایینەکەیانـەوە وابەسـتە بـوون بـە نەتەوەگەراییـەوە، ئیسـلام لـە نێـو ئەلبانییەکانـدا ئایینێکـی هێـنراو بـوو، کاتـی زۆر پێویسـت بـوو تـا بتوانێـت تەنـگ بـە

مۆنۆمێنتی قوربانیانی کۆمەڵکوژی سربنیتشا

نەتەوەگەرایی و ناسیۆنالیزم هەڵبچنێت. لەبەر ئەوە لە ئەلبانیادا یەکبوونی نەتەوەیی ساناتر بوو تا یەکبوونێك لە سەر بنەمای ئایین بوایە. ڕەگەزێکی تری ئیتنیکی خەڵکی موسوڵمان لە نیمچە دوورگەی بەڵقاندا بریتیین لە سلاڤییەکان. سلاڤییەکانی بەڵقان 3. 5 ملیۆن دەبن، ئەوان نەوەی ئەو سلاڤییانەن کە لەمیانی فەرمانڕەوایەتیی عوسمانییەکاندا بوونەتە موسوڵمان. ئەوان لە ڕووی کەلتووری و زمانەوانییەوە سەر بە گروپگەلێکی جودان. موسوڵمانە سڵاڤییەکان یان بوسنیاکسەکان ئەوانە خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیانن و تێکڕا دانیشتوانی بۆسنە و هەرزەگۆڤین پێك دەهێنن. هاوکات ئەوان لە هەرێمی ساندزاکدا زۆرینەن، ئەو هەرێمەی کە سربییەکان دەسەڵاتیان بە سەریدا دەشکێت، لە نێو مەکەدۆنیاشدا کەمینەیەکی گرینگی ئەو وڵاتەن. هاوکات لە بولگاریا و بەشی باکووری یۆنانیشدا وەك بوماکس ناسراون. لە کۆسۆڤۆشدا وەکو غورانیس ناسراون.

ڕکابەری تیۆرەکانی مێژووی پیرۆز: مللانێی شیعە و سوننە

دیارە مللانێی شیعە و سوننە شتێکی نامۆ نییە و ئاشنایە بە مێژوو. مللانێی ئەوان مۆرکی جەنگە نێوخۆیی و دەمارگیری و ئیتنییەکانی وەرگرتوە. لە لای ئەو مەزهەبانە دوو بنەمای باوەڕ و شوناس بوونی هەیە، ئەو بنەمایانە بوونەتە مایەی مللانێکان. سەرەڕای بوونی قۆناغگەلێکی هەماهەنگی و پێکەوە ژیان، بەڵام زیاتر لەوە بوونەتە مایەی سەرئێشە بۆ یەکتری و کەوتوونەتە وێزەی یەکترییەوە. ئەم ناکۆکییانەی ئەوان دێرینە، بەڵام هێشتا لەم

سەردەمەدا بۆ خۆمان شاهێدی ململانێکانی ئەوانین. لە ئێستادا ململانێکانی ئەوان ململانێیەکی هەرێمی و نێونەتەوەییە و گەمەی ئەم مەزهەبانە سنوری وڵاتان و نەتەوەکانی تێپەڕاندوە. دروستە ئەوەی دەگوزەرێت کۆنەقینێکە و جەنگەکەی لە ئێستادا دەچنرێتەوە. هەروەك ئەکبەر ئەحمەد ئاماژە دەکات:» ئیسلام لە دوو ئایینزای سەرەکی پێکهاتوە، ئەوانیش ئایینزای شیعە و سوننەن. لە ئێستادا نزیکەی 90% موسوڵمانان سوننە مەزهەبن و ئەوانەی کە دەمێننەوە بە زۆری شیعەن». لە ڕووی ئایینییەوە ئەم ئایینزایانە زۆر نزیکن، چونکە هەر دوو باوەڕیان بە یەك خودا و هەمان پێغەمبەر و قورئان و بەهای ئیسلامی هەیە. جیاوازییەکانیان وابەستەیە بە ئاستگەلێکی سیاسی و سۆسیۆلۆجییەوە. شیعەکان لەو پرسەوە دەستیان پێ کرد کە ئەوەی دەبێتە جێنشینی پێغەمبەری خودا کێیە، واتە قسەیان لە سەر یەکەم خەلیفەی موسوڵمانانان هەبوو. لەم میانەدا ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە زاواکەی پەیامبەر عەلی کوڕی ئەبوتالیب هەوەڵ خەلیفەی ئیسلامە و ڕەوایەتیی لای ئەوە و هەوەڵ مەردێکە کە باوەڕی بە پەیامەکەی پەیامبەر هێناوە. دیارە لە پاش پەیامبەر ئەبووبەکر و پاشان عومەر و عوسمان بوونەتە خەلیفەی موسوڵمانان. ئەم ناکۆکییە لە سەردەمی عومەردا تەنرایەوە، بەتایبەتی کاتێك ئیمپراتۆری فارس هەتنە نێو ئیسلامەوە، ئیتر فارسەکان گەلێ نەریت و خوی نوێیان هێنا و ڕۆحی شانازیی نەتەوەییان لە نێو پێکهاتەکاندا زیندوو ڕاگرت. فارسەکان کاتێك کەوتنە ژێر فەرمانبەرداری عەرەبە موسوڵمانەکانەوە ئیتر ڕۆحی تۆڵە و ڕۆحی دابڕینی تایبەتمەندیی بۆ خۆیان تا لە ژێر هەژموون و هێزی سوننەتی عەرەبی ئیسلامیدا نەمرن وەهای لێکردن کە تایبەتمەندی بۆ خۆیان دابڕن. بەدرێژاییی تێپەڕبوونی کات جیاوازییە سۆسیۆلۆجییەکان بوونە جیاوازیگەلێکی مەزهەبی و هەر یەکەیان ئاتاجی بە داڕنینی پیرۆزییەك هەبوو بۆ خۆی. پێکهاتەکان سەر بە ئایینزاکانی شیعە و سوننە بوون و لە ئێران و ناوچە عەرەبییەکاندا دابەش بوون، بە تێپەڕبوونی کات سیاسەت و باوەڕو ئایینناسیی ئەم ئایینزایانە ئاڵۆزتر بوو، هەر بۆیە لەئێستادا ململانێکانی شیعە و سوننە سەرنجی تەواوی دونیای بۆ خۆی ڕاکێشاوە. ئەوان ڕۆڵی گرینگییان لە شێوەگیربوونی خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە.

شۆڕشی ئیسلامی 1979 ی ئێران، ڕۆڵێگی گرینگی لە چالاککردنی فاکتەری شیعە هەبوو لە سیاسەتی دەرەوەیی ئێراندا. شۆڕشی ئێرانی سەرلەنوێ بیری سیاسیی شیعە و ناسنامەی شیعەکانی لە بەرانبەر ئەوانی تردا زیندوو ڕاگرت. لێرەدا سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژێمە عەرەبییەکان لەهەمبەر شیعە بوە کێشەیەکی سەرەکی لە بەرابەر سیاسەتە دەرەکییەکانی ئێراندا. لێرەوە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانی شیعەیش هاتنە نێو ململانێ ئایدیۆلۆژییەکەوە لەگەڵ نەریتخوازە سوننییەکاندا. بەم جۆرە شیعە و سوننەکان کەوتنە ڕکابەریی یەکتریی لە سەر بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات و دواتریش ئەم ڕکابەرییە گوێزرایەوە بۆ سەرلەبەری ناوچەکە. لێرەوە جیا لە عێراق کارەکتەری تر هاتنە ناوەوە و هەوڵیان دا ململانێکان زیاتر توند بکەنەوە. هەر بۆیە سیاسەتی سوننە و شیعە و گەمەی سیاسیی ئەوان ڕۆڵی لە داڕشتنی پێوەندییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین و کۆمەڵی نێونەتەوەیدا بە جێ هێشت. یەکێك لە دەرهاویشتەکانی ئەو ململانێ ئایینزاییەی خۆرهەڵات، لە ئێرانەوە گوازرایەوە بۆ نیمچە دوورگەی بەڵقان.

شیعەگەرایی وەك ئامرازێکی سیاسی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا

شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئیلهامبەخشی هەموو ئەو ئیسلامییە دژە ئەمریکاییانە بوو لە تەواوی جیهاندا. ئەم ڕوانگەیە بە شێوەیەکی بەرینتر لێی تێ دەگەین، بە تایبەتی لە پاش جەنگی ئەمریکا و عێراق لە

2003دا. چونکە شیعەگەراکان لە ئێراندا هاتنەوە هۆش و تاران بوە هێزێکی هەرێمیی لە ناوچەکەدا. هاوکات شیعە وەك زۆرینەیەك لە بەغدادا دەسەڵاتیان جێگیر بوو. لە سعوودیە و کوەیت و ئیمارات و بەحرەین و لوبنانیش پێکهاتەی شیعە مەزهەب زیاتر لە جاران بەهێزتر بوون. ئەم توانسازییەی شیعەکان خاوەنی دوو ڕەهەندی واتادار بوو: سیاسەتی هەرێمی ئێران لە سەر بنەمای شیعەگەراییە و ئاوێتەی شیعەگەرایی وابەستەیە بە سیاسەتکردن لەگەڵ عێراقدا. ڕاستە لە ڕووی ژمارەوە شیعەکان کەمترن، بەڵام لە ڕووی ئەو تۆڕە نێونەتەوەییەوەو لە ڕووی ئەو وابەستەبوونەوە شیعەکان زیاتر سوودمەندن لە هەلومەرجەکەدا. ئەوان توانیویانە بیری هیلالی شیعی چێ بکەن، کە عێراق و سووریا و لوبنان دەگرێتەوە، ئەو ولاتانەی کە لە سیاسەتدا هەن لە ژێر هەژموون و هێزی ئێراندا. ئەم ڕەوشەیش ئامڕازێکی سیاسیی لێهاتوتە بەرهەم کە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێراندا شکاوەتەوە. لێرەوە ناسنامەی شیعەگەرایی جۆرێك لە وابەستەبوونی بە ناسنامەی نەتەوایەتیی ئێرانییەوە پێدا کردوە و وەکوو نێوەندی بازنە شیعییەکە دەردەکەون، هەر بۆیە لە ئێستادا شیعەکان لە بەهێزیدان، ئەوان هەمیشە ڕەخنەیشیان لە نەزمی نەتەوایەتیی عەرەبییە، چونکە ناسیۆنالیزمی ڕژێمی بەعس لە پاش کەوتنی سەدام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پاشەکشەدایە، بەتایبەتی لە پاش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ئیتر دەرهاویشتەکان زاڵبوونی شیعە و متبوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لێ کەوتەوە کە سوننەی عەرەبی سەرمەشقایەتی دەکرد. بۆزانەوەی شیعەگەرایی ڕۆڵی هەرێمی ئێرانی بە هێز کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا بوە سەرەتایەکی نوێ بۆ لەدایکبوونی کێبرکێیەکی نوێ لە نێو پێکهاتەی شیعە و سوننە لە عێراق و ئێراندا. لە 2012دا حکوومەتەکەی مالیکی لە عێراقدا کەوتە خۆ و هەژموونی شیعەکانی لە عێراقدا زیاتر چەسپاند، ئەم ڕەوشەیش جیاوازیی نێوان شیعە و سوننەی لە نێو ولاتانی تردا بە ئاگا هێنا.

شۆڕشی بێدەنگی ئێران لە بەڵقاندا: مێژوو و پێشبینی

دەرکەوتنی ئێران لە هاوسەنگیی ئاساییشیی نیمچە دوورگەی بەڵقاندا، فاکتەرێکی کاریگەریی ناهێوری و پشێوی دەبێت. هەڕەشەی ئێران و بریکارەکان لە نیمچە دوورگەی بەڵقاندا ئاشکرایە، لەگەڵ گەشەی بزووتنەوە وەهابییەکانی کۆسۆڤۆ، مەکەدۆنیا، ئەلبانیا، بۆسنە و هەرێمی ساندزاکیشدا. ئەم هەڕەشەیە چەند بەرابەر دەبێت. ئامادەیی ئێران لە نیمچە دوورگەی بەڵقاندا دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی یوگسلافیا. بەڵام کاریگەرییەکانی هزر و ئەندێشەی خومەینی لە سەر دانیشتوانی موسوڵمانی نیمچە دوورگەکە، خاوەنی پێشینەیەکی دیاری کراوە. لە ساڵی 1979دا موسوڵمانانی بۆسنە لە لایەن شۆڕشی ئێرانەوە جۆشوخرۆشیان کەوتە ناو. لە ساڵی 1960 وە موسوڵمانانی بۆسنە لە خەم و خولیای ناسنامەی نەتەوەییان دان. ساڵی 1979 هاوکاتی زیندانیکردنی عەلی عیزەت بیگۆڤیچ بوو، چونکە لەو ساڵەدا لەبەر ڕاگەیەنراوە ئیسلامییەکەی تۆندی زیندان کرا. عەلی عیزەت لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی ئێرانیدا بوو، شۆڕش ئەو هەستەی لە لای ئەو چاند کە ولاتەکەیشی بەشێکە لەو جووڵانەوە نێونەتەوەییە. چەند هاوکاری و نزیکێکی بیگۆڤیچ لە مانگی یەکی 1982 چوونە ئێران، ئەوان مەبەستیان بوو لە ساڵیادی دامەزراننی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەشداری بکەن، لەوێدا کۆنگرەیەك بۆ یەکبوونی پێکهاتەی شیعە و سوننە ساز درا بوو، هەر بۆیە هاوکارەکانی بیگۆڤیچ بەشدار بوون لەو کۆنگرەیەدا. هاوکات بیگۆڤیچ و ڕۆشنفکرانی دەوروبەری بانگەشەی یەکبوونێکی ئیسلامییان دەکرد و مۆدێلی ئیسلامخوازیی تورکیایان دەدایە دواوە و پێیان وابوو بێ ئەندازە سیکۆلارن. هەر بۆیە بیگۆڤیچ فرە بە ڕوون و ڕەوانی لە ڕاگەیەنراوە ئیسلامییەکەیدا خواستی

دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی پاکستانی جەخت کردەوە. توێژەری یوگسلافی پێریکا لە 2002 دا لە کتێبەکەیدا بە ناوی ئایدۆڵ. ئەوەی خستە ڕوو: کە چارەنووسی یوگسلافیا، هاوشێوەی پاکستانی پاش جوودابوونەوە بوو لە هیند لە 1948 دا. لە ساڵی 1930ـ1940 بیگۆڤیچ بازنەیەکی ئیسلامگەرای لە نێو ڕۆشنبیر و خوێندەواری وڵاتەکەیدا دروست کرد و بە لاوانی موسوڵمان ناو دەبران. ئەو بازنەیە لە ژێر کاریگەریی ئیخوانی میسردا بوون. لە وتەکانی بیگۆڤیچدا ئامانجەکانی لاوانی موسوڵمان ڕوون کراوەتەوە، ئامانجی ئەوان دروستکردنی دەوڵەتێکی مەزنە بۆ کۆمەڵگەی موسوڵمانشین، کە بە ئیسلامستان ناوی دەبرد. ئەو دەوڵەتە لە ئامانجی ئەواندا نیمچە دوورگەی بەڵقان و باکووری ئەفریقا و خۆرهەڵاتی ناوینی دەگرتەوە، بەڵام لە ساڵی 1946 دا ڕەوشێکی نوێ هاتە پێش، چونکە ڕژێمی تیتۆی کۆمۆنیستی عەلی عیزەت بیگۆڤیچ و ژمارەیەك زۆر لە ئەندامانی لاوانی موسوڵمانی قۆڵبەست کرد. هەموو ئەوانە هەواداری ڕژێمی ئایەتوللایی بوون، ئەوە بوو پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی بوونە لایەنگری ئەو ڕژێمە. بە جۆرێك تا ساڵی 1983 نزیکەی 600 خوێندکاری بۆسنە لە قوتابخانەکانی ئێراندا نێررابوونە بەر خوێندن. هەر لە ساڵی 1983 دا هەموو ئەو چالاکوانانە جەختیان لە سەر ڕاگەیەنراوە ئیسلامییەکەی عەلی عیززەت کردەوە. ئەمە وای کرد کە عەلی عیززەت و چالاکوانە ئیسلامییەکان ڕووبەڕووی جارێکی تری زیندان بوونەوە. کاتێك لە ساڵی 1992 جەنگی ئیتنی نێوخۆیی لە بۆسنە و

ژنێکی بۆسنی لە ناوی هاوسەرە کوژراوەکەی دەگەڕێت

هەرزەگۆڤینـدا هەڵگیرسـا. موسـوڵمانانی بۆسـنە لـەو کاتـەدا بیریـان لـە هاوپەیمانێـك کـردەوە تـا لـە ڕووی چەکوچۆڵـی سـەربازییەوە هاوکارییـان بـکات، چونکـە لـەو قۆناغـەدا گەمارۆیەکـی نێونەتەوەییـان لـە سـەر بـوو، لێـرەدا تـاران ئـەو هەلـەی قۆسـتەوە تـا هەژموونـی جیۆسیاسـیی خـۆی لـە ئەورووپـادا پـەرە پـێ بـدات، ئـەوە بـوو ئێـران هاتـە پێشـەوە و لـە جەنگـی ناوخـۆی یوگسـلافیادا بـە چەکوچۆڵـی سـەربازی دەسـتگرۆیی موسـوڵمانانی بۆسـنەی کـرد. هـەر بۆیـە دەکرێـت بڵێیـن لـە 1992 وە ئێـران دەسـتی دایـە خۆسـازدان لـە نێـو کۆمـاری یوگسـلافیای پێشـوودا. بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش چەندیـن چالاکوانـی سـەربازی و دیپلۆماتـکار و کەسـیی ئایینـی نێررانـە ئـەوێ. دیـارە لـە 1991 دا کۆمـاری یوگسـلافیا هەڵوەشـایەوە و بۆسـنییەکان ڕووبـەڕووی جەنگێکـی نێوخۆیـی تاقەتپڕوکێـن بوونـەوە. ئیـتر ئـەوە بـوو دەسـتیان دایـە پێوەندییەکـی تۆکمـە لەگـەڵ مەلاکانـدا. سـەرۆك کۆمـاری سربیـا میلـوراد دودیـك لـە سـاڵی 2014 دا ڕای گەیانـد:» بـۆ بەرژەوەندیـی ئاژانسـە هەواڵگرییەکانـی چەنـد دەوڵەتێـك لەوانـە ئێـران خۆیـان دابـوو بـە دەسـتەوە». هەروەهـا گوتـی:» لـە ڕابـردوودا تەنهـا لـە باڵوێزخانـەی ئێـران لـە سـەرایڤۆدا 480 کارمەنـدی ئێرانـی بوونیـان هەبـوو». کرواتیـا کـە ناوەنـدی گواسـتنەوەی چـەك بـوو بـۆ موسـوڵمانانی بۆسـنە، وڵاتێـك بـوو فـرە بێبـاك بـوون لـەوەدا کـە بۆسـنییەکان لـە ڕەوشـی گەشـە و بەهێزیـدا ببینـن. ئێـران یەکێـك بـوو لـەو وڵاتانـەی کـە هەوڵـی دەدا پشـتیوانی لـە ڕژێمەکـەی عیـزەت بیگۆڤیـج بـکات. هـەر چەنـد لـە سـەرەتاوە هەوڵەکانـی ئێـران بـە هـۆی ئـەو گەمارۆیـەی کـە ئەنجوومەنـی ئاساییشـی نێونەتەوەیـی لـە ڕووی قەدەغـەی چەکوچۆڵـەوە سـەپاندبووی ڕێگـری لـێ کـرا. بـەڵام بـە شـێوەیەکی تاکتیکـی ئێرانییـەکان توانیـان مـل بـدەن لابـە بەڕێوەبەرایەتییەکـەی کلینتـۆن، تـا پشـتیوانیی لۆجسـتیکی و هەواڵگیریـی و سـەربازیی بەرفـراوان بـۆ موسـوڵمانانی بۆسـنە دابیـن بکـەن. هـەر بۆیـە لـە تـەواوی ئـەو قۆناغـەدا ئێرانییـەکان بڕەویـان دا بـە تۆڕێکـی بەرفراوانـی کاری سـیخوڕی لـە سـەرانسـەری ئـەو قەڵەمـڕەوە سیاسـییەی کـە لـە ژێـر هەژموونـی ڕژێمەکـەی عەلـی عیـزەت بیگۆڤیجـدا بـوو.

دەزگا هەواڵگرییەکانـی ئەمریکایـش گەیشـتوونەتە ئـەم ئاکامـە:» حکوومەتـی موسـوڵمانەکانی بۆسـنە وەك کرێگرتەیەکـی ئێرانییـەکان نومایـان دەبێـت، ئـەوان بـژاردەی نێـوان هەواڵگرییەکانـی ئەمریـکا و ئێرانـن، ڕۆژێـك دێـت کـە هەمـان نەزمـی ئێرانییـەکان دەگرنـە بـەر. بـۆ نموونـە لـە پـاش کۆتاییهاتنـی جەنـگ لـە ئاکامـی ڕاپرسـییەکدا کـە لـە نێـو موسـوڵمانانی بۆسـنەدا کرابـوو، دەرکـەوت کـە 86% ی ئـەوان هەڵوێسـتیان لـە بەرانبـەر ئێرانـدا هەڵوێسـتێکی فـرە ئەرێنییـە. بـەم شـێوەیە پـاش واژۆکردنـی ڕێککەوتننامـەی دایتـۆن لـە 1995، یەکێـك لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی سیاسـەتی ئەمریـکا لـە بۆسـنەدا، بریتـی بـوو لـە کەمکردنـەوەی کاریگەرییەکانـی ئێـران و ئـەو هەمـوو جەنـگاوەرە ئیسـلامییە هەمەچەشـنەی کـە لەوێـدا بـوون. دیـارە ئـەم ئامانجـەی ئەمریـکا بـۆ ئێرانییـەکان دژوارە، چونکـە زۆرێـك لـە یەکـە ئێرانییـەکان زۆر بـە تۆکمەیـی وابەسـتە ببـوون بـە دامەزراوەکانـی نێـو موسـوڵمانانی بۆسـنەوە، بـەڵام لـە ئێسـتادا فاکتـەری ئێرانـی لـە هەژمـاری ئاساییشـیی بۆسـنییەکاندا گۆڕانکاریـی بـە سـەردا هاتـوە. ئـەوە ڕاسـتییەکی جـێ سـەرنجە کـە گەورەتریـن باڵوێزخانـەی ئێرانییـەکان لـە ئەورووپـادا کەوتوەتـە سـەرایڤۆوە، لـە بۆسـنەدا چەندیـن دیپلۆماتـکار و ڕۆژنامەنـووس و چالاکوانـی ئێرانـی هـەن و ناوەنـدە کەلتوورییەکانـی ئێـران ئاوەدانـن. لـە ڕاسـتیدا بۆسـنە وڵاتێکـی سـوننی مەزهەبـن، بـەڵام هەمیشـە هـەواداری شـیعەی ئێـران و شـیعەکانن لـە ڕوانگـەی سیاسـییاندا.

لـە پـاش جەنـگ ئێـران بڕێکـی زۆر لـە پـارەو وزەی خـۆی لـە پێنـاو بـرەودان بـە پێوەندییـە ئەکادیمـی

و کەلتوورییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی بۆسنەدا خستە گەڕ، پاش هەڵوەشاندنەوەی یوگسلافیا ئیتر بەڵقان چوە دۆخێکی سەڵامەت و هێمنەوە، ئێرانیش بڕیاریدا زیاتر بڕەو بە هێزی نەرمی خۆی بدات لە ناوچەکەدا. بۆ نموونە ئەو دامەزراوە سەرەکیانەی ئێران لە بۆسنە بریتی بوون لە ناوەندی توێژینەوەی ئیبن سینا، دامەزراوەی مەلا سەدرا، زیفۆتی دوانزە ئیمامەکە، کۆلێژی فارسی ـ بۆسنە، ناوەندی کەلتووری باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە سەرایڤۆ. لە ڕاستیدا یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئێران لە نێو موسوڵمانانی بۆسنەدا بڕەودانی بە ئایینزای شیعە بوو لە نێویاندا. ئەم نەزمەی ئێران چۆن سەرکەوتوو بوو؟ دیارە سانا نییە بتوانین هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەرییەکانی ئەم هەڵمەت و هەژموونەی ئێران بکەین، چونکە داتایەکی فەرمیمان لە بەر دەستدا نییە کە ژمارەی شیعە موسوڵمانەکان لە بۆسنەدا بخاتە ڕوو. بە پێی ڕێکخراوی ناحکومی ئەنجوومەنی جیهانی ئەهلی بەیت بێت، 23400 موسوڵمانی شیعە، نزیکەی تێکڕای 0. 5%ی کۆی دانیشتوانیان پێکهاتوە، هەروەها بەگوێرەی مونتەدای (پی ئی دەبلیو) بۆ ئایین و ژیانی گشتی بێت، لە 2009 دا شیعەکان نزیکەی 15200 کەس بوون لە کۆی ملیۆنونیوێک موسوڵمانی سوننی مەزهەبی بۆسنەدا. جگە لە بۆسنە، ئەلبانیایش وڵاتێکی تری بەڵقانە کە ئێران لە هەوڵدایە تا شوێن پێیەک بۆ خۆی لەوێوە بۆ کیشوەری ئەوروپا دابنێت. وەک ڕاستییەک کە لە سەرێ ئاماژەمان پێدا ئەلبانییەکان کۆمەڵگەیەکی فرە باوەڕن و بەوەیش ناسراون کە پابەندن بە لێبوردەیی ئایینییەوە. ئەلبانییەکان لە ڕووی مێژوویییەوە وابەستەن بە خووی ئیسلامێکی سوننی نەیتخواز و ڕەوگەی بەکتاشییەوە. ئەمڕۆکە ئەلبانییەکان شرۆڤەیەکی فرە ڕادیکاڵانەتر بۆ ئیسلام دەکەنن بە تایبەتی لە لای ئەو لاوانەی کە لە دەرەوە و لە نێو وڵاتە ئیسلامییەکاندا مژوڵی خوێندنن. پاش هەڵوەشانەوەی کۆمۆنیزمی ئەلبانیا، خەڵکیی پێشبینیی دەستپێشخەرییەکی سەرمایەگوزاری بەرفراوانیان لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپییەوە دەکرد. بەڵام ئەمە ڕووی نەدا، هەر بۆیە دیای ئەو وڵاتە گرتی بە دروشمێکی نوێوە کە بانگەشەی ڕەوە ئەوروپا یان ئیسلامیان دەکرد. ئەمەیش دەرفەتێک بوو، تا ئەو وڵاتە ئیسلامییانە ئاوڕ لە ئەلبانیا بدەنەوە. ئەمەیش وای کرد کە ئەرتەشی پاسەوانانی شۆڕشگێڕی ئێرانی ڕووگەی خۆیان لە دەروازەی کیشوەری ئەوروپادا بدۆزنەوە، چونکە ئەلبانیا بایەخێکی جوگرافی بۆ ڕژێمی فەرمانبەرداری مەلاکانی ئێران هەبوو. زۆرترینی خەڵکی موسوڵمانی ئەوێش زەمینەیان بۆ پاسەوانانای شۆڕشی ئیسلامی زیاتر دەڕەخساند. دروست وەک بۆسنە، زۆرترینی نێوەندە کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکانی ئێران لە ئەلبانیایشدا وابەستە بوون بە وەزارەتی هەواڵگیری

دەرکەوتنی ئێران لە هاوسەنگیی ئاساییشیی نیمچە دوورگەی بەڵقاندا، فاکتەرێکی کاریگەریی ناهێوری و پشێوی دەبێت. هەڕەشەی ئێران و بریکارەکان لە نیمچە دوورگەی بەڵقاندا ئاشکرایە، لەگەڵ گەشەی بزووتنەوە وەهابییەکانی کۆسۆڤۆ، مەکەدۆنیا، ئەلبانیا، بۆسنە و هەرێمی ساندزاکیشدا

و ئەرتەشی پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامییەوە. لەوێ لقێک هەبوو بە ناوی ڕێکخراوی فەرهەنگی و پێوەندیی ئیسلامی کە ڕاستەوخۆ سەر بە پاسەوانانای شۆڕشی ئیسلامییەوە بوو. ئەو ڕێکخراوە بایەخی بە باوەڕوبیری ئیسلامی دەدا لە نێو خەڵکیدا. ئەو ڕێکخراوە ڕۆڵی گەورەی لە بڵاوبوونەوەی پەرگیریی و

موسوڵمانانی بەڵقان پابەندی سۆفیگەرین

هـزری تیـرۆردا هەبـوو لـە سەرانسـەری ئـەو وڵاتـەدا. لـە ڕاسـتیدا دەسـەڵاتدارانی ئەلبانیـا بـە ئاشـکرا و بـە فەرمـی ڕێگەیـان بـە بڵاوبوونـەوەی هەژمونـی کۆماری ئیسـلامی نـەدەدا. هـەر بۆیە سـوپای پاسـەوانانی شۆڕشـی ئیسـلامی هەوڵـی دەدا لـە نێـو ماڵەکانـدا و بـە شـاراوەیی کار بکات بـۆ بڵاوبوونـەوەی ئەجێنـدا و ئامانجەکانـی و هـاوکات لـە ڕێگـەی دامـەزراوە خێرخوازییەکانـەوە کاریـان دەکـرد. ئـەوان لـە چوارچێـوەی بڵاوکردنـەوەی بەرهەمی سـەعدی شـیرازیدا دەهاتـن ئەندێشـە و هـزری خومەینیشیان بـڵاو دەکـردەوە. لـە شۆڕشـی 1979 وە ڕێکخراوێـك کـە نـاو دەبـرا بـە کۆمیتـەی ئیمـدادی ئیـمام خومەینـی، لـە ژێـر سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی خومەینیـدا دامەزرابـوو، ئـەم کۆمیتەیـە بـۆ سەرنجڕاکێشـانی لاوان بـوو لـە سەراسـەری وڵاتانـدا تـا هەماهەنگیـی سـوپای پاسـەوانانی شۆڕشـی ئیسـلامی بـن. ئەسـغەر ئـولادی یەکێـك بـوو لـە کاراتریـن کەسـەکانی ئـەم کۆمیتەیـە و لەگـەڵ ڕێبـەرە ئایینییەکانـی دونیـا دادەنیشـت تـا بـوار لە بـەردەم سـوپای پاسـەوانانی شۆڕشـدا واز بـکات. دۆکیۆمێنتـە بەدەسـتهاتوەکانی سـەردەمی کابینەکـەی ئەحمـەدی نـەژاد ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە 19. 5 $ ملیـۆن کـۆی بەخشـینی ئـەو ڕێکخـراوە بـوە کـە 1. 5$ ملیۆنی لـە ئەلبانیـادا بەخشراوە. سـەرەڕی ئـەو هەوڵانەیـش ئێـران لـە نێـو پێـڕی بـژاردە یـان خەڵکـی گشـتیی ئـەو وڵاتـەدا هاوسـۆزەکانی کەمـن. بـۆ نموونـە سـەرۆکی پێشـووی ئەلبانیـا. بـۆ نموونـە سـالی بریشـا کـە وتەبێـژی کابینەکـەی نـەژاد بـوو. بریشـا لـە مانگـی هەشـتدا بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـە ئەحمـەدی نـەژاد دەیسـەلمێنێت کـە ئایدیـا و ئەندێشـەکانی لـە سـاتەوەختی دروسـتکردنی هەڕەشەوگوڕەشـەن بـۆ سـەر خۆرهەڵاتـی ناویـن، چونکـە بانگەشـەکانی نـەژاد و مۆرکـی نازیبوونەکـە وا دەکات کـە هێنـدەی پرۆگرامـە ناوەکییەکـی ئێـران ترسـناکن و هەڕەشـەن بـۆ سـەر هێـوری و سـڵامەتی ناوچەکـە و جیهـاد. لـە پـاش کەوتنـی کۆمۆنیـزم ڤاتیـکان فـرە بـە چوسـتی بـە دەم خواسـت و هاوکاریـی ئەلبانیـاوە هاتـن، هەروەهـا کەنیسـەی ئەرسەدۆکسـی یۆنانیـش هەماهەنگـی و هـاوکاری بـۆ ئەرسەدۆکسـەکان خسـتە بـواری بەڵێنـەوە. کۆمەڵـی بەکتاشـی بـەم شـێوەیەی خـوارەوە ڕوونـی دەکاتـەوە:» ئێمـەی بەکتاشـی ئێستایشـی لەگـەڵ بێـت لـە لایـەن ئێرانـەوە پێشـنیاری پارەمـان بـۆ دەکرێـت، بـەڵام هەرگیـز پـارەی ئێرانییـەکان وەرناگریـن و پێشـنیارەکان پەسـەند ناکەیـن». هەروەهـا دەڵێـن:» ئێرانییـەکان پێشـنیازی هاریکاریـمان دەکـەن، بەتایبەتـی لـە سـەرمایەگوزاریدا لـە بـواری دروسـتکردنی قوتابخانـەکان، هـەر چەنـد کـە وڵاتەکەمـان ئاتاجـی بـە هـاوکاری و پارەیـە، بـەڵام ئـەو نیـازەی ئێـران هەرگیـز پەسـەند ناکەیـن و لـە هیـچ بنـاژۆ و تیرۆریسـتێکیش هاوکاریـمان نـاوێ». دیـارە ئەلبانییـە بەکتاشـییەکان ڕاسـتەوخۆ لـە ژێـر سەرپەرشـتیاریدان و مەبەسـتیانە بـە نەزمێکـی شـاراوەیش بێـت بـرەو بـە ئایدیـای خۆیـان بـدەن. بەکتاشـیەکان و زاناکانـی ئیسـلام لـە ئەلبانیـادا دارای تایبەتمەندیـی خۆیانـن، بـەڵام هیـچ کات نەیـاری یەکتریـی نەبوونـە. نوێنـەری ڕەوگـەی

سۆفیگەری بەکتاشی ئەربین سولێمانی ئەوەی ڕوون کردوەتەوە کە لە کاتی سەرکوتی ڕەوگەکانی تەسەوف لە تورکیا لە 1925، ئەوەی وەك بەکتاشی بوونی خۆی هێڵایەوە بەتەنها ئەلبانییەکان بوون. چون لەوکاتەوە بەکتاشییەکان ناوەندی سەرکردایەتیی خۆیان لە تورکیاوە گواستەوە بۆ تیرانای پایتەختی ئەلبانیا. سولێمانی بە ئاشکرا هەوڵی ئەکادیمییەکانی خۆرئاوا دەداتە دواوە کە مەبەستیانە گۆڕان لە نەزمی بەکتاشییەکاندا بکەن. سولەیمانی دەڵێ:» ئێمەی بەکتاشی موسوڵمانین و سۆفین، نە عەرەبین و نە ئێرانی، بەڵکوو مۆرکی کەلتوورە ئیسلامییە دەرەکییەکان باشتر لە نێو ئێمەی ئەلبانیدا شوێنی دەبێتەوە تا ئەو کەلتوورانەی دوورن لە بەرامەی ئیسلامی». هەروەها گوتی: «سۆفییزم لە ئەلبانیا هەستێکی ڕۆحی نزیکتری لەگەڵ سۆفییەکانی عێراق و ئەڤغانستاندا هەیە».

لە ئێستادا حکوومەتی ئەلبانیا پشتیوانیی خۆی بۆ سیاسەتی دەرەوەیی ئەمریکا لە بەرانبەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەردەبڕێت. هەروەك چۆن بینیمان کە هێزە سەربازییەکانی ئەلبانیا بەشداربوون لە جەنگەکانی دژ بە ئەڤغانستان و عێراق.

ئاکامگیریی

ئێران وڵاتێکی ئاڵۆز و دژوارە بۆ ئەوەی بتوانین لێی تێ بگەین، چونکە پێکهاتەی هێزەکانی بەتەواوی پێچەوانەی هەر پێشهات و پێشبینییەکمان دەکاتەوە کە بۆمان کردوون. لەگەڵ ئەوەی کە ئێران وڵاتێکی زۆرینە شیعەیە، بەڵام هەرگیز لەوەدا دڕدۆنگ نەبوە کە پشتیوانی لە وڵاتانێکی زۆرینە سوننی بکات، یان ئەو وڵاتانەی کە لە دەرەوە هەڵکەوتەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدان. ئەوە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی تاراندایە تا وەك هێزێکی هەرێمی و هەژموونگەر دەربکەوێت. ئێران لاری نییە لە هەر چالاکییەك لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی خۆیدا، بە مەرجێك وا بزانێت بەرژەوەندیدار و سەرکەوتوە تێیدا. لەم میانەدا ئێران هەوڵی داوە لە نێو نیمچە دوورگەی بەڵقان و بەتایبەتی لە نێو موسوڵمانە ئەلبانی و بۆسنییەکاندا کاریگەریی بەهێزی خۆی زیندوو ڕابگرێت. لە نێو هەموو ئەو بەرەوپێشچوونانەدا کە لەم دواییانەدا هاتنە پێش، ئێستا چۆن دەتوانین مشتومڕ لە بارەی ئامادەیی ئێران لە نیمچە دوورگەی بەڵقاندا بکەین؟ ئایا هێزەکەی لە چیدایە و کاریگەرییەکانی تا ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێننەوە؟ بەتایبەتی کە ڕوون بوەتەوە کاریگەرییەکانی ئێران لە نێو موسوڵمانانی بۆسنەدا سنووردارە، چونکە لە دەنگدانی 2010 دا دەرکەوت کە بۆسنە لە سەپاندنی گەمارۆکانی ئەنجوومەنی ئاساییشدا، دەنگی دا بۆ تووندبوونەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران. بۆسنییەکان لەو ڕاستییە تێگەییشتن کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا کەمترن لە چاو بەرژەوەندییە ئابووری و ئاساییشتییەکانی پەیوەستبوون بە ناوچەی یۆرۆ و ئەوروپاوە. هاوکات بواری ئێرانییەکان لە بۆسنەدا فرە بەرتەسکە، ئەویش بە هۆی ڕەگەزی سربی و کرواتی کە لە چوارچێوەی بۆسنەدا هەژموون و هێزی سیاسی و ناوچەی دیاریکراویان هەیە و هیچ هاوسۆزی و ڕایەڵەیەکیان لەگەڵ ئێرانییەکان نییە. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئێران تینوتاوێکی فرەو سەرمایەیەکی فرەی لە نێمچە دوورگەی بەڵقان خستوەتە کار و مەبەستی ئەوەیە کە ناوچەیەکی ئارام و پەناگەیەك چێ ببێت، بەڵام هێشتا سەرکەوتنێکی لاوەکی لەو میانەدا بە دی هێناوە و ئامانجەکان بەکامی دڵی ئەوان نیین، چونکە وڵاتانی بەڵقان بەردەوامبوونی خۆیان و هەوڵی خۆیان بۆ پەیوەستبوون بە ناتۆ و ناوچەی یۆرۆ و دامەزراوەکانی سەر بە یەکێتیی ئەورووپا دەبینەوە، ئەم هەوڵەی ئەوان ڕێگرە لەوەی کە وەکوو ئێرانییەکان ئامادەییان بۆ پەیوەستی و هەماهەنگی هەبێت.

سەرچاوەکان:

weeklystandard. com/arabs_iranians_and_turks_vs

Matteo Pugliese, "Iran in the Balkans", http://www. lowlandssolutions

Georges Castellan, Histoire des Balkans, Paris: Fayard, 1995

الثورة الايرانية الصامتة في البلقان التوسع السياسي والمذهبي لمجابهة امريكا والاوروبيين

پەراوێزەکان:

Maria Todorova, "The Balkans Between Clichė and European Future", http://www. iwm. at/read_listenwatch/transit_online/the_balkans_between_cliche_and_european_/future, 02. 05. 2016.

Adnan Ismaili, "The Problems of Balkan Muslims: A General Evaluation", http://www. thepenmagazine. net/the_problems_of_balkan_muslims/, 27. 04. 2016.

Florian Bieber, "Muslim Identity In the Balkans Before the Establishment of Nation States", Nationalities Papers, Vol. 28, No. 1, 2000, p. 13.

Georges Castellan, Histoire des Balkans, Paris: Fayard, 1995, p. 358

Stephen Schwarz, "Arabs, Iranians, and Turks vs. Balkan Muslims", http://www. weeklystandard. com/arabs_iranians_and_turks_vs. _balkan_muslims/article/644375, 02. 05. 2016.

The Ottoman Empire and Sufism", http://" bektashiorder. com/the_ottomans_and_sufism, 29. 04. 2016

Gkouma Zoi, Balkan Muslims And Modern Identities in Bosnia, Albania and Bulgaria, Master Thesis, University of Macedonia, Department of Balkanic, Slavic and Oriental Studies, December 2012, p. 9.

H. T. Norris, Islam in the Balkans: Religion and Society Between Europe and the Arab World, London: Univ of South Carolina Press, 1993, p. 89.

Stephen Schwartz, "The Heritage of Ottoman Islam in the Balkans", http://www. islamicpluralism. org/1663/the_heritage_of_ottoman_islam_in_the_balkans#_edn3, 28. 04. 2016

Miranda Vickers, "Islam in Albania", Balkan Studies Series, 9/ Defence Academy of United Kingdom, March 2008, p. 4.

Akbar Ahmed, Journey Into Islam: The Crisis of Globalization, Washington D. C.:Brooking Institution Press, 2008, p. 44

Ahmed, ibid. , p. 4

Miranda Vickers, "Islam in Albania", Balkan Studies Series, 9/ Defence Academy of United Kingdom, March 2008, p. 1

Adrian Brisku, Bittersweet Europe: Albanian and Georgian Discourses on Europe, 1878 2008, 2013, p. 157

Shafa, ibid. , 04. 05. 2016

ئەوەی ڕەفسەنجانی و خاتەمی لە ئێران بونیادیان نا

سیاسەتی دژ بە خۆرئاوایی موحافیزکاران تێکی دەشکێنێت

کلیمێنت سێرمی*
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

دەبوایە کۆمپانیاکان بۆ خۆپاراستن لە سزادان لە لایەن ئەمریکاوە و سەرپێچی نەکردنیان لە بڕیارەکان، ڕۆژی 6ی ئاب 2018 پابەند بن بە یاسای ئەمەریکیی پەیوەست بە گەمارۆکانی سەر ئێران. هەنووکە زۆربەی کۆمپانیا ئەوروپییەکانی وەك پی ئێس ئەی و تۆتاڵ ڕایان گەیاندوە کە واز لە کارکردن لەم ولاتە دەهێنن. دەسەلاتدارانی ئێرانی تووشبوو بە فشار و گەمارۆی ناوخۆیی، کەوتوونەتە بەردەم ئەم پرسیارە، کە دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکەن. بڕیار و ڕاگەیاندنی کشانەوەی دۆناڵد ترامپ لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی، حکوومەتی ئێرانی خستوەتە بەردەم لێکدڕییەکانییەوە. لە واقیعدا، گوتاری دژە ئەمریکایی هاوڕای لیبرالیزمێکی نوێیە کە یەکانگیر نییە لەگەڵ ئابووریی وابەستە بە نەوت و جیهانگیریی ژێر دەسەلاتی توانای واشنتۆنەوە، کە لە سەروبەندی سەپاندنی دووبارەی بەرنامەڕێژی گەمارۆکانی یەکلایەنەی ویلایەتە یەکگرتوەکان (لە نیوان ئاب و تشرینی دووەمی 2018)، دەربارەی کاردانەوەی ئێران هێشتا بە جێی پرسیار ماوەتەوە کە کەوتبوە ژێر کاریگەریی دوو هۆکاری سەرەکییەوە.

هۆکاری یەکەم: پابەندبوونە بە مانەوەی حکوومەتی ئیسلامی، چونکە زیاتر لە 39 ساڵ دوای شۆڕش، کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆی شکستە ئابوورییەکانیەوە سەردەمێکی دژوار لەژێر گەمارۆ تونددەکاندا تێ دەپەڕێنێت. زۆربەی خەڵکی ئێران پێیانوایە دانانی بابەتی ئابووری لە چەقی بەرنامەی سیاسیی وڵاتەکەیاندا پابەندبوونێکی بنەڕەتییە، کە گوشاری زیاتر دەخاتە سەر بڕیاردەرانی ئێران دەربارەی مانەوە، یان کشانەوە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی 14ی حوزەیرانی 2015. گەشەی ئابووریی وڵات لە 6.5% لە ساڵی 2016 بۆ 3.3% لە 2017 کەم بوەتەوە و دەبێت نوێکردنەوەی گەمارۆکانی ئەمەریکی ئەم کەم کردنەوەیەی زیاتر کردبێت و تەنانەت سەربکێشێتە داوەستان. سەرەڕای ئەمانەیش، ستراتجییەتی نوێی ئەمەریکا پشتبەستوە بە گۆڕینی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە بێ دەستێوەردانی سەربازیی. بەمەیش، ئامانج ئەوەیە کە ترس هەیە سەر بکێشێتە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری دژی کۆماری ئیسلامی. بە دەستەواژەیەکی تر، ئیدارەی ترەمپ نیازی وایە کۆماری ئیسلامی شپرزە بکات تا دەستبەرداری سیاسەتی ناوخۆیی ببێت، کە لە ڕوانگەی سعوودیە و ئیسرائیلەوە دەسەلاتخوزانەیە، لە کاتێکدا ئەوان ڕکابەرانی ناوچەیی ئێرانن.

ڕیفۆرمی ئابووریی لێکەوتەی ناڕەزایی

لێرەدا مەترسییەکی دوو لایەنە بوونی هەیە: یەکەم، ئەم ستراتیجییە مەترسیی زیاتر سەرکوتکردنی جوواڵنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (خوێندکاران، کرێکاران، هەڵسووڕاوانی ژینگە و هەتا دوایی) هەیە لە لایەن حکوومەتەوە. ئەم مەترسییە لە قۆناغی داهاتوویش بوونی هەیە، کە کۆماری ئیسلامی بۆ باڵادەستییەکی ئایینیی - سەربازی بگۆڕێت. بەم شێوەیە، حەسەن ڕوحانی سەرۆک کۆماری نوێی دووبارە هەڵبژێرراوی هەڵبژاردنەکان لە 2017، لە کاتێکدا کە سێ ساڵی ماوە بۆ تەواوبوونی ماوەی ئێستای سەرۆک کۆماریی دوو هێند لاواز بوە. حەسەن ڕوحانی لە ناوخۆ ڕووبەڕووی شەپۆلێک لە بایکۆت و خۆپیشاندان بوەتەوە کە سیاسەتی ئابووریی لیبرالی نوێ، پێشنیاری سندووقی دراوی نێودەوڵەتی (FMI) پەلکێشی ململانێ دەکات و توانای بەرگرتن

یان سنووردارکردنیانی نییە. لە جاری یەکەمی بوونی حەسەن ڕوحانی بە سەرۆک کۆمار، ئێران کۆمەڵێک چاکسازیی ڕیشەیی ئەنجام داو هەوڵی دا بەهای دراو جێگیر بکات، بەهای هەڵاوسان کەم بکاتەوە و بارودۆخی ئەو بانکانە چاک بکات کە خاوەن قەرز بوون، بەڵام توانای وەرگرتنەوەی قەرزەکانیان نەبوو، کەچی ئەم هەنگاوانە کاریگەریی نادروستی لە سەر ئاستی ژیانی چینەکانی خوارەوە هەبوو. ژمارەیەک لە پاشەکەوتکاران پاشەکەوتەکانی خۆیان لە دەست دا. جێبەجێکردنی «بەواقیعیەتکردنی بەهاکان»، بەهای ماددە سەرەتایی و کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی بەرز کردەوە، کە کۆماری ئیسلامی دەستگرۆیی دارایی کردبوو تا نرخی ئەم مادانە جێگیر بکات.

دوەم، دەبوایە کاردانەوەی ئێران بە پێی بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی کۆماری ئیسلامی و جێبەجێکردنیان لە چوارچێوەی سیاسەتی واقیعی (ڕیاڵیستیك پۆلەتیک) دەوە شرۆڤە بکرێت. ئەم پابەندبوونە دوو لایەنە لەو دامەزراوانەیە کە لە ناویاندا هاوڕایی دەربارەی «ئاساییشی نەتەوەیی» هەیە بە پێناسەکردنەوەی جیاواز، وەک نموونە، ڕابەر بە زمانی شۆڕشی ئیسلامی و ڕکابەرانە باسی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات، لە کاتێکدا حکوومەت و وەزارەتی کاروباری دەرەوە باسی ڕێزگرتن لە مافە نێودەوڵەتییەکان و داکۆکی کردن دەکات لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، دژبەرییەک لە نێوان لیبرالیزمی ئابووریی پێشنیازی میانڕەوەکان و ڕیفۆرمخوازان و سروشتی کاری حکوومەت بوونی هەیە، کە پشتبەستوە بە ئابووریی کۆمەکی دارایی و دژە ئەمریکاگەرایی ئایدیۆلۆژی میراتی فیکری ئیمام خومەینی لە ناو دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی (پاسدارانی شۆڕش، دەسەڵاتی دادوەری، لە نێوان ڕابەر و ئەوانی تر). بەمەیش، شکستی لە سەرەتاوەی

ترامپ بەر مستەکۆڵەی ئێرانییەکان کەوتووە لە تاران

دیارترین خاڵە لاوازەکانی ئابووری ئێران

هۆکارەکانی کورتهێنانی دارایی	دروست بوونی کورتهێنانی درێژخایەن لە بودجەی گشتی، لە کاتێکدا لە ساڵی دارایی 2016ـ2017 تێکڕای داهاتەکانی دەوڵەت گەیشتە 1971 تریلیۆن ڕیاڵ	
کەمبوونەوەی سەرچاوەی داهات	داهاتی ناوخۆیی ئێران بە پلەی یەکەم پشت بە دوو سەرچاوەی سەرەکی دەبەستێت (باجەکان، داهاتی فرۆشتنی نەوت)، کە لە ئێستادا کەمبۆتەوە بەهۆی سەپاندنی سزا نێودەوڵەتییەکان و هەڵئاوسان لە ناوخۆدا. نەوت ڕێژەی 35.5٪ و باجە ڕێژەی 45.6٪ی داهات پێکدەهێنێت	
زۆربوونی قەبارەی خەرجییە گشتییەکان	داهاتی ناوخۆیی ئێران بە پلەی یەکەم پشت بە دوو سەرچاوەی سەرەکی دەبەستێت (باجەکان، داهاتی فرۆشتنی نەوت)، کە لە ئێستادا کەمبۆتەوە بەهۆی سەپاندنی سزا نێودەوڵەتییەکان و هەڵئاوسان لە ناوخۆدا. نەوت ڕێژەی 35.5٪ و باجە ڕێژەی 45.6٪ی داهات پێکدەهێنێت	
بەرزبوونەوەی نرخی بەکاربردن	بەپێی بانکی ناوەندی ئێران ساڵی 2017 تێکڕای نرخی بەکاربردن بە ڕێژەی 11.9٪ و نرخی مادە خۆراکییەکان بە ڕێژەی 17.8٪ بەرز بۆتەوە، بەم هۆیەشەوە ژمارەی هەژاران و خاوەن داهاتە کەمەکان لە زیادی کردووە و بەهۆی خراپی بژێوییانەوە زیانیان بەردەکەوێت	
بەرزبوونەوەی نرخی سود بەهۆی هەڵئاوسانەوە	وەک هەمیشە بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵئاوسان دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی نرخی سود، بە جۆرێک کە بەرزترین ئاستی کورتهێنانی گشتی تۆمار کردووە. هەرچەندە ئەم سیاسەتە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیڕەو دەکرێت بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە نرخی پاشەکەوتکراوەکان	
بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری	بەهۆی سەپاندنی سزا ئابووریەکان و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و کەمی وەبەرهێنانەوە دەرفەتەکانی کار کەمبوونەوە، ڕێژەی بێکاری لە ئێران بەرز بۆتەوە	
دابەزینی بەهای ڕیاڵی ئێرانی	بەرزبوونەوەی ئاستی خستنەڕووی دراو بووەتە هۆی دابەزینی نائاسایی بەهای هاوبەرامبەریی ڕیاڵ لە ماوەیەکی ڕێژەیی کەمدا، کە تێکڕای دابەزینی ساڵانەی بەهای ڕیاڵ گەیشتووەتە 32٪	
شکستهێنانی سیاسەتی نەقدی	هەرچەندە سیاسەتی نەقدی ئێران سیستمی نرخی دووسەرە لە بازاڕدا پەیڕەو دەکات، بەڵام بەهۆی خراپی باری ئابووری و کورتهێنان و کەمبوونەوەی ئاڵوێرە بازرگانییەکانەوە بەهای دراوی ئێران زۆر دابەزیوە بە جۆرێک کە یەک دۆلار بەرامبەر بووە بە 40000 ڕیاڵ	
سەرچاوە: https://gulfhouse.org/posts/1876	ئامادەکردنی: سابیر عەبدوڵڵا	

قۆناغی دوەمی سەرۆک کۆماری حەسەن ڕوحانی چەندین پرسیاری دەربارەی یەکگرتوویی دروشمەکانی شۆڕشگێڕی دژە ئەمریکایی کە لە نوێژەکانی هەینی دەگوترێتەوە و گەڕانەوەی سەرکەوتوانەی ئێران بۆ ئابووریی بەجیهانیبووی ژێر دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەوروژێنێت.

بەهێزکردنی موحافیزکاران

بەم شێوەیە، کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ڕێکەوتنی حوزەیرانی 2015، هەڵوێستی نەیارانی یەکلاکەرەوەی ڕاسپێررا لە لایەن سەرۆک کۆماری هەڵبژێراو بۆ جاری دوەم بەهێز دەکات. هەڵبژاردنی تەمپ بۆ ئەم باڵە پشتگیریکردنی ئەو لۆژیکەیە

کـه بەرانبـەر سیاسـەتی ئەمریـکا هەیانـە. بـە پێـی ئـەم ڕایـە، وێلایەتـە یەکگرتـووەکان بـە گوێـرەی سروشـتی خـۆی دژایەتیـی کۆمـاری ئیسـلامی دەکات و لـە نێـوان بـاراک ئۆبامـا و دۆنالـد ترامـپ تاکـە شـێوەی کاردانەوەیـە کـە جیاوازیـی هەیـە. هـەر وەک ئایەتوللا عەلـی خامنەیـی دەڵێـت: «حکوومەتـی ئەمریـکا، هـەر لـە سـەرەتای شۆڕشـەوە دوژمنـی سـەرەکیی میللەتـی ئێـران بـووە». پـێ ناچێـت ئـەم بۆچوونـە لـە نێـو ئێرانییـەکان لایەنگرێکـی ئەوتـۆی هەبێـت کـە لـە نـاو محافـزکاران لایەنگـری زۆرە. دروشـمێک شـایەتی ئـەم کارەیـە کـە وتارخوێنـی هەینیـی پارێـزگای ئەسـفەهان لـە نوێـژی هەینـی مارسـی 2018 بـەرەو ڕووی نوێژخوینـان گوتـی: «پشـت لـە دوژمـن و ڕوو لـە میللـەت» (ڕادیـۆی فـەردا، 17ی مارسـی 2018). گروپەکانـی نزیـک لـە موحافیـزکاران بـە سـنووردارکردنی ڕێکەوتنـی سـاڵی 2015، تەنهـا ڕۆڵ لـە بابەتەکانـی ناوکـی لـە مانـەوەی دوژمنکاریـی ئێـران – ئەمەریـکا دەبینێـت. ئـەم دوژمنکارییـە سـەقامگیربوەی ئێـران ئەمەریـکا – لـە دۆسـیە سیاسـییەکانی ناوچەیـی، مافەکانـی مـرۆڤ یـان بەرنامـەی موشـەکە بالیسـتییەکاندا درێـژەی کێشـا. بەمەیـش، سەرسـوڕهێنەر نییـە کـە تونـدڕەوە ئیسـلامییەکان هێـز و وزە لـە موحافیـزکاری نوێـی دژە ئەمەریکایـی وەرب‌گرێـت، چونکـە ڕووبەڕووبوونـەوە لـە نێـوان سەرسـەختترینەکانی هـەر دوو لا، سـەرئەنجام سـەر دەکێشـێتە پەراوێزخسـتنی میانڕەوەکانیـان.

لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەیشـدا، هەبوونـی تێکهەڵچوونـی نوێـی ئێـران- ئەمەریـکا، حکوومەتەکانـی ئەوروپـا دەخاتـە بارێکـی نیگەرانـەوە، دەبێـت ئەمـان بـە ناچـاری مامەڵـەی بازرگانـی خۆیـان لەگـەڵ ئێـران کـەم بکەنـەوە و ئـەم کارە لـە ڕوانگـەی ئابووریـیەوە وا دەکات ئـەم وڵاتـە بگلێتـە داوێنـی چینـەوە. هاوکاتـی ئـەم کارە، ڕووسـیا دەتوانێـت دەسـەڵاتی خـۆی لـە ئێـران، بـە تایبـەت لـە بەشـەکانی سـووتەمەنی، ناوکـی و چەکوچـۆڵ زیـاد بـکات. داموددەزگاکانـی حکوومەتـی ئێـران کـە لـە بوونـی دوژمنـکاری لەگـەڵ ئەمریـکا سـوود لـە شـێوەی ئاڵۆزییـەک لـە زوڵملێکرانـی گەمـارۆدراو دەبینێـت (هەسـتکردن بـە گەمارۆدراویـی لـە هەمـوو لایـەک و هەمیشـەیی)، دەتوانێـت ڕێـگای کاردانـەوەی میانـڕەو لـە هەڵکشـانی کێرڤـی تێکهەڵچـوون لەگـەڵ ئەمریـکا هەڵبژێرێـت، تـا بتوانێـت بەتوانـای خـۆی دەرۆسـتی ململانێـی سـەرەکیی، واتـە خۆپیشـاندانی کۆمەڵایەتـی – سیاسـی بێـت. خۆپیشـاندانەکان زیادیـان کـردوە کـە لـەم سـاڵانەی دواییـدا، بـە بـێ ئـەوەی گـوێ بـە هۆکارەکانـی خۆپیشـاندانی خەڵـک درابێـت. هـەر چەنـد لـە ئێـران کەمینەیەکـی بـاوەڕ بـوو بـە ئایدیۆلۆژیـای کۆمـاری ئیسـلامی، ئایەتوللا خومەینـی بوونـی هەیـە، نابێـت بـێ ئاگابیـن لـە بوونـی هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە شـەیدای ئازادییـن و هـاوکات لـە سـەرهەڵدانی پشـێویی و ئاڵـۆزی پاشەکشـەی هاوشـێوەی سـووریا دەترسـن.

شکستی مۆدیلی چینی

هەنووکـە کۆمـاری ئیسـلامی بـاش دەزانێـت کـە تەنانـەت ئێسـتا ئـەو خۆشەویسـتییەی جارانـی لـە لادێـکان و تەنانـەت شـارۆچکەکانیش نەمـاوە، بـە پێچەوانـەی تێگەییشـتنی لـە جـاران زیاتـر بـە ئاشـکرا و شـایانی بینیـن لـە شـوێنە گشـتییەکان، گرینگتریـن بیانـووی کۆمـاری ئیسـلامی ترسـانە لـە پشـێوی، قۆرخکردنـی بەکارهێنانـی هێـز و توانـای دووبـارە دابەشـکردنەوەی پـارەی داهاتـی نەوتـە لـە نێـوان لایەنگرانیـی. گومانـی تێدانییـە کـە لاوازبوونـی ئایدیۆلـۆژی لەنـاوەوە دژ بەیەکـە بـە ڕوانینێـک کـە بـە تایبـەتی لـە سـعوودیە و ئیسرائیـل – سـەبارەت بـە بوونـی بەرزەفڕانـەی خۆبەزلزانـی ئێـران لـە ئاسـتی ناوچەیـی بوونـی هەیـە.

لـە ناوخـۆدا، بەرنامـەی ڕیفۆرمخـوازان و میانـڕەوەکان بـە ئامانجـی دابینکردنـی گەشـەی وڵات بـە پەیڕەویکـردن لـە مۆدێلـی چینـی شکسـتی هێنـاوە. بـە هەمـان شـێوە، بەکارهێنانـی سیاسـەتێکی دەرەوەیـی بـە پێـی نزیکبوونـەوە لـە وڵاتانـی ئەوروپییش بە پاشەکشـەکردنی

ژمارەیەکـی زۆر لـە دامـەزراوە ئەوروپییـەکان بوەتـە بڵقـی سـەر ئـاو. چارەسـەری پێشـنیاری موحافیـزکاران لێکـدۆ دێتـە بـەر چـاو. لـە ڕاسـتیدا، دامـەزراوە حکومـی و نیـوە حکومییـەکان سـوودوەرگرانی سـەرەکی بـوون لـە سیاسـەتی کرانـەوەی ئابووریـی ڕووحانـی. هـاوکات، هەمـان گروپـی موحافیزکارانـە لـە پانتایـی سیاسـیدا، بـە بەڵگـەی کولتووریـی دژایەتیکرانـەوە بـەرەو خۆرئـاوا دەگـەن. لـە لایەکـی تـرەوە، بەرنامـەی سیاسـەتی دەرەوەیـان دەبێتـە هـۆی وابەسـتەبوونی ئێـران بـە چیـن و ڕووسـیاوە کـە توانـای هاتنەدیـی خەونـی سـەربەخۆیی شـۆڕش نـادات. لـە بەرەبەیانـی کشـانەوەی ئەمریـکا لـە ڕێکەوتنـی ناوکـی، پێدەچێـت بەرنامـەی «خۆگۆشـەگیرکردنی» وڵات قـووڵ دەبێتـەوە. مەگـەر ئـەوەی کـە خۆپیشـاندانی جەمـاوەری سـەر بکێشـێتە گۆڕانـکاری لـە سـتراتیژیەتی نێودەوڵەتـی دەسـتەبژێرانی سیاسـی - ئایینیـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـەوە.

دوا خـاڵ کـە گرینگیشـە ئەوەیـە، زۆر جـار ئـەم بابەتـە دەخرێتـە ڕوو کـە حکوومەتـی ئێـران بەرزەفـڕی «خۆبەزلزانانـە» و تەنانـەت «دەسـەڵاتگەرایانە»ی لـە ئاسـتی ناوچەیـی دا هەیـە. لـەم چەمکـەدا، بابەتـی ئێـران هاوشـێوەی نمونـەی ڕووسـیایە کـە ماکسـیم سـوچکۆف جەختـی لـێ دەکاتـەوە. ئـەم لایەنـەی «نەتەوەگەرایـی» یـان «دەسـەڵاتخوازانە» کـە دەدرێتـە پـاڵ دەسـەڵاتدارانی ئێـران، بـە تایبـەت لـە دونیـای عـەرەب بوونـی هەیـە و بە هەڵـە بـە شۆڕشـگێڕی کۆمـاری ئیسـلامی وەردەگیرێـت، لەگـەڵ ئەوەیشـدا، هـەر چەنـد لـە گوتـاری سیاسـی دا بـۆ بەکارهێنانـی ناوخۆیـی سـەرهەڵدانی جۆرێـک ئیسـلامیی نەتەوەگەرایـی دەبینرێـت، دەبێـت بـە ناچـاری ئـەوە قبـوڵ بکەیـن کـە کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هـەوڵ دەدات لـە دونیـای ئیسـلامدا ڕووی ئایینیـی ناسـنامەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران زیاتـر لـە ڕووی نەتەوەیی بیـر بهێنێتەوە. هەڵبەتـە، ئـەم دوە لـە زیهنـی نوخبـەی سیاسـی - ئایینیی دا بـە یەکـەوە بـە هەڵـە وەردەگیرێـت، بـەڵام هەنووکـە ئـەم گوتـارە بـە خۆپیشـاندان دژی کۆمـاری ئیسـلامی (سـاڵی 2009 و پاشـان سـاڵەکانی 2018 - 2017) لاواز بوە و زۆر جـار لـە دەرەوەیـش کۆمەڵگەکانـی جێپشـتیوانیی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـی وەک عێـراق، کەنـداوی فـارس، پاکسـتان یـان ئەفغانسـتانیش مەزهەبەکانـی ئێـران ڕەت دەکەنـەوە.

دەکرێـت ئـەم پشتبەسـتنە بـە ئەندێشـەی نەتەوەیـی لـە ئێـران، دوو کاریگەریـی دژبەیەکـی هەبێـت: یـان ببێتـە شـێوەی ئارگۆمێنتێـک بـۆ سـەردەمێکی تـازە لـە گۆشـەگیربوونی ئابـووری لـە ڕای گشـتیی ئێرانییەکانـدا، یـان ببێتـە بنەمایـەک بـۆ پێناسـەکردنەوەی سیاسـەتێکی دەرەوەیـی گونجاوتـر لەگـەڵ بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی، بـە تایبـەت دەربـارەی بابەتەکانـی ئابـووری.

*** لێکۆڵەر لە بەرنامەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوە:**

لوموند دیپلۆماتیکی فارسی، حوزەیرانی 2018 کـە توسـط رفسـنجانی و خاتمـی سـاخته شـده اسـت

ایـن سیاسـت توسـط غربـی هـا توسـط محافظـه کاران نابود شـده اسـت

نوێترین بڵاوکراوەکانی
دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە